خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی
سێپتامبری ٢٠١٢

# ژنان

گۆڤاری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان



دیمانە

## ژن و هەستی بڕوا بە خۆ بوون

ڕۆژین شەریفی : ژنانی کورد هێندەش دڵیان
بە قانون خۆش نیە و ترس و خۆف لە پیاوانی
تووڕە لە ناخی تەکی تەکی ژنانی ئێمە ریشەی داکوتاوە

## سەدەی بیست
## سەدەی ڕابوونی ژنان

## جینسیەتی بوونی سیستەمی
## پەروەردە و فێرکردن لە ئێران

## هەوڵەکانی ژنان و ئاستەنگەکانی
## بەردەمیان بۆ پێشکەوتن لە
## کومەڵگەی ئێران دا

٣٥

## ئازادی بۆ ژن
## بەختیاری بۆ کۆمەڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنان

## وەرزانیەکی

**سیاسی ، کۆمەڵایەتی**

**فەرهەنگی و ئەدەبیە**




**سەرنووسەر**

حەلیمە ڕەسووڵی

**دەستەی نووسەران**

کویستان فتوحی
عیسمەت نەستانی
ڕۆژە عەزیزی

**هاوکاران**

شەونەم هەمزەیی
مەندانە حەبیب زادە
بێگەرد عەلی پوور

**دیزانی بەرگ و ناوەرۆک**

ئاسۆ پیرۆتی

**تایپ**

نەشمیل قادری

سەروتار



## ئاوڕێک لە ڕابردوو ، هیوایەک بۆ داهاتوو

( بە بۆنەی ٦٧ ساڵ تێکۆشانی ژنان لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا )

بۆ پێشکەوتن‌و گەشەکردنی پرۆسەیەکی سیاسی، بەشداریی هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگا لە سیاسەتدا پێویستەو ڕیشەی فەرهەنگی- سیاسیی هەر کۆمەڵگایەک لە رابردووی ئەم کۆمەڵگایەوە سەرچاوە دەگرێ. بەشداریی ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا بە درێژایی مێژووی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بۆتە هۆکارێک بۆ بە هێزکردنی بڕیارەوەرگرتن لە سەر ڕووداوەکان‌و هەروەها ڕێگایەکە بۆ هاوخەباتی‌و هەوڵ بۆ ژیانێکی ئارام‌و بەرابەر لە داهاتوودا. بەشداریی ژنان لە خەباتدا تا ئێستاش خاوەنی بایەخەو ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو ژنانێکی چالاک‌و خاوەن‌مێژوو کە خاوەنی قورساییی بە جۆرێک تێکۆشانیان لە بارودۆخی ئێستادا لە نێو کۆمەڵگادا جێی گرتوە. ئەگەر هێندێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە لە 25 ی گەلاویژی سالی 1324ی هەتاویدا بەرامبەر بە 16ی ئووتی 1945ی زایینی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا ئەو حیزبە بوو بە نوختە گۆڕانێکی گرینگ بۆ سەر ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چەندین هەنگاوی هەڵگرت بەرەو بەشدارکردنی ژنان لەژیانی کۆمەڵایەتیداو حیزب بە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی ژنان پەرەی بەچالاکی‌یەکانی خۆی دا. تەنانەت لەکاتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگی `سەربەخۆیی کوردستان` دا کە چەندەها کەس لە کەسایەتی‌یەکانی ئەو سەردەم وتاریان پێشکەش کرد لە نێویاندا دوو ژنیش هەبوون هەردووکیان مامۆستای خوێندنگەی کچان بوون، ئەوان لە وتارەکانیاندا ڕێزیان لەسەربەخۆیی کوردستان گرت و لەسەر پێویستیی بەشداریی چالاکانەی ژنان لەخەباتدا پێیان داگرت. هەروەها ژنانیش بە پشتیوانیی ڕێبەرانی ئەو سەردەم‌و لە هەمووشیان زیاتر شەخسی پێشەوا قازی محەمەدو خیزانەکەی مینا خانم ڕێکخراوێکیان بۆ خۆیان دامەزراند ئەویش لە سەردەمێکدا کە کۆمەڵگەکەمان کۆمەڵگایەکی عەشیرەیی‌و فیئۆدالیستی‌و پیاوساڵارو سوننەتی بوو. بەڵام ساڵی 1946ژنان توانیان بە شێوەیەکی زۆر باش‌و بە هیممەتی ڕێبەرانی حیزب‌و کۆمار خۆیان لەم کۆیلایەتی‌و داب‌ونەریتە سوننەتییانەی کۆمەڵگای کوردەوای دەرباز بکەن‌و بە وزەو ورەیەکی تازەوە هاتنە مەیدان‌و هەر لەو کاتەوە بیرۆکەی ڕزگاربوونی ژن بووە بە ئایدۆلۆژی‌یەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان . ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵانێکی زۆرە بە پشتیوانیی خەمخۆڕان‌و دڵسۆزانی ڕیزەکانی حیزبی دیموکڕات وە دوای ماف‌و ئازادی‌یەکانی خۆیان کەوتوون‌و لە ژێر ناوی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان کە دەکرێ بڵێین هاوتەمەنی کۆماری کوردستان لە مهابادە دژی ڕێژیمەکانی ئیستبدادی ، پاشایەتی و کۆنەپەرستیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕاوەستاون . بە تایبەتی ژنان لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا زۆرتر هەوڵیان داوە بە شێوەیەکی سەردەمیانەتر خۆیان لە گەڵ بارودۆخی سیاسیی ئێستاکە ڕێک بخەن‌و چ لە ئاست کارکردن بۆ ژنان‌و چ لە پێناو خەبات بۆ ڕزگاری گەل و بزووتنەوەی خەباتکارانەی خەڵکی لە کوردستاندا خۆیان بە هێز بکەن . ژنان پاش شوڕشی گەلانی ئێران سەرەڕای هەموو کۆسپ‌و بەربەستێک تا ئێستا وەک هێزی پێشمەرگە لە مەیدانی بەرخۆداندا بوون ئێستاش کە قۆناغی خەباتمان خەباتی چەکداری نییە ژنان بە خۆشی‌یەوە لە ئۆرگانەکانی حیزبیدا سازمان دراون‌و ئەرکیان پێ سپێردراوە. بە خۆشی‌یەوە حیزبی دێموکڕات تا ئێستا بەردەوام هەوڵی داوە ببێتە چەترێک بۆ لێک نیزیک کردنەوەی ژنانی خەباتکارو هاوئامانج لە یەکتری بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن هاوکاری یەکتری بکەن‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان هەبێ. ئەگەر ئەو ڕەخنەیە لە سەر حیزبەکان هەیە کە ژنان لە حیزبەکاندا پێگەیان لاوازە ئێستاکە دەکرێ بڵێین هێندێک بارودۆخەکە گۆڕاوە. ژنان لە هەوڵدان کە ئامرازێک نەبن بۆ ڕازاندنەوەی سیمای حیزب‌و لە چوارچێوەیە کی بەرتەسکدا دەسەڵاتیان هەبێ. بە پێچەوانە،ئیستا کە ژنانی حیزب لە ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال سووسیالیستدا جێگایان بۆ خۆیان کردۆتەوە . ئێستاکە ژنانی خەباتکار لە بواری پراکتیکدا ڕۆڵ‌و دەوریان لە خەباتی سیاسیدا هەیە. حیزبی دیموکڕاتی کوردستان لە ئێستادا بە کەڵک وەرگرتن لە میکانیزمی هەڵاواردنی پۆزەتیڤ واتە تەبعیزی موسبەت حەولی داوە ڕێژەیەک لە ژنان لە ئاستی سەرەوەی دەسەڵاتدا جێگیر بکاوئەگەرچی ڕوانگەی جۆراوجۆر لە سەر ئەم بڕیارە هەیەو هێندێک کەس زۆر بە باشی نازانن‌و لە سەر ئەو ڕایەن کە بە قەولی کوردەواری زۆری‌و بۆریی زۆر مکانیزمێکی گونجاو نییە بەڵکوو وا باشترە کە لە هەوڵی ئەوەدا بین کە ژنانێکی وشیارو نەترس‌و چاو کراوە لە پۆستە گرینگەکاندا بەشدار بن . هەڵبەت ئەمانە هەمووی ڕوویەکی باسەکەن بەڵام ڕووەکەی دیکەی باسەکە هێندێک ڕاستیی تێدا هەن کە دەبێ باسیان لێوە بکرێ دەبێ حیزبە کوردیەکان و بە تایبەتیش حیزبی دیموکڕات زۆر زیاتر لەمانە مایە بۆ ژن دابنێ‌و هەوڵ بداو متمانە بە ئیرادەی ژنان بکات و خۆی لەو نۆرمە کۆمەڵایەتیە پیاو سالارانەی کە تا بەئێستاش ماونەتەوە بە تەواوی دەرباز بکاو زیاتر لە ڕابردوو خەبات بۆ بەرابەریی نێوان مرۆڤەکان مەبەستم ژن و پیاوە بکەن بە ستراتیژی‌و هەوێنی خەبات‌و چالاکیی نێو حیزبەکەیان‌و ببن بە دەنگێک بۆ ژنان بە مەبەستی ئاگاکردنی کۆمەڵگا لە مافەکانی ژنان و کێشەکانیان‌و هەوڵ بدات بۆ بە خەسار ناسی‌کردنی کێشەی ژنان‌و دۆزینەوەی ڕێگا چارەکان و سازدانی باڵانسێکی موناسب و بەجێ لە ژیانی مرۆڤی کورد دا بە ژن و پیاوەوە. پێویستە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان زیاتر لە ڕابردوو هەست بە بەرپرسیارێتی بکات لە ئاست پرسی ژنان‌و لە هەوڵی پەروەردە کردنی ژنانی نێو ڕێزەکانی خۆی وڕاکێشان و جەزبی ژنانی چالاکی دەرەوەی حیزب بۆ لای خۆیدا بێ . حیزبی دێموکڕات ئێستاکە بە خۆشی‌یەوە لە بوواری دیپلۆماسی‌یەوەو لە نێو کۆڕە جیهانی‌یەکانی مافی مرۆڤ جێگەیەکی قورس‌و شیاوی هەیەو هەر لەو سۆنگەیەشەوە پێویستە بۆ وەی لە کاروانی خەبات بۆ بەرابەریی مافی مرۆڤ بەجێ نەمێنی پتر لە ڕابردوو پرسی ژنان بکا بە یەکێک لە ئامانجە سەرەکی‌یەکانی تیکۆشانی. خۆی‌و هەوڵ بدات خۆی ئابدێت‌و بە ڕۆژ بکاتەوە بۆ ئەوەی لە گەڵ کۆڕو کۆمەڵە جیهانی‌یەکانی مافی مرۆڤ هاوپەیمان‌و هاوئاهەنگ بکا.

سەرنووسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


١ سەروتار
٣ دیمانە
٧ فیمینیزم چیە ؟
١١ دیمانە " ڕۆژین شەریفی"
١٣ ژن ئەستێرە
١٤ ژن لە دونیای وێب دا
١٥ بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان
١٩ سیاسی
٣٠ زانستی
٣١ تەندروستی
٣٣ کۆمەڵایەتی
٣٩ لاپەڕەی ژیانی ژنێک
٤٠ ئەدەبی
٤٣ کەیبانو
٤٥ پەیامەکان
٤٨ هەواڵ
٥٦ فارسی
٦٠ ئینگلیسی












پەیوەندی بە یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

Email : yjd.kurdistan@yahoo.com

Tel : +964 770 210 3121

پەیوەندی بە سەرنووسەر :

facebook : helime.resuli





# دیمانه



حەلیمە ڕەسوڵی

## ئاژانسی دەنگوباسی وارڤین ڕێکەوتی ٢٠١٢/٩/٦ دیمانەیەکی لەگەڵ سەرنوسەری گۆڤاری ژنان پێکهێنا. ئەمەی خوارەوە دەقی ئەم دیمانەیەیە.

حەلیمە رەسوڵی: هۆکاری سەرەکی قەیرانی ژنانی ئێران بوونی کۆماری ئیسلامییە

وارڤین – هەولێر: ژنە چالاکوان و راگەیەندنکاری خۆرهەڵاتی کوردستان خاتوو (حەلیمە رەسوڵی) لە گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانی تایبەت بە (وارڤین) رایدەگەیەنێت، کۆماری ئیسلامی ئێران بە درێژایە تەمەنی بە یەك وشەش دانی بە مافی ژناندا نەناوە و هۆکاری سەرەکی گرفتەکانی ژن لە کۆمەڵگەی ئێراندا بوونی کۆماری ئیسلامییە و سەبارەت بە حزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانیش دەڵێ: قورسایی و هەژموونی پیاوسالارییان پێوە دیارە، ئەو کارکردن و هەماهەنگی نێوان رێکخراوەکانی ژنان لە خۆرهەڵات و باشووری کوردستان بە پێویست دەزانێت و وردەکاری زیاتر لە بارەی رەوشی ژنان و پێگەیان لە خەباتی سیاسی خۆرهەڵاتی کوردستان دەخاتەڕوو.

ئەمەی خوارەوە دەقی گفتوگۆکەیە:

### تەوەری یەکەم: ژنان لەناو حزبدا

وارڤین: سەرەتای تێکۆشانی رێکخراوەیی و سیاسییانەی ژن لە خۆرهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی دێرینی هەیە، لەو مێژووەدا دەتوانیین بڵێین ژنان چیان بەدەستهێناوە؟ نەخشیان لەسەر رووداوەکانی ئەو مێژووە درێژە چی بووە؟

حەلیمە رەسوڵی: لە راستی دا جوڵانەوەی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی سیاسی و نەتەوەیی دا هاوخەبات و هاوتەمەنە لە گەڵ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە کوردستان. ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەلومەرجێکدا هاتوونەتە گۆڕەپانی تێکۆشان کە زەبر و زەنگ و سووکایەتیکردن بە رەگەزی مێینە هەوێنی کۆمەڵگاکەمان لەو سەردەم دابووە ، کۆمەڵگایەکی تەواو پیاوسالار و نێرینە راستییەکی حاشا هەڵنەگربووە لە و سەردەمەدا، بەڵام لە ماوەی ئەو چەند دەیەیەدا، کە ژنان لە مەیدانی بەربەرەکانی داهەن و راوەستاون لە دژی ئەو ستەمانەی کە لە لایەن سیستم و دەسەڵاتەوە رووبەڕوویان دەبنەوە. دەکرێ بڵێم کە بزووتنەوەی ژنان لە بواری سیاسی و فکریەوە زیاتر گەشەی کردووە و

> حەلیمە رەسوڵی: وەك رێکخراوی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەردەوام هەوڵمان داوە کە فەزای پەیوەندی نێوان خۆمان و رێکخراوەکانی ژنان لە باشووری کوردستان بەرین و بەربڵاو بکەین و دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەین و پێکەوە دابنیشین.

سەرەڕای هەموو کۆسپ و بەربەستەکان ژنان تووانیویانە بە هیمەت و ئیرادەی خۆیان لە پێناو گەیشتن بە یەکسانی چ لە بواری نەتەوەیی و چ لە بواری رەگەزییەوە و بە واتایەکی دیکە گەیشتن بە مافگەلێکی یەکسانی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، حاڵەتێکی فەرمی بە جوڵانەوەکەیان بدەن و لە سەر داواکانی خۆیان لە بەرانبەر کۆمەڵگەی تا بە ئێستاش سوونەتی وجیاکارو دەسەڵاتی سیاسی رژێمی داگیرکار و دیکتاتۆر بەردەوام بن و هەوڵەکانیشیان بێئاکام نەبووە چ لە ناو خۆی وڵات و چ لە دەرەوە.

بۆ نموونە ئەگەر سەیری سیمای ئێستاکەی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین؛ دەبینین کە سەرەڕایی قورسایی و هەژموونی پیاوسالاری لە سیاسەتدا ژنان توانیویانە بە جۆرێك خۆیان دەربخەن و پیاوان ناچار بکەن کە دەسەڵاتی سیاسیان لە گەڵ بەشبکەن .

وارڤین: وێڕای رێکخراوی ژنانی سەر بە حزبی دیموکرات، رێکخراوی دیکەی ژنانیش هاتوونەتە گۆڕەپانەکەوە و ئایا تا چەند ئێوە وەکو ژنان توانیوتانە هەماهەنگیتان لەگەڵیاندا هەبێت بۆ کاری هاوبەش و سەرخستنی پرسی ژنان لە خۆرهەڵاتی کوردستان؟

حەلیمە رەسوڵی: لە ڕاستیدا یەکێك لە ئامانجەکانی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان سازدانی پردێکی پێوەندیە لە نێوان رێکخراوەکانی دیکەی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا. دیارە سازدانی کۆدەنگیەك لە ناو رێکخراوەکانی ژنان هەڵبەت بە بیرو ئایدۆلۆژیای جیاواز رەنگە هێندێك زەحمەت بێت، بەڵام بەو هۆیەی کە داواکاری ئێمەی ژنان داواگەلێکی رادیکاڵ و روونە، هەماهەنگی پێویستە. تا ئێستاش لەم پێناوەدا کار کراوە بۆ نموونە ماوەی دووساڵە کە بە هیمەتی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆنفڕانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەچێت، کە تێدا ژنانێکی چالاك لە هەموو حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها ژنانی سەربەخۆش بەشدار دەبن و لە کۆنفڕانسەدا باس لە گرفتەکانی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا دەکرێ وئەلتەرناتیڤ و پێشنیازەکان بۆ چارەسەری دۆخی ژنان دەستنیشان دەکرێن کە من دەتوانم ئەمە بە خاڵێکی پۆزەتیڤ وەسف بکەم .

وارڤین: رێبەری تیرۆرکراوی حزبی دیموکرات رەوانشاد دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملۆ هەمیشە ئەوەی بە بیر ژنان دەهێنایەوە کە پێویستە خۆشیان هەوڵ بدەن و مکوڕ بن لەسەر بەدەستهێنانی مافەکانیان، ئایا ژنانی ناو حزب چەندە توانیویانە لەناو حزبەکەی خۆیاندا مافەکانیان بەدەستبهێنن بەتایبەتی لە مەسەلەی گەیشتن بە پۆستە باڵاکانی حزب؟

حەلیمە رەسوڵی: بەڵێ وایە رێبەری شەهیدمان دکتۆر قاسملو گەلێك بۆچوونی بە نرخی لە سەر ژنان هەیە بۆ نموونە لە جێیەکدا بەم جۆرەی باس لە سیاسەتی حزبەکەی کردووە و فەرموویەتی: بە بیروڕای حزبی ئێمە هەرچی زیاتر ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیەك دا ژنانی تێکۆشەر بژین، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە. هەڵبەت دەبێ بڵێم ژن لە رێزەکانی حزبی دیموکرات دا بوون و حوزووریان هەیە، بەڵام رێژەی ژنانی چالاك بەداخەوە وەڵامدەری ویست و خواستەکان لە بارووددۆخی ئێستاکەدا نییە.

زاڵبوونی میتۆدی پیاوسالاری و نێر ناوەندی لە دەسەڵاتی سیاسی کوردی دا نەك هەر لە حزبی دیموکراتدا وەهای کردووە کە سەرەڕای هەوڵی پیاوانی یەکسانیخوازیش، دیسانیش ژنان نەیانتوانیوە بەو جۆرەی کە دەبێ ببنە نوخبەی سیاسی حزبەکانیان و دەربکەون، بەڵام بەو هۆیە، کە دەبێ پرۆسەو رەوتی رزگاری نەتەوەیی و رزگاری رەگەزی هاوتەریب بن و نابێ دەست لە سەر دەست دابنرێ کە

> زاڵبوونی میتۆدی پیاوسالاری و نێر ناوەندی لە دەسەڵاتی سیاسی کوردی دا نەك هەر لە حزبی دیموکراتدا وەهای کردووە کە سەرەڕای هەوڵی پیاوانی یەکسانیخوازیش، دیسانیش ژنان نەیانتوانیوە بەو جۆرەی کە دەبێ ببنە نوخبەی سیاسی حزبەکانیان و دەربکەون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان ئازاد بوو ئینجا نۆرەی رزگاری ژنانە، بەڵکو هەر وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا تێکۆشانی نەتەوەیی و تێکۆشانی ژنان دەبێ پێکەوە بەرێوە بچن.

بە زۆر هۆکاری دیکە حزبی دیموکرات لە کۆنگرەی چواردەی خۆی دا بە هێنانە گۆڕێی میکانیزمێك لە ژێر ناوی هەڵاواردنی پۆزەتیڤ لە پێناو نۆرماڵکردنەوەی ئەو لاسەنگییەی کە لە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی حزبدا دەبینرا، رێژەیەکی لە ژنان هێنایە ئاستی سەرەوەی دەسەڵات کە ئەمە بوو بە دەرفەتێك بۆ ئەوەی کە تارادەیەك شێوازی کاری سیاسی ئاڵوگۆڕی بە سەر دابێت.

هەڵبەتە سەرەڕای تەواوی ئەمانە بە باوەڕم دەبێ جیا لەوە، ژنان هاتوونەتە ناوەندەکانی بڕیاردانەوە، بەمە قانع نەبن و پێیان وانەبێ کە حزووریان بێت بەسە، بەڵکو دەبێ ئەوانیش لە رابردوو زیاتر هەوڵبدەن بۆ گۆڕێنی پێکهاتە و ساختاری سیاسی پیاوانە و قایمکردنی جێگە و پێگەی خۆیان لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەییدا و هەوڵ بۆ خۆ دەربازکردن لە پاسیڤ بوون و دیموکراتیزەکردنی جوڵانەوەی نەتەوەیی و فێمینیستی کە دەکرێ بڵێم هاوەڵدوانەی یەکترین.

شیاوی ئاماژەیە، لە کۆنگرەی پازدەی حزبی دیموکراتی کوردستان دا رەچاوکردنی بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ سەبارەت بە یەکسانی و کونوانسیۆنی سڕینەوەی هەر جۆرە هەڵاواردنێك بە دژی ژنان وەك ئەرکی حزبی پێداگری لە سەر کراوتەوە و پێویستە ژنانی ئەندامی رێبەری زۆر لە سەر ئەم بڕیارە کار بکەن و لە و پێناوەدا و وەبیر هێنانەوەی ئەم بڕیارە بۆ هاو خەباتەکانیان بکەن بە ئەرکی خۆیان و دەرفەت نەدەن ئەمە تەنیا لە چوار چێوەی دروشم دا بمێنێتەوە .

وارڤین: حزبی دیموکرات بەهۆی ئەو ناوبانگەی لە دەرەوە بەتایبەتی ئەوروپا هەیەتی دەرفەتێکی گرنگی لەبەردەم ژنان ئاوەڵا کردبوو، بۆئەوەی پرسی ژنی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە نێونەتەوەیی بکرێت، ئێوە وەکو ژنان تا چەند توانیوتانە سوود لەو دەرفەتە وەربگرن و بە قازانجی پرسی ژن بەکاری بهێنن؟

حەلیمە رەسوڵی: دیارە هەوڵی حزبی دیموکڕات لە و پێناوە دا جێگای رێزە . ژنانی ئەندامی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە تاراوگە کار و چالاکی و فەعالیەتیان هەیە. بۆ نموونە ماوەیەك بەر لە ئێستاکە، چەند خانمێك لە ئەندامانی رێکخراوی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بوون لە کۆبوونەوەی ژنانی سۆسیال ئەنترناسیۆناڵ لە شاری ئەستانبووڵ لە تورکیا رێکەوتی (٤ی پووشپەڕی ١٣٩١) ی هەتاوی بەڕێوەچوو، بەشداریانکرد و خۆیان ناساند و لە پانێلێکیشدا باسیان پێشکەش کرد.

ژنانی چالاکی ئێمە لە هەمو دەرفەتێکی رەخساو بە گوێرەی تواناییان کەڵك وەردەگرن و تازەترین چالاکیمان بەشداری نوێنەرمان لەبیستەمین کۆنگرەی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالی ژنان کە رێکەوتی (6ی خەرمانان) لەئەفریقای باشوور بەڕێوەچوو، بوو کە لەوێشدا نوێنەری یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان باسی لەگرینگی نەدان و بە جیدی وەرنەگرتنی مەسەلەی ژنان کرد.

وارڤین: ئەو دەستکەوتانەی ئێستا لەناو حزبدا بەدەستتان هێناوە ئایا تا چەندە هاوبەرانبەرن لەگەڵ ئەو قوربانیدان و ماندوو بوونەی ئێوە لە حزب کێشاوتانە، ئایا ئەوەی بەدەستهاتووە جێگەی رازیبوونی ئێوەیە؟

حەلیمە رەسوڵی: من پێم وایە ئێمەی ژنان نابێ بەوەندە رازی بین پێم وایە پێگەی ژنان تا بەئێستاش دڵخواز و ئیدیئال نییە، ئێمەی ژن دەبێ هەوڵ بدەین گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر فکر و سیاسەتمان دابێنین و رۆڵی کاراتر بە دەستەوە بگرین و نابێت بەو چوارچێوەیەی کە پیاوان بۆمانی دیاری دەکەن قەناعەتمان بێت، ئەمەش بە شەڕ و هەڵسوکەوتی ناشیاو جێبەجێ نابێت، بەڵکو بەکارو خۆ پێناسە کردن دەکرێت.

پێم وایە بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا زیاتر لە ئێستاکە بوار و دەرفەت بە ژنان بدرێ دەبێ ئێمە ژنانی رێزەکانی شۆڕش بتوانین خۆمان بسەلمێنین دەبێ ئەو دڵنیایە ساز بکەین لە لای هەڤاڵانمان، کە ئێمەی ژنانی فێمینیست هاوپەیمان و هاوخەباتتانین لە هەموو بارووودۆخێك دا و بە ئاخاوتن و دیالۆگی سەردەمیانە هەوڵ بدەین کە پێگەی خۆمان لە ئێستاکە باشتر بکەین و کەڵك لە توانا فیکریەکانی خۆمان وەربگرین و ماندوو نەبین لە خەبات بۆ سازدانی کۆمەڵگایەکی سێکۆلار و دیموکرات .

وارڤین: لە ململانێی سیاسی نێوان باڵەکانی حزبی دیموکراتدا رێکخراوی ژنانیش بووە دوو بەش، ئەوماڵجیاییە چەندە زیانی لە رەوت و توانای ئێوە وەکو ژن دا؟ نەخشی ئێوە لەو نێوەندەدا چییە؟ وەکو ژنانی دیموکرات لە هەردوو تەرەف هەڵوێستتان چییە؟

حەلیمە رەسوڵی: بە دڵنیایەوە ئەم لەت بوونە لە ویست و ئیرادەی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەدەر بووە. رێکخراوەکەمان بە شێوەی غەیرە ئیرادی بوو بە دووبەش کە ئەمەش بۆ ژنانی ئەندامی رێکخراوی یەکێتی ژنان زۆر رووداوێکی ناخۆش بوو. توانا و فیکرەکان دابەشکران، بەڵام بەوحاڵەش ئێمە ژنانی حزبی دیموکراتی کوردستان بەردەوام دووپاتمان کردووتەوە، کە بە بێ لە بەر چاوگرتنی کێشەی حزبی ئامادەین بۆ هەرچەشنە هاوکاریەك لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان لە رێکخراوی یەکێتی ژنان دا، چونکە کێشەی ئێمەی ژن کێشەگەلی هاوبەشن و ئێمەی ژنی کورد بە هەر بیرو باوەڕێکی شەخسی یا خود حزبی لە یەك خاڵ دا هاوبەشین ئەویش ئەو ستەمەیە، کە لە بەرانبەرماندا دەکرێت.

لە وەڵامی بە شێکی دیکەی پرسیارەکە دا دەڵێم بە پێی پێویست ئێمە سنووری نێوان خۆمانمان شکاندووە بۆ نموونە ئێمە ژنانی هەر دوو حزبی دیموکرات و ژنانی چەندین حزبی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە قاڵبی بەرەیەکی هاوپەیماندا و بە هۆی گلەیی لە لیژنەی ئامادەکارانی کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنی کورد (هەر چوار پارچە) کە لە هەولێر بەڕێوە چوو، بە یەکدەنگی بڕیارماندا کە لەو کۆنفرانسەدا بەشداری نەکەین.

تەوەری دووەم: رەوشی ژن لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا

وارڤین: هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ رەوشی ئێستای ژن لە خۆرهەڵاتی کوردستان چلۆنە.. لە حاڵێکدا خۆرهەڵاتی کوردستان بەدەست کۆمەڵی گیروگازی رۆشنبیری و ئاینی و کلتووری دواکەوتوانەوە دەناڵێنێ؟

حەلیمە رەسوڵی: حەز دەکەم سەرەتا باس لە سەرکەوتنەکان بکەم بە خۆشییەوە ئێستاکە رۆڵی ژنان لە بوارەکانی زانستی، کولتووری، ئابووری، سیاسی، کومەڵایەتی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە ژنان لە بوارگەلی جۆراوجۆر دا چالاکیان هەیە.

کەم نیین ئەو ژنانەی کە کاری هونەری دەکەن، ژنانی ئەدیب و ئەدەب دۆستمان دیارن، ژنان لە گۆڕەپانی راگەیاندن و .. هتد. شوێن پەنجەیان دیارە. لە ئاستەکانی خوێندن دا بە خۆشییەوە کچانی رۆژهە ڵاتی کوردستان دیارن، لەو ماوەیەدا گوێبیستی ئەوە بووین کە کچە کوردێکی خەڵکی شاری سنە بە ناوی (فەرزانە رەحمانی) لە نێو یەك ملیۆن و شەست و پێنج هەزار بەشداربووی تاقیکارییەکانی کۆنکووری سەرانسەریی ئێران دا پلەی یەکەمی وەدەستهێنا.

ئەمانە هەمووی مایەی شانازین و دەرخەری ئەمەن، کە ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا رۆڵ و حزووریان هەیە ئەویش لەژێر دەسەڵاتی ناسیونالیزمی فارسدا کە سەرکەوتنی رۆڵەکانی کورد بە شکست و نەهامەتی بۆ خۆی دەزانێت .

لە لایەکی دیکەشەوە، تا بە ئێستاش بەداخەوە توندوتیژی و سووکایەتی و کوشتن و بڕین لە کوردستان هەر ماوە، ژنان زۆر بە سانایی ئازادییەکانیان لێزەوت دەکرێت، دیارە بە شێك لە گرفتەکان لە لایەن کۆمەڵگاوەیە، بەڵام بەشێکی زۆریشی لە لایەن هەبوونی رژێمێکی دژە ژن لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دایە کە لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی دا بۆ یەك جاریش دانی بە مافەکانی ژناندا نەهێناوە و بە کەڵك گرتن لە یاسا دەستکردەکانی خۆی، بە گشتی مافی مرۆڤ و مافی ژنان پێشێل دەکات.

وارڤین: پرسی ئازادی ژن و بەدەستهێنانی مافەکانی تا چەند بووەتە رۆژەڤ لە کۆمەڵگەی کوردی خۆرهەڵاتییدا؟ بەو مانایەی کاریگەری خەباتتان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی ژنانی کورد ئاشنا بە ماف و خواستەکانیان بکەن؟

حەلیمە رەسوڵی: بەڵی ژنانی چالاك لە نێو حزب و ئۆپۆزیسیۆنی رۆژهەڵاتی کوردستان دا ئەم ئەرکە گرنگەیان لە یاد نەکردووە و پڕۆژەیان بۆی هەبووە. ئێستاکە ئێمە ژنان لە حزبی دیموکراتی کوردستان دا بە خۆشییەوە ماوەی 10 ساڵە کە گۆڤاری خۆمانمان هەیە بە ناوی گۆڤاری (ژنان) کە هەر سێ مانگ جارێك لە باشووری کوردستان دەردەچێ و چەندین ژمارەشی بەڕێ دەکرێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان.

لە گۆڤاری (ژنان)دا باس لە دۆخی ئێستاکەی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان باس لە ئازارەکانیان، لە نەهامەتییەکانیان لە ئەرك و مافەکانیان رەنگدەداتەوە. جیا لەمەش ئێمە لە (کوردکاناڵ) کە کاناڵی فەرمی حزبە بەرنامەی تاریك و روونمان هەیە، کە بەرنامەیەکە تایبەت بە (ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان) و تێیدا شارەزایان و پسپۆڕانی دۆزی ژنان بیر و بۆچوونەکانی خۆیان دەخەنەڕوو.

ئێمە لە رێگای میدیاوە پەیامەکانی خۆمان دەنێرین بۆ نێوخۆی وڵات و هەوڵدەدەین خزمەت بە ژنان بکەین و تێیان بگەیەنین، کە بۆ گەیشتن بە ئازادی دەبێ لە تێکۆشان نەوەستین، بە دەستهێنانی شوناس و سەربەخۆییمان لە گرەوی هەوڵی خۆمان دایە .

وارڤین: گرنگترین ئەو گرفتانە چیین کە لە ئێستادا رووبەڕووی ژنانی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان بوونەتەوە؟

حەلیمە رەسوڵی: پێم وایە گرنگترین کێشە لە پەراوێزخستن و کەمڕەنگ نیشاندانی کێشەکانی ژنان و هەوڵ بۆ بێدەنگڕاگرتنیانە. دیسان دەیڵێمەوە کە کۆماری ئیسلامی سەرچاوەی نەهامەتیەکانە، رژێم بە بیانووی جۆراوجۆر لە هەوڵی کپکردنی دەنگی چالاکانی ژنان و رۆژنامەنووسانی ژن دایە.

بە ترساندن و تۆقاندن و هەڕەشە فشاریان دەخاتەسەر. راپێچی گرتووخانەکانیان دەکات و سووکایەتیان پێدەکات. بە کورتی لە بەر چاونەگرتنی تایبەتمەندییە جەستەیی و رووحیەکانی ژنان، هەوڵ بۆ خزاندنەوەیان بۆ ماڵەوە و سووکایەتی پێکردنیان لە شوێنی کار و دانی مووچەی نابەرابەر بەشێکن لە کێشەکان.

تەروەری سێیەم: ئەزمونەکان

وارڤین: ئێوە وەك ئەوەی ئاگادارن لە رەوشی ژن لە هەرێمی کوردستاندا، ئەزمونی ژنانی هەرێم و ئەو دەستکەوتانەی بەدەستیان هێناوە تا چەندە وەك ئەزمونێك بۆ ئێوە بە بەخششە؟

حەلیمە رەسوڵی: ژنانی باشوور ئێستا لە زۆر بواردا بە یارمەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆیان بوون بە هێز و مەیداندارن. هەرچی زیاتر دەسەڵاتی کوردی رێگە خۆشکەر بێت بۆ ژنانی باشووری کوردستان، بێگومان ئومێد و هیوای زیاتر بە ئێمە دەبەخشرێت، بە ئێمەی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ داهاتووی خۆمان. هەموو ئەو دەرگایانەی کە لێرە لەلایەن ژنان و بە هیمەتی ئەوان واڵادەکرێن، بۆ ئێمە لە دوا رۆژدا ئەزموونن و کەڵکیان لێوەردەگرین. هیوادارم ژنانی تێکۆشەری باشووری کوردستان بتوانن گۆڕانکاری ریشەیی لە ئاستی دەسەڵات و کۆمەڵگا دا پێك بهێنن .

وارڤین: لە رووی کاری هاوبەش و هەماهەنگییەوە تا چەندە توانیوتانە لەگەڵ رێکخراوەکانی ژنانی هەرێم کاری هاوبەش بکەن و تێکەڵی ئەزمونی رەوتی ژنانی هەرێم بن؟

حەلیمە رەسوڵی: وەك رێکخراوی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەردەوام هەوڵمان داوە کە فەزای پەیوەندی نێوان خۆمان و رێکخراوەکانی ژنان لە باشووری کوردستان بەرین و بەربڵاو بکەین و دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەین و پێکەوە دابنیشین.

لە ڕاستیدا سروشتی کاری ئێمە نیزیکبوونەوە و لێکحاڵی بوون لەگەڵ ژنانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەخوازێ. ئێمە ئەگەر جیاوازی دید و بۆچوون و ئایدۆلۆژیاشمان هەبێت بەهۆی دابەشبوونی کوردستان بە سەر چەند وڵاتی جیاوازو هەر بەو پێیەش سەرهەڵدانی جموجۆڵ و بزووتنەوەمان لەدۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتووری جیاوازدا، بەڵام خاڵی هاوبەشمان زۆرە و هەموومان لە پێناو بەرقەراری یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا کار دەکەین و بە گشتی داواکاری ئێمەی ژن داواگەلێکی ڕادیکال و شەفافن. یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان ئەگەرچی ئۆرگانێکی فەرمی حزبی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام بەردەوام هەوڵیداوە، کە خاوەنی بڕیاری رێکخراوەیی خۆی بێت و ئەرك و رۆڵی خۆی بە باشی بەجێ بگەێنێت و دەکرێت بڵێم هەنگاوەکانمان بۆ پێوەندی گرتن لە گەڵ خانمانی باشووری کوردستان هەنگاوی ئەرێنی و بە کەڵك بوون .

پرۆفایل:

- حەلیمە رەسوڵی چالاکوانی بواری مافەکانی ژن، لە ساڵی (1982) لە بۆکان لەدایکبووە.

- ساڵی (2000) توانیویەتی خوێندن تەواو بکات و لە رێکخستنی نهێنی حزبی دیمۆکرات دەستی بەکاری سیاسی کردووە.


- ساڵی (2001) بە فەرمی بووەتە ئەندامی حزبی دیمۆکرات و لە بەشی راگەیاندنی ئەو حزبەدا کاری کردووە.

- بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە رادیۆی دەنگی کوردستان دا بێژەر بووە و پاشانیش بە ماوەی دوو ساڵ لە رۆژنامەی (کوردستان) دا وەك نووسەر و وەرگێڕ کاریکردووە.

- لە سەرەتای دامەزراندنی تەلەفزیۆنی (کوردکاناڵ)ەوە تا ئەمڕۆ رۆڵی لە بێژەی و ئامادەکاری و بەڕێوبەری پرۆگرامەکانی تیڤی دا هەبووە!

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ژنان) بووە و ئێستاش سەرنووسەری ئەو گۆڤارەیە!

ئا: ئەرسەلان رەحمان




حەلیمە رەسوڵی: بە دڵنیایەوە ئەم لەت بوونە لە ویست و ئیرادەی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەدەر بووە. رێکخراوەکەمان بە شێوەی غەیرە ئیرادی بوو بە دووبەش کە ئەمەش بۆ ژنانی ئەندامی رێکخراوی یەکێتی ژنان زۆر رووداوێکی ناخۆش بوو. توانا و فیکرەکان دابەشکران، بەڵام بەوحاڵەش ئێمە ژنانی حزبی دیموکراتی کوردستان بەردەوام دووپاتمان کردووتەوە، کە بە بێ لە بەر چاوگرتنی کێشەی حزبی ئامادەین بۆ هەرچەشنە هاوکاریەك لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان لە رێکخراوی یەکێتی ژنان دا، چونکە کێشەی ئێمەی ژن کێشەگەلی هاوبەشن و ئێمەی ژنی کورد بە هەر بیرو باوەڕێکی شەخسی یا خود حزبی لە یەك خاڵ دا هاوبەشین ئەویش ئەو ستەمەیە، کە لە بەرانبەرماندا دەکرێت.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# فێمێنیزم چییه؟

و: وریا ڕەحمانی

"چارلز فۆریە" سۆسیالیستی سەدەی نۆزدە بۆ یەکەمجار بەمەبەستی بەرگریکردن لە مافی ژنان وشەی فێمێنیزمی بەکاربرد. لەسەرەتای سەدەی بیستەم، لەسەروبەندی شەپۆلی یەکەمی فێمێنیزمداو بەمەبەستی دەستەبەرکردنی مافی دەنگدان، بەشێکی زۆر لە ژنان خۆیان بە فێمێنیستپێناسە دەکرد. ئینجا لە دەیەکانی شێستو حەفتای زایینیو لەگەڵ پەرەگرتنی شەپۆلی دووهەمدا جێگای خۆی لە نێو ئەدەبیات، سیاسەت، هونەر، مێژوو، ئابووری، قانوون، مرۆڤناسیو کۆمەڵناسیدا کردەوە. فێمێنیزم ڕەخنەی لەهەموو ئەندێشەکان دەگرت.

سەبارەت بە چییەتیی فێمێنیزم وەڵامێکی تەواوو پوخت لەدەستدا نییە. هەندێک بە بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو بۆ دەستەبەر کردنی مافی ژنانی دەزانن، کۆمەڵێک وەک دوورەدیمەنێک بۆ لەنێوبردنی ژێردەستی، ستەم، نابەرابەریو بێداری لە دژی ژنانی دەبیننو خەڵکانێکیش بە ئایدیۆلۆژیەکی پێناسە دەکەن کە ئامانجەکەی نە تەنیا یەکسانیی ژنو پیاو بەڵکوو گۆڕینی هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەگرێتەوە. سەرەڕای گشت پێناسە جۆراو جۆرەکان بەڵام بە گشتی فێمێنیستەکان پێیان‌وایە کە ژنان بەهۆی ڕەگەزەکەیانەوە غەدریان لێکراوە.

پێناسەی فێمێنیستەکان لە فێمێنیزم لەژێر کاریگەری پەروەردە، ئایدۆلۆژی یان چینو توێژە تایبەتەکەیاندایە. فێمێنیستە لیبڕاڵەکان لەسەر بەرابەری لە پانتایی گشتیدا پێ داگری دەکەن، فێمێنیستە مارکسیستەکان سیستمی سەرمایەداری بە هۆکاری سەرەکیی هەڵاواردنی ڕەگەزی دەزانن، فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان پیاوسالاری لە پانتایی گشتیو تایبەتیدا دەبەنە ژێر پرسیارو لە بۆچوونە دەرون‌ناسی‌یەکان بۆ لێکدانەوەی نا بەرابەری کەڵک وەردەگرنو فێمینیستە سۆسیالیستەکانیش هاوکات لەپیاوسالاریو سەرمایەداری ڕەخنە دەگرنو ڕێکار پێشکەش دەکەن. فێمێنیزمی ڕەش، ئێکۆ فێمێنیزم، پاش ئیستعماریو پاش فێمێنیزمیش جۆرەکانی دیکەی فێمێنیزمن کەلە شەپۆلی سێی فێمێنیزمدا پێک‌هاتوون.

فێمێنیزمی لیبڕاڵ

فێمێنیزمی لیبڕاڵ یەکێک لە ناسراوترین شێوازەکانی ئەندێشەی فێمێنیستی‌یە، ڕوخساری گونجاوو فەرمیی فێمێنیزم نیشان دەداو دەرخستنی پێگەی ژنان لەسەر دوو بنەمای 1_مافی یەکسان. 2_لەمپەڕە دەستکردەکانی بەردەم بەشداری‌کردنی ژنان لە پانتایی گشتی لە دەرەوەی خێزانو ماڵداریدا دەکا. زۆربەی نووسینەکان لەسەر کاری ژنان، خوازیاری یەکسانیی ژنو پیاو وەک ژنو مێردو پێویستیی پەروەردەی یەکسان بەبێ جیاوازیی ڕەگەزی، لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونەن. فێمێنیستە لیبڕاڵەکان بۆدەرخستنی نابەرابەریی ڕەگەزی ڕەخنە لە دابەشکردنی کار بەپێی ڕەگەز، جیاکردنەوەی بەستێنی گشتیو تایبەت، چۆنیەتیی پەروەردەکردنی منداڵان بەجۆرێک کەلە گەورەییدا دەورێکی بە گوێرەی ڕەگەزەکەیان وە ئەستۆ بگرن،دەگرن.

بە بۆچوونی فێمێنیستە لیبڕاڵەکان، سیستمی لیبڕالیستی بە خاوەندارێتیی ناوەندانەو ئەو مافە دیاریکراو یاسایی‌یەی هەیەتی زیاتر لەهەر کۆمەڵگەیەکی دیکە ڕێ بە










ئازادیو یەکسانیی تاکەکان دەدا، کەچی تەنانەت لێرەشدا ئەم دەرفەتە یەکسانانە، بە نەژادپەستیو هەڵاواردنی ڕەگەزی‌یەوە ناشیرین دەبێ. هەڵاواردنی ڕەگەزییش وەک نەژادپەرستی مرۆڤ لە چوار چێوەی کەسایەتی‌یەکی نەگونجاودا دەبەستێتەوە و کۆمەڵگەش لەگەشەی ئەندامەکانی خۆی بێبەش دەکاو بە گوێرەی بەکەم‌گرتنی ژنان پێش لە گەشەی بەڕێزترین بایەخە فەرهەنگی‌یەکان دەگرێ.

لیبڕاڵەکان پێیان وایە دەکرێ زۆربەی مرۆڤەکان فێری ئەوە بکەن کە دەرکی حەقانییەتی ڕەخنەی فێمێنیستی لە پێوەندیی هەڵاواردنخوازانەی کۆمەڵایەتی بکەن. گەڵاڵەکانی فێمێنیزمی لیبڕاڵ بۆ لەنێوبردنی نابەرابەریی ڕەگەزی بریتین لە:

1_بەکارهێنانی ئیمکاناتی سیاسیو قانوونی کەلە ئێستادا بۆ گۆڕینی ڕەوتەکە لەبەردەست دان.

2_ دابین‌کردنی دەرفەتی یەکسانی ئابووری.

3_چاکسازیی ناوەندەکانی بنەماڵە، خوێندنگەو ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان. بەگشتی پێداگری فێمێنیزمی لیبڕاڵ لەسەر چاکسازیی کۆمەڵگەیە،نەک گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی.

فێمێنیستی مارکسیستی

بنەماو چوارچێوەکانی تیۆریی فێمێنیزمی مارکسیستی لە بۆچوونەکانی مارکسو ئەنگێلس پێک هاتوون. کتێبی "سەرچاوەی بنەماڵە، خاوەندارێتیی تایبەتو دەوڵەت"ی ئەنگێلسسەرچاوەی کلاسیکیی فێمێنیستە مارکسیستەکانە. زۆربەی داتا مرۆڤناسی‌یەکانی ئەم ڕوویکردە لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی "مۆرگان" داڕێژراوە. کەسانێکی وەکوو "ئەگۆست بێبڵ"، "کلارازێتکین"، "ئەلکساندرا کۆلنتای"، "ئێولین رید"و "لیزواگێل" لە تیۆریسیەنە سەرەکی‌یەکانی فێمێنیزمی مارکسیستی بە حیساب دێن. ئەم شێوازە لە ئەندێشەی فێمێنیستی لەسەر بنەمای توێژینەوەی ئەندێشەی مارکسیستی پێگەی لەژێر باری سیستەمی ژناندا هەڵدەسەنگێنێو ئینجا باس لە چۆنیەتیی خەبات بۆ گۆڕینی ئەم ڕەوشە دەکا. باوەڕمەندانی فێمێنیزمی مارکسیستی پێیان وایە کە بنەمای ئەو سیستەمەی لە ژنان دەچێ لە خاوەندارێتی تایبەت، دابەشکردنی کار بەپێی ڕەگەز و سیستمی خێزانی پیاو سالارەوە سەرچاوە دەگرێ. لەلایەکی دیکەشەوە سیستمی سەرمایەداری بەهۆی کاتیی سەرەکیی بووژانەوەی بەردەوامی ئەم نابەرابەری‌یە دەزانن. کەوایە دوژمنی سەرەکی فێمێنیستە مارکسیستەکان، سیستمی چینایەتی (ئابووری)یە، کە ژن لە پێگەیەکی نزمتردا دادەنێ. ستراتیژی پێشنیاری فێمێنیستە مارکسیستەکان بۆ گۆڕینی دۆخی مەوجوودو نەهێشتنی نابەرابەریی ڕەگەزی، هەوڵ بۆ بەئەنجام‌گەیاندنی شۆڕشی سۆسیالیستیو دامەزراندنی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی‌یە تا لەژێر سێبەری ئەودا پێگەی ژنانو پیاوان بەرابەر بێ. بەم پێیە بزوتنەوەی فێمێنیستی پێویستە پێداگری لەسەر ژنانی کرێکار بکاو خەباتی چینایەتی بە خەباتی ڕاستەقینەی خۆی بزانێ. پانتایی کارکردنی فێمێنیستە مارکسیستەکان بەستێنی گشتی‌یەو زیاتر لەسەر چینو توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە پێداگری دەکا. فێمێنیستە مارکسیستەکان هەوڵ دەدەن ژنانی کرێکار لەگەڵ ڕەوتی گشتیی هێزە شۆڕشخوازەکانی خۆیان بخەن .

فێمێنیزمی ڕادیکاڵ

یەکێک لە سەرەکیترین جیاوازی‌یەکانی فێمێنیزمی ڕادیکاڵ لەگەڵ شێوازەکانی پێشوو، سەرچاوە نەگرتوویی لە بونیادە ئەندێشەیی‌یەکانی دیکەیە، ئەو بونیادە ئەندێشەیی‌یانە کە فێمێنیستە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕادیکاڵەکان بهپیاوانەیان دەزانن. فێمێنیزمی ڕادیکاڵ بایەخێکی ئەرێنی بە ژنایەتی دەداو ژنان بە توێژێکی ژێردەستە لە بەرانبەر پیاواندا دەزانێ. ڕەنگە گرینگترین چەمکی ئەم ڕەوتە فێمێنیستی‌یە "ستەمی ڕەگەزی" وەک کۆنترین‌و بە زەبرترین شێوەی نابەرابەری بێ، ستەمێک کە ژنان بەهۆی ژنبوونەوە دەی‌چێژن. هەڵبەت ڕەخنەی فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان تەنیا لە چوارچێوەی ئەو ستەمەدا کە لە ژنان دەکرێ نامێنێتەوەو بەڵکوو پەرەدەستێنێ‌و هەموو جۆرەکانی دەسەڵات‌و سەرکوت بە ئاکامی سەرتربوونی پیاوان دەزانێ. فێمێنیستی ڕادیکاڵ سەرەڕای وێکچوونی مێتۆدناسانە لەگەڵ ڕەوتە سۆسیالیستی مارکسیستی‌یەکان، ئەگەر لەچی لە ڕەخنەگرە جیددی‌یەکانیشیەتی. ئەوان لەبری پرسی کارو بەرهەمهینان، پێ لەسەر هەستی ڕەگەزی‌و خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتیی ژناندادەگرن‌و دەڵێن هەر ژنێک، بەدوور لە چین‌و توێژ، نژاد، ئاستی تەمەن‌و....... بەرژەوەندیی هاوبەشی لەگەڵ ژنانی دیکە هەیە. بەردەوام‌بوونی ئوسوولی ئەندێشەیەکی وا، نرخاندنی پیاوان وەک گرووپێکی دوژمن‌و جیاوازی‌خوازی ڕەگەزی‌یە، بابەتێک کە خود بە ڕەخنە لە "ناهاوڕەگەز خوازی" دەکێشرێ. ڕادیکاڵەکان ئەگەرچی دەسەڵات‌خوازیی پیاوان نەوەک بابەتێکی زاتی بەڵکوو بە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانن، کەچی چون ستەمی ڕەگەزی بەشتێکی سەلمێندراو دەزانن بە شوێن شێوازێکی شۆڕشگێڕانە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێن.

فێمێنیزمی دەروونناسانە

چەمکی "دەرون‌ناسی" لە بۆچوونێکەوە وەرگیراوە کە فرۆید لەسێ وتاردا دەربارەی بیرۆکەی ڕەگەزی کەڵکی لێ وەردەگرت‌و گەشەی ژنایەتی لەسەر بنەمای "ئیرەیی‌بردن بە زاتی پیاوانە" لەکچانداو گەشەی پیاوەتی لەسەر بنەمای "عۆقدەیی ئۆدیپ" بە واتای سڕینەوەی دایک، نرخاند. بەپێی ئەم ڕەخنانەی کە فێمێنیستەکان بەتایبەت شەپۆلە دووهەمی‌یەکان لە فرۆیدیان دەگرت‌و بۆچوونە دەروونناسی‌یەکانیان ئاراستەدارانە دەدی، بیرۆکەگەلێکی دەروونتوێژەرانەی نوێ دروست بوون کە بە بیرۆکە ڕەگەزی‌یەکان ناویان دەرکرد. فێمێنیستەکان لە بۆچوونە دەروونناسی‌یەکانی فرۆید بۆ لێکدانەوەی ئەم بابەتانە کەڵکیان وەردەگرت کە چۆن پەروەردەی قۆناغی منداڵی کاریگەریی لەسەر ناخودئاگای مرۆڤ دەبێ کە لە قۆناغی گەورەییدا سەرهەڵدەدا. "نانسی چۆدۆرۆڤ"، "کارۆڵ گیلیکان"، "کیت میلێت" و "ژولیەت میچێل" لە بەناوبانگترین فێمێنیستە دەروونناسەکانن. بۆ وێنە "چۆدۆرۆڤ" ئاماژە بە دەوری دایک لە لەباوەشگرتنی منداڵ‌و شوناسخوازیی ڕەگەزی منداڵ لەڕێی دایکەوە دەکاو باس لەوە دەکا کە بۆچی کوڕان زووتر سەربەخۆ دەبن‌و کچان خوازیاری پێک‌هێنانی پێوەندی عاتیفی دەبن.

"ژاک لاکان" یەکێکی دیکە لە شیکارانی مێتۆدی فرۆیدو لە کاریگەریی کەسانی فیمینیزمی دەروونناسانەیە کە نەبوونی خاوەنداریتی لە "ئالت تناسلی" بە هێمایەکی فەرهەنگی دەزانێ‌و لە پێناسە ژیانناسی‌یەکانی فرۆید دووری دەگرێ. ئەو هەروەها لەسەر پێوەندیی شوناسخوازانەی ڕەگەزیو فێربوونی زمان پێ دادەگرێ. "ئیریگاری" یەکێک لە شاگردان‌و ڕەخنەگرانی "لاکان" لەگەڵ "هێلێن سیکسۆ" لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی "نووسینی ژنانە" بە حیساب دێن. شێوازێک کە دەیەوێ لە هەڵوێستی جەستەی ژنانەوە بنووسێ‌و ژنانەنووسین پەرە پێبدا.

فێمێنیزمی سۆسیالیستی

لە ئاکامی ئەو کێشەو بابەتانەی کە لەنێوان فێـمێنیستە ڕادیکاڵ‌و فێمێنیستە مارکسیستەکاندا لەسەر ژێردەستەیی ژنان‌و چۆنیەتیی گۆڕینی ڕەوشەکە لە دەیەی 1970 دا لە ئارادا بوو، بیرۆکەگەلێکی نوێ سەریان هەڵدا کە بەناوی فێمێنیزمی سۆسیالیستی ناویان دەرکرد. "ژولییەت میشێل"، "هایدی هارتمەن" و "ئالیسۆن جەگێر"لەسەرەکیترین تیۆریسییەکانی ئەم شێوازە هزری‌یە بەحیساب دێن. وتاری "ئیزدواجی ناسەرکەوتوویی فێمێنیزم‌و مارکسیزم" لە هایدی هارتمەن، لە ئاسەوارە کلاسیکی‌یەکانی ئەم ڕەوتە هزری‌یەیە.

پرسی سەرەکیی فێمێنیستەکانی سۆسیالیست شیکارییچۆنیەتیی تەرکیبی سیستمی سەرمایەداری‌و سیستمی پیاوسالاری‌یە. بەواتایەکی دیکە ئەوان پێیان وایە بۆ شیکاریی ڕەوشی ژێردەستەیی ژنان‌و هەروەها داڕشتنی ستراتیژیی خەبات بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە نابێ تەنیا ڕوانگەیەکی تاک‌ڕەهەندی هەبێ. (تەنیا چینایەتی وەک مارکسیستەکان، یان تەنیا دەروونناسانە وەک هەندێک لە ڕادیکاڵەکان) بەڵکوو پێوستە کۆمەڵێک هەلومەرج‌و هۆکار لەپێکهاتنی پێگەی ژێردەستیی ژناندا لەبەرچاو بگیرێن.


هەربۆیەش، فێمێنیستە سۆسیالیستەکان پێیان وایە بۆ گۆڕینی دۆخی مەوجوود بەمەبەستی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان‌و بەرانبەر، پێویستە خەباتێکی هاوکات لەگەڵ سیستمی پیاوسالاری‌و سەرمایەداری بکرێ. بەم پێیە، فەزای کرداری‌و پانتایی خەبات لە ڕوانگەی فێمێنیستە سۆسیالیستەکان تەنیا هەر کارخانەکان ناگرێتەوە، بەگشتی لەڕاستیدا شێوازی کرداریی فێمێنیستە سۆسیالیستەکان چەندلایەنەیە.

فێمێنیزمی ڕەش

چەخماخەی بردنەژێرپرسیاری گشتی‌بوونی واتای ژن لە فێمێنیزمدا لە خەباتی ژنانی ڕەش پێستەوە (بۆ لەنێوبردنی ئەم ستەمەی لەسەریانە) لێدرا. ڕەوتی فێمێنیزمی ڕەش هاوکات لەگەڵ خەباتی دەیەکانی 50 و 60 ی ڕەش‌پێستانی ئەمریکاو لەگەڵ شەپۆلی دووهەمی خەباتی دژە ئاپارتاید تیۆریزە بوو کەلە گەورەکانی ئەم شێوازەی فێمێنیزم دەتوانین ئاماژە بە ناوی "بێڵ هۆکس" بکەین. لەڕاستیدا فێمێنیستە ڕەشەکان ڕەخنەیان لەم بابەتەی کە گشت ژنان بەهۆی ژنبوونەوە لە بەرەیەکدان، گرت. ئاکامە کارەساتبارەکانی خەباتی فێمێنیستەکانی پێشوو (کە زۆربەیان سپی‌پێست‌و بۆرژوا بوون)و پارادۆکسەکانی بەردەم، هۆکار گەلێکی بەهێز بۆ پێویستی پێداچوونەوە بوون. بۆ وێنە، بنەماڵە کە یەکێک لە ناوەندەکانی جێی ڕەخنەی فێمێنیزم (بەتایبەت ڕادیکاڵ) بوو، بۆ ژنانی ڕەش‌پێست ناوەندێک بوو کە بەرامبەر شێوەکانی دیکەی سەرکوت (نژادی) دەی‌پاراستن‌و هەوڵی فێمێنیزمی زاتیی ئەوکات بۆ لاوازکردنی بنەماڵە بەواتای چەند بەرابەرکردنی سەرکوتی ژنانی ڕەش بوو. لە حەقیقەتدا فێمێنیستە ڕەشەکان پێیان وابوو سەرکوت نێوەرۆکێکی چەندلایەنەی هەیەو دەبێ بە گشتی ڕەخنەی لێ بگیرێ. بیرۆکەی ئەم بزووتنەوەیەی فێمێنیستە ڕەشەکان لە بۆچوونەکانی سۆسیالیستی‌یەوە دەهات کە باوەڕی بە نێوەرۆکی دوولایەنەی سەرکوتی چەند لایەنە هەبوو.

فێمێنیزمی پاش پێکهاتەخوازی

لەژێر کایگەریی بۆچوونەکانی پاش پێکهاتەخوازانەو پۆست‌مۆدێرن کە لە لایەن فیلسووفانێکی وەک "فۆکۆ" (وەک فیلسوفێکی پاش پێکهاتەخواز) و "دریدا" و "لیۆتار" (وەک تیۆریسیەنەکانی پۆست مۆدێرن) دەورێکی بەرچاویان لە گوتاری زاڵی دەیەی 80 دا هەبوو، تێکهەڵکێشێکی نوێ بە ناوی فێمێنیزمی پۆست‌مۆدێرن یان پاش پێکهاتەخوازی پێک هات. لە ڕاستیدا فێمێنیزمی پاش پێکهاتەخوازی لە ڕێی فۆکۆوە بە تیۆری‌یە دەرون‌ناسی‌یەکانی "فرۆید"، "لاکان"، "باتای" دەگەیشتنەوە. فێمێنیستە ڕەشەکان پێشتر چەخماخەی ئەوەیان لێدابوو کە دەکرێ گومان لە گشتی‌بوونی واتای "ژن" بکرێ. هەرچەند وەڵامی ئەوان بەم بابەتە زیادکردنی ڕەهەندێک بە ناوی نژاد بۆ چەند لایەنبوونی سەرکوت بوو کەچی دەکرێ بەم جۆرەش وەڵام بدرێتەوە کە لە حەقیقەتدا چەمکی ژن واتایەکی گشتی نییەو فێمێنیستەکان بە قبووڵ‌کردنی ئەم گشتگیری‌یە تووشی هەڵەیەکی واتایی گەورە بوون. ئەم ڕوانگەیە بەتەواوی لەگەڵ ڕوانینی پۆست‌مۆدیرن بە چەمکەکانی دێتەوە. هەر بۆیەش پێکهاتنی ئەم تێکهەڵکێشە (فێمێنیزم لەگەڵ پۆست‌مۆدێرنیزم) حاشاهەڵنەگر بوو. تەنانەت دەکرێ بڵێین کەسێکی پۆست‌مۆدێڕن بەهۆی پۆست‌مۆدێڕن‌بوونەوە، هەر واتایەک کەلە ئەندێشەیەکی گشتگیرانەوە (یەکێک لە چەمکە بنەمایی‌یەکانی مۆدێرنیتە) بێ، ڕەتی دەکاتەوە. کەوایە ناتوانێ واتاکانی ژن‌و پیاو، جیاکردنەوەی ئەم دوو ڕەگەزە لەیەک قبووڵ بکاو بە هۆی پۆست مۆدێرن بوونەوە بە جۆرێک لە جۆرەکانی فێمێنیستییشە. شایانی باسە کە سەرەڕای ئەم جیاوازیانەی زۆر کەس لە نێوان پۆست‌مۆدێڕنیتەو پاش پێکهاتەخوازی‌یەوە دای‌دەنێن، کەچی بەهۆی وێکچوونی زۆرو ناوەندێتیی بابەتیی فێمێنیزم لەم نووسینەدا، ئەم دوو چەمکەمان لە واتایەکی گشتی فێمێنیزمی پاش پێکهاتەخوازی _ پۆست مۆدێڕندا لێک داوەتەوە.



فێمێنیزمی پاش ئێستیعماری

فێمێنیزمی پاش ئێستیعماری (postcolonial) لە سەرچاوەی هزری فێمێنیزمی پۆست‌مۆدێڕن _ پاش پێکهاتەخوازی‌و بەستێنی خەباتی دژە ئێستیعماریی گەلانی ڕۆژهەڵاتی‌یەوە سەری هەڵدا. ئەم شێوازە فێمێنیستییە وێکچوونێکی زۆری لەگەڵ فیمێنیزمی ڕەش هەیە بەم خاڵی جیاوازی‌یەوە کە ئەم کۆمەڵگە پەراوێزخراوەی کەلە پێناسەی "ژن" دا نادیدە دەگیرا، بەجێی ئەوەی لە نێو خودی کۆمەڵگە سەرەکی‌یەکەدا بێ، لەوڵاتێکی دیکەیە. لە لایەکەوە "ئالیس واکێر" لەم تیۆریسیەنانەیە کە پانتایی کارەکانی بە گشتی کۆمەڵگە پەراوێزی‌یەکان، چڕەشەکان‌و چموستەعمەرات، دەگرێتەوە ( دەکرێ بە ئاڵقەی پێوەندی فێمێنیزمی ڕەش‌و پاش ئێستیعماری بزانین)، لە لایەکی دیکەشەوە بیرمەندانێکی وەکوو "فرانس فانون" و "ئێدوارد سەعید" لە وڵاتانی ڕزگارکراو لەدەست ئێستیعماری ڕاستەوخۆدا، خەریکی ڕەخنەگرتن لە نەتەوەخوازیی ڕۆژئاوایی بوون. لە ئاکامدا کەسانێکی وەک "گاتاری"، "سپیواک" و "ڕێی چاوە" لەم بارودۆخەدا دەستیان دایە بەرهەم‌هێنانی ئەندیشەی فێمێنیزمی پاش ئێستیعماری کەلەڕاستیدا باسکردنی پرسی ژنان لە ڕەخنەی نەتەوەخوازیی ڕۆژئاواییدا بوو. وەک هەلومەرجی ڕەشەکان، نادیدەگرتنی بارودۆخی تایبەتیی ئەو کۆمەڵگەیانە لە پێناسەی فێمێنیزمدا کێشە لاوەکی‌یەکانی حزووری فێمێنیزمی لەم وڵاتانەدا بەدوادا بووە. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە پرسی حیجاب بکەین. فێمێنیستە ڕۆژئاوایی‌یەکان لە سەرەتاوەئەم چەمکەیان بە سەرکوتی ژنان بەستەوەو هەوڵیان دا بابەتی لابردنی حیجاب لەنێو پاکەتی مۆدێڕنیتەی داسەپاوی وڵاتانی ئێستیعماری بەسەر وڵاتە ئێستیعمارکراوەکاندا بگونجێنن. ئەم هەڵەیە بوو بە هۆی گرێدرانی بزووتنەوەی دژی ئێستیعماری‌و نەتەوەیی ئەم وڵاتانە بە حیجابی ژنانەوە. لەڕاستیدا دژکردەوەی ئەم کۆمەڵگەیانە لە بەرانبەر بەکارهێنانی فەرهەنگی بێگانە (بەناوی مۆدێڕنیزاسیۆن) دا، بەداخەوە پێ‌داگرتن لەسەر چەمکی حیجاب _ کە شێوازێک لە سەرکوتی ژنان بوو_ ی لێ‌کەوتەوە. سەرکوتێک کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی هەڵەی فێمێنیستە سپی‌یەکانی ڕۆژئاوایی لە پێوەندیی ناپیرۆزی پرسی حیجاب لەگەل پرۆژەی پێشکەوتنخوازیدا بوو.

پاش فێمێنیزم

خراپ نیە ئەگەر ئاماژەیەکیش بە پاش فێمێنیستەکان بکەین. پاش فێمێنیستەکانیش وەک فێمێنیستە پۆست‌مۆدێڕنەکان دەست لەسەر واتای گشتگیری ژن دادەنێن، بەم جیاوازی‌یەوە کە باسی ئەوان تەنیا ڕەخنە نییە بەڵکوو پێداگرتن لەسەر گشتگیربوونی چەمکی ژن نە تەنیا بە هەڵە (وەک فێمێنیستە پۆست‌مۆدێڕنەکان) بەڵکوو بە زیانبەخشیشی دەزانن‌و پێیان وایە کە بە پێناسەکردنی فێمێنیزم، خۆیان بەردی بناغەی ستەم بەسەر بەشێك لە کۆمەڵگەدا کە پێمان وایە بەرگری‌یان لێ‌دەکەین، دادەنێین، واتە جیاکردنەوەی واتایی ژن‌و پیاو . بەم پێیە پاش فێمێنیستەکان ڕاشکاوانە خۆیان بەدژی فێـێنیزم پێناسە دەکەن.

سەرچاوە : menforequality.wordpress.com






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیمانه



## ڕۆژین شەریفی: ژنانی کورد هێندەش دڵیان بە قانوون خۆش نییە و ترس و خۆف لە پیاوانی تووڕە لە ناخی تەک تەکی ژنانی ئێمەدا ڕیشەی داکوتاوە.

دیمانە:مەندانە حەبیبزادە

پ: ڕۆژین‌خان پێشەکی خۆت بە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بناسێنە؟

و: من فەڕەح شەریفی ناسراو بە "ڕۆژین" لە ساڵی 1966 لە شاری مهاباد لە دایک بووم. لە قۆناغی ناوەندی دا بووم کە، هەراووهوریای شوڕشی ئێران سەری هەڵدا. منیش وەک خەڵکی راپەڕیوی ئێران و شارەکەم، بە قەرای توانایی تازەلاوێتی خۆم لەم ڕاپەڕینەدا بەشدار بووم. دوای ماوەیەک پێوەندیم کرد بە "پیشگام"، کە لقێک بوو لە ڕیکخراوی فیدایانی گەلی ئێران؛ پاش ماوەیەکی‌تر لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێکانم لە رێکخراوی "پیشگام" جیابووینەوە و چووینە ناو ڕێزەکانی کۆمەڵەوە و بووم بە یەکێک لە چالاکانی ئەو ڕیکخراوەیە. پاش ئەوەی مهاباد داگیر کرایەوە هەروا بەشێوەی نهێنی کاری ڕیکخراوەییم دەکرد. کاتێک قوتابخانەکانیش کرانەوە من و چەند هاوڕێیەکم بە تاوانی بەدپووشی "بدحجابی" لە قوتابخانە دەرکراین. من بۆ ماوەی چەند مانگێک زیندانی کرام و پاش ئازاد بوونیشم بۆ ماوەی چەند مانگ بە نهێنی لە مهاباد و ورمێ ژیانم بردە سەر. بە کورتی لە سەرەتای ساڵی62 هەتاوی بە یارمەتی دایکێک خۆم گەیاندە بنکەی کۆمەڵە و بە ڕەسمی بوومە پێشمەرگەی ئەو ڕیکخراوەیە. لە ساڵی 93ی زایینی خۆم گەیاندە وڵاتی ئاڵمان و وەک پەنابەر لەو وڵاتە گیرسامەوە. لەو وڵاتەش لە هەوڵ و تێکوشان ڕانەوەستام؛ لە هەمان ساڵدا لەگەڵ ئەنجومەنی ژنانی ئێرانی کە زۆربەیان ژنانی چالاک لە بواری سیاسی‌دابوون ئاشنا بووم. پاش ماوەیەک کە هەستمان کرد، ئێمەی ژنانی کوردیش پێویستیمان بە ناوەندیکە بۆ بەرگری لە مافەکانی ژنانی کورد، لەگەڵ ژمارەیەک لە ژنانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، سەنتەرێکمان بە ناوی "سەنتەری ژنانی کورد" لە کۆڵن دامەزراند، کە تا ئێستا ژنانیکی زۆر، بە شێوەی چالاک لەم ناوەندەدا کار دەکەن.

پ:ڕۆژین خان، هەروەک خۆشت ئاگاداری، لەو ماوەیەدا لە باشووری کوردستان، دیسانەوە چەند ئافرەتێک پەنایان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆکوژی لەهەر شێوەیەکدا، چ بە خۆسووتاندن یان بە حەب خواردن یان خۆ خنکاندن، لەیەک وتەدا گەیشتنە بە خاڵی کۆتایی و هەڵبەتە ژنانێکی زۆر هەن کە بەر لەوەی پەنا بۆ خۆکوژی یان خۆسووتاندن بەرن سەرەتا هەوڵ دەدەن ئەنجامی ئەو کارە بە گوێی کەسانێک بگەیەنن، بۆ وێنە هەڕەشە دەکا کە نەوت بە خۆم دا دەکەم و ئاگر لە جەستەی خۆم بەردەدەم و بەم قسەیە دەیهەوێ هاوار و دەنگی خۆی بگەیەنێ کەرەنگبێ ئاوڕێک لە داخوازییەکانی بدرێتەوە و کاتیک دەبینێ هیچ سەرەنجێک نادرێتە داواکانی، بڕیاڕی یەکجارەکی دەداو بەداخەوە جێبەجێشی دەکا.

بۆ خۆکوژی برد و هەوڵی سڕینەوەی جەستەی خۆیاندا؛ بەڕای ئێوە هۆکارەکانی پەنابردنە بەر خۆکوژی لەم سەروبەندەدا زیاتر بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ دەمەوێ ئەوە بڵێم کە داخوا وەک رابردوو، ژنان لەبەر زاڵبوونی سیستمی پیاوسالاری پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن یان هۆکارگەلی دیکەش هاندەرن؟

و: سەبارەت بە خۆسووتاندنی ژنان لە کوردستان کە بۆچی ژنان پەنادەبەنە بەر خۆسووتاندن، ئەوە شتێکی روونە کە لەبەر گێروکێشەی لەڕادەبەدەر و بەقەولێک بە بێ‌هیوایی گەیشتن؛ لە بەر گوشار، ئازار و ئەشکەنجە؛ سووکایەتی و نەبوونی مافە سەرەتایی‌یەکانیان چ لە ناو بنەماڵەکانیان و چ لەگەڵ هاوسەرەکانیان؛ جیا لە مانەش نەبوونی زانیاری و ئاگایی تاک، تاکوو بتوانێ بە یارمەتی‌ئەمانە بەرگری لە مافەکانی خۆی بکا و کێشەکانی بەرێتە بەردەم قانوون و دادگا. هەڵبەتە پێموانییە، قانوونیش زۆر بەرگری لە ژنان بکا، ئێمە لە ئاسیا دەژین و ئەم ناوچەیە جیاوازی زۆری لەگەڵ کۆمەڵگای ئۆرووپا هەیە.



پ: پێتوانییە، ریکخراوەکانی ژنان دەبێ کۆمەڵێک بەرنامەی تی وی، سەبارەت بە هوشداری دان بە ژنان ساز بکەن بۆ ئەوەی ئافرەتان لە بەرەنجامی خۆکوژی ئاگادار بکەنەوە؛ یان بە هەر شێوەیەکی دیکە بەرگریی لە مافە ئینسانییەکانییان بکەن؟

و: بە داخەوە بەڕواڵەت و بەقەولێک بۆ ئەوەی لە کاروان جێ نەمێنین، هەندێک جار لە میدیا، رۆژنامە و تەلەفزیۆن و .... هەندێ وشە و دروشمی جوان و بریقەدار دەوتریتەوە، بەڵام لە دونیای ڕاستەقینەدا پشتیوانیەکی ئەوتۆ لە ژنان ناکرێ. پێموابێ ژنانی ئێمە هێندەش دڵیان بە قانوون خۆش نییە و ترس و خۆف لە پیاوانی تووڕە لە ناخی تەک‌تەکی ژنانی ئێمەدا ڕیشەی داکوتاوە.ئازایەتیی قسەکردن و دەربڕینی ناڕەزایی بە دەگمەن دەبینرێ و بێدەنگی و متەق لێوەنەهاتن لە زۆربەی ژنان‌دا ئاسایی بۆتەوە. ئەگەر کورتی بکەمەوە، هەوڵدان بۆ پەروەردە کردنی ژنان، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاگایی‌یەوە بەرگری لەماڤە ئینسانییەکانی خۆیان بکەن، زۆر زۆر کەمە و و تەنانەت خودی ژنانیش بڕوایان بە نەبوونی ماڤی خۆیان هێناوە.

پ: ئافرەتی کورد لەم سەردەمەدا، بە پەنابردنەبەر خۆکوژی، دەیهەوێ چ پەیامێک بە گوێی کۆمەڵگەی کوردستان بگەیەنێ؟

و: خۆکوژی لەهەر شێوەیەکدا، چ بە خۆسووتاندن یان بە حەب خواردن یان خۆ خنکاندن، لەیەک وتەدا گەیشتنە بە خاڵی کۆتایی و هەڵبەتە ژنانێکی زۆر هەن کە بەر لەوەی پەنا بۆ خۆکوژی یان خۆسووتاندن بەرن سەرەتا هەوڵ دەدەن ئەنجامی ئەو کارە بە گوێی کەسانێک بگەیەنن، بۆ وێنە هەڕەشە دەکا کە نەوت بە خۆم دا دەکەم و ئاگر لە جەستەی خۆم بەردەدەم و بەم قسەیە دەیهەوێ هاوار و دەنگی خۆی بگەیەنێ کەرەنگبێ ئاوڕێک لە داخوازییەکانی بدرێتەوە و کاتیک دەبینێ هیچ سەرەنجێک نادرێتە داواکانی، بڕیاڕی یەکجارەکی دەداو بەداخەوە جێبەجێشی دەکا.

پ: سڕینەوەی جەستە، ئەویش بە توندوتیژترین شێوە واتە "خۆسووتاندن"، بەگشتی چ کاریگەرییەک لەسەر کۆمەڵگای کوردی و بنەماڵەی کورد دادەنێ؟ و بە کورتی دەبێ بۆ بنەبڕکردن یان بە لانیکەم گەیاندنی ئەو دیاردەیە دەبێ چی بکرێ؟

و: بە داخەوە، ژنان خۆکوژی و خۆسووتاندن بە دوا ڕێگە دەزانن و ئەمە لە زۆرێکیان‌دا، نیشانەی نائاگایی و هەست نەکردن بە ئەمنییەتە، ئێمە ژنانێکی ئاگاشمان هەیە، بەڵام کاتێک ئاسایش و ئەمنییەت نییە هەر چەندە ئاگاش بن، کاتێک ئاستی توندوتیژی لە سەرێ بێ، ئەو جۆرە ژنانەش دەگەیەنێتە خاڵی کۆتایی.

دووهەمیش ئەوەکە هەتا حکوومەت، هەنگاوی جیددی لەمبارەوە هەڵنەگرێ واتە لەباری قانوونییەوە بە شێوەی جیددی و توندوتۆڵ دژی تۆندوتیژی ڕانەوەستێ دیاردەی دڵتەزینی خۆکوژی و خۆسووتاندن کۆتایی نایات و تەنانەت زیاتریش پەرەدەستینێ.

سێهەم: ڕیکخراوی ژنان دەبێ دەستیان ئاوەڵەتربێ و ئیمکاناتی زیاتریان بخرێتە بەردەست و کەسانی شارەزا، لێزان و لە خۆبوردوو بێنە مەیدان و لەو بوارەدا قۆڵی لێهەڵماڵن.

چوارم: ئایین لە دەوڵەت و فەرمانگە و شەقامەوە ببرێتەوە بۆ ناو ماڵەکان و دیسانەوەش قانوون بەڕاشکاوی تەواو پیشتیوانی لە ژنان بکا. بە توندی بەدژی تۆمەت لێدان، درۆ گوتن و بوختان ساز کردن بۆ ژنان بەربەرەکانی بکرێ و دەبێ تۆمەت لێدانیش سزای بۆ دیاری بکرێ، تاکوو ژنان هەست بە ئەمنییەتی زیاتر بکەن. چونکە هەر ئەم تۆمەت ڕەپاڵ دانانە تاکوو ئێستا گیانی لە هەزاران ژن ئەستاندوە و زۆریشن ئەو ژنانەی کە بە هۆی تۆمەت لێدانەوە پەنایان بۆ خۆکوژی بردوە.

پ: ڕۆژین خان سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا کە تایبەتە بە گۆڤاری ژنان.

و: سپاس بۆ ئێوەش وبەهیوای سەرکەوتن

## ژن ئەستێرە

# ژیانی خاتوو مەرزییەی فەریقی



خانمە هونەرمەندی کورد مەرزییە فەریقی ناوی تەواوی "مەرزییە شەهاب عەبدوڵڵا"یە، لە 1958/5/22 لە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بەژیان هەڵێناوە، بەڵام دایكو باوکی خاتوو مەرزییە لەبنەڕەت دا خەڵکی شاری "سنە"ن. مەرزییە تا تەمەنی17 ساڵی ژیانی لە شاری مەریوان بەسەر دەبا، بۆ خوێندنی مامۆستایەتی ڕوو دەکاتە شاری سنەو لەوێ خوێندن تەواو دەکات، بڕوانامەی دیپلۆم لە بواری مامۆستایەتیدا بەدەست دێنێ .هەر لەتەمەنی منداڵیدا هەستی کردوە، کە دەنگی خۆشەو بەهرەی دەنگخۆشیی تێدایە، هاوکات لەلایەن باوکیەوە هان دراوە، بەڵام بەهۆی نادروستیی کۆمەڵگەوە، لەو ڕۆژگارەدا ئەستەم بووە ژنو کچی کورد گۆرانی بڵێ، هەربۆیە ڕێگەی هونەری لێگیراوەو لەو پێناوەشدا زۆر بەقورسی ژیانی هونەریی خۆی بەسەر بردوە، بەڵام سەرەڕای کۆسپو کێشەکان مەرزییەی هونەرمەند هەر بەردەوام بووە، لە جەژنەکانو یادو بۆنەکاندا، ئەوانەی لە قوتابخانەدا سازکراون، بەشداریی کردوەو بۆ یەکەم جار لە تەمەنی 9 ساڵیدا چووەتە سەر شانۆی قوتابخانەکەی. یەکەمین گۆرانی، ئەوەی لەو کاتەدا چڕیویەتی گۆرانییەکی "فەتانەی وەلیدی" بووە، لەگەڵ موزیکدا بەناوی "لەسەر کانی دێتەوە لێو بەکەنیو گۆزەبەشانەوە"

مەرزییە فەریقی زۆر حەزی بەبیستنی کارە هونەرییەکانی باشووری کوردستان بەتایبەت "تیپی مۆسیقای سلێمانی" دەکردو زیاتر حەزی بەدەنگی هونەرمەندان "کەریم کابان" و "قادر کابان" بوو. ساڵی 1977 لە شاری سنە لە گە ڵ هونەرمەند "ناسری ڕەزازی" ئاشنا دەبێو لە ساڵی 1978 دا زەماوەند دەکەنو ساڵی 1980 لەگەڵ ڕەزازی هاوسەری ڕێگەی خەباتی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان هەڵدەبژێرنو لە ڕێزەکانی "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان " دا خەبات دەکەن، ئەم خەباتگێڕییەشیان تا ساڵی 1984 بەردەوام دەبێ.

مەرزییە وەك هونەرمەندێکی لێهاتووی شاخ شانبەشانی خەباتی چەکداری دەست دەکا بەکاری هونەریو لەگەڵ تیپی مۆسیقای "کۆڕی بانگەوازی کۆمەڵە" یەکەمین کاری هونەری لە شاخ بەسروودی "سڵاو بۆ پێشمەرگە" بەئەنجام دەگەیەنێ. لە سەرەتای ساڵی 1985ـەوە لە وڵاتی سوێد وەك پەنابەرێك لەگەڵ ڕەزازی هاوسەریو سێ منداڵەکەی دڵنیا، ماردینو کاردۆ ژیان بەسەردەبەن

.ئەم هونەرمەندە ناوازەیەی کورد ساڵی 2005 ، لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد ماڵئاوایی لەمۆسیقاو هونەری گۆرانی کردو بۆ هەتاهەتایە بەجێی هیشتین.

کۆچە ناوادەکەی تەواوی گەلی کوردی خەمبارکردو چەند ڕۆژێك دوای کۆچکردنی تەرمەکەی گەیەندرایەوە کوردستانو لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا لە شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.



## ژن لە دونیای وێب دا



### ماڵپەڕی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات

ئامادەکردنی : سەرگوڵ شابازی

ئەم ماڵپەرە لە لایەن "کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات" ەوە بەڕێوە دەچێو زیاتر بابەتەکانی پیوەندیدار بە ژنی کورد بە تایبەت ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا دەخریتە روو.

ئەم ماڵپەرە تایبەت کراوە بە کارو چالاکیی ژنانو چاوپێکەوتنو وتارو هەواڵو زانیاری تایبەت بە ژنان. لە یەکێک لە وتارەکانی ئەم ماڵپەڕە لە ژێر ناوی "هەڵاواردن لە دژی ژنان لە ئاستە جیهانییەکەی دا" لە نووسینی ناهید جەعفەرپوورو وەرگێڕانی نەرمین محەمەدزادەدا هاتوە:

هەڵاواردن دژی ژنان لەئاستێکی جیهانیدا، توندوتیژیو چەوساندنەوە، نەبوونی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانو راهێنانو... هتد تەنیا ئەو لایەنە بەرچاوانەی پێشێلکاریی مافی ژنانن کە بەشێوەیەکی جیهانی لەگەڵ مێکانیزمی نابەرابەریی کۆمەڵایەتیو دەسەڵات پێکەوە گرێ دراون. بۆچی تەنیا لەمانگی مارسداو بەتایبەتی لەرۆژی جیهانیی ژنان رێك وەکوو باقی ساڵیادەکانی دیکە هەوڵ دەدرێ کە سەرنجی بیرورای گشتی بۆ ئەم سووژەو بابەتە کە بەزۆری سەرنجی پڕاوپڕی پێنادرێ رابکێشرێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەم وتارە دا هاتوە:

دۆخی خراپی کارو حەقدەستی کەمی هێزی کاری ژنان بەشێکی زۆر لە کارگەکانو کونسێرنە نێونەتەوەییەکان هەڵدەسوڕێنن. دەتوانین سەرمایەگوزاری دەرەکییش زیاد بکەین کە گەشەو داهاتی بەرژەوەندیخوازانو بەدوای ئەودا هەژاریی ئاشکرا کە لە پلەی یەکەمدا داوێنی ژنان دەگرێتەوە بۆتە هۆی ئەوەی ئەم چەوسانەوەو هەڵاواردنە زیاتر لەهەمووان کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر دۆخی ژنان دابنێ. ئەو ژنە کرێکارانەی بەحەقدەستێکی کەم دەچەوسێندرێنەوە، نەتەنیا بوونەتە موتۆری هەژاریی بەربڵاوی جیهانی، بگرە بوونەتە مۆتۆری ئابووریی بازاڕی جیهانیو ئابووریی لیبرالیزەکراوو مۆدێرنی جیهانییش. ئەو کەسانەی خۆیان سەرقاڵی ئامارەکانی بازاڕی جیهانی کردوە ئەم واقعییەتە دەزانن کە بازرگانیی ئازاد هیچ مەیلێکی بۆ لەنێوبردنی نابەرابەریی جینسی لەخۆیدا هەڵنەگرتوەو بگرە بەپێچەوانەوە لەهەوڵی قووڵکردنەوەی زیاتری ئەو نابەرابەرییە لە بەرژەوەندیی خۆیدایە. لەواقیعدا ئەمە یەکێك لەومەیدانە گرنگانەی جیهانی فێمێنیستییە کە بێ چارەسەرکردنیو بێ ململانێکردن لەگەڵیدا، نابەرابەری جینسی کۆتایی نایە

وێبلاگی کاریکاتۆر

پێشانگایەک بۆ نواندنی کاریکاتۆرەکانی شیوەن حەسەنپوور

ئەم ویبلاگە هەروەک لە سەردیری ناساندنی وێبلاگەکەدا هاتوە لە لایەن هونەرمەند شیوەن حەسەنپوورەوە بەرێوە دەچێ.

شیوەن حەسەنپوور لە پێناسەیەکی کورت دا سەبارەت بەم وێبلاگە نووسیویەتی: بە رای من کاریکاتۆر زمانێکی وەزاڵەهاتووی بێدەنگیو نەگوتراوەکانی کۆمەڵگای پیتو دەربڕینە. دەستەکانم چی دی توانای هاواریان نییە، بۆیە خولقێنەرتر لە هونەر کاریکاتۆر دەلاوێننەوە.

''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''

وێبلاگی مریەمی قازی

وێبلاگی "دەستنووسەکانی مریەمی قازی" کە لە لایەن ناوبراوەوە بەڕێوە دەچێو بە دوو زمانی کوردیو فارسی نووسراوە، دەلاقەیەکە بۆ هونەرو ئەدەبیاتی کوردی .

لەم وێبلاگەدا چالاکی بواری ئەدەبیات، خاتوو مریەم قازی زۆربەی شێعرو وەرگێراوو چیرۆکەکانی تایبەت بە منداڵانو داستانو چیرۆکی جۆراوجۆری دیکەی کە خۆی نووسینیو وەریگێراونەتەوە بڵاو کردونەتەوە. لە یەکێک لە بەرهەمەکانی خاتوو مریەم لە ژێر ناوی "ئاخ ئەی ئەسپە جوانەکان"دا هاتوە:

وێکچوونێکی زۆر هەیە لەو وڵاتانەی کە کێشەی ماڤی مرۆڤ لەواندا چارەسەر نەکراوە واتە لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا کە کتێب سووتێندرا مرۆڤیش تێرەباران دەکرێ یان لەسێدارە دەدرێو رۆشنبیریو قەڵەم بێخاوەن دەمێننەوەو خەمی نان کە هاتە سەری تەنانەت ئەو رۆشنبیرانەی بەدانی تەعەهود بۆ بێدەنگمانەوە لە زیندانو مردن رزگارییان دێ دەکەونە گێژاوی تەنوورەو رێگا و بانێك کە بۆ پارووەنانێك ناچار مل بەهەموو مەترسییەك دەدەنو ئیدی بەدەیان فەرسەخ لە بیرمەندی دووردەکەونەوە.

"ژیار گوڵ" یەکێك لە ئەم ژوورنالیستە بوێرانەیە کە لەم پێیەدا راپۆرتی زۆر باش ئامادە دەکاو لە درێژەی ئەم چالاکییانەیدا دووربینەکەی گەیاندە سەر سنوورەکان وەك یەکێك لە گرینگترین ئەو شوێنانەی لەواندا بۆپەیداکردنی پارووەنانێك هیچ یاسایەك لەبەر چاوناگیرێ. لەلایەك رێگاوبانو هەڵەمووتێکی ڕژدو پڕمەترسیی مینڕێژکراو کە لاقولەتەری قاچاخچیی پێشێلکەری یاساکانی سەرسنوور وێڕای ئەسبو یەکسمەکانیان دەچێ دەقوڕێوەو دارو بەرد ، سەرماو گەرما بەگژیاندا دێو ئیدی ئامادەی وەن کە کارتۆنێك سیغارو جەعبەیەك مۆوز بۆی هەبێ گیانیان لێبستێنێ، لە لایەکی دیکە کەمیندارانی یاساپارێز! کە ئامادەی وەن کە بۆ کارتۆنێك سیغارو جەعبەیەك مۆوز گیان لە هەموو ئەو کەسانە بستێنن کە گیروگرفتی نان هەڵوەدای ئەم رێگاوبانەی کردوون. رۆژ نییە هەواڵی کوژرانی هێندێ کوڵکێشو هەموو ئەوکەسانە نەبیسین کە وێڕای یەکسمە کان دەکەونە بەر دەسرێژو لە جیاتی «نان» جەنازەیان دەگەڕێتەوە نێو ژنو منداڵیان. «قاچاغ» ئێستا بەتەواوی ئاوێتەی ژیانی دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان بووە و لە سەر وەڕا کە کاربەدەستان هۆکاری پەرەگرتنی قاچاغ لێك نادەنەوەو بۆ چارەسەرکردنی بێکاری وەك هۆکاری بنەڕەتیی ئەم گیروگرفتە هیچ هەنگاوێك هەڵنایەننەوە ئەم کێشەیە بەردەوام تازە دەبێتەوەو هەرجارە گیروگرفتێکی تازەتر ساز دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەیاننامەی
# نەهێشتنی
# توندوتیژی دژی ژنان

وەرگێران لە فارسی
قادر وریا



کۆڕی گشتی،بە ئاگاداری لەم پێویستی‌یە بە پەلەیە کە مافەکان‌و بنەماکانی پێوەندیدار بە یەکسانی، ئاسایش، ئازادی، تەواوەتی‌و گەورەیی هەموو مرۆڤەکان، دەبێ بە شێوەیەکی جیهانگیر لەباری ژنانیشەوە رەچاو بکرێن،

بە سەرنجدان بەوە کە ئەم ماف‌و بنەمایانە، لە بەڵگەنامە نێونەتەوەیی‌یەکاندا، بۆ وێنە لە «بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ»، «پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان»، «پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و کەلتووری‌یەکان»، «کۆنوانسیۆنی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازی‌دانان بە دژی ژنان»و «کۆنوانسیۆنی دژی ئەشکەنجەو رەفتار یا سزای توندوتیژ، نامرۆیی‌و پڕ لە سووکایەتی‌دا»، رێزیان لـێ گیراوە،

بە ئاگاداری لەوە کە بەڕێوەبردنی هەرچی کاریگەرتری «کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازی‌دانان بە دژی ژنان» یارمەتی بە نەهێشتنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەکاو، «بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان» بەو جۆرە کە لەم بەیاننامەیەدا دەخرێتە روو، ئەم رەوتە بەهێزو تەواو دەکا،

نیگەران لەوە کە توندوتیژی دژی ژنان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی، پێشکەوتن‌و ئاشتی‌یە، هەروەك لە «ستراتیژی‌یە داهاتووبینەکانی کۆنفرانسی نایرویی بۆ پێشکەوتنی ژنان»دا روون کراوەتەوەو لەواندا هێندێك گەڵاڵە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان پێشنیار کراوەو بە مەبەستی بەڕێوەچوونی بە تەواویی «کۆنوانسیۆنی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازی‌دانان بە دژی ژنان»،

پێداگر لەسەر ئەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، بناغەیەکە بۆ

> ب) توندوتیژیی جەستەیی، جینسی‌و دەروونی کە لە بەستێنی ژیانی بەکۆمەڵدا روو دەدن، بۆ نموونە: دەستدرێژی، کەڵکی خراپ‌وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسی‌و ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکاری‌یەکان‌و شوێنەکانی دیکەدا، کڕین‌و فرۆشتنی ژنان‌و لەشفرۆشیی بە زۆری.






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشێلکردنی مافی مرۆڤو ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی ژنانو، دەستڕاگەیشتنی ژنان بەم مافو ئازادی‌یانە تاڕادەیەك یان بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە،

نیگەران لە سەرنەکەوتن لە پشتیوانیو بەرەوژووربردنی ئەم مافو ئازادی‌یانە لە درێژخایەندا، سەبارەت بە توندوتیژی بە دژی ژنان،

بە ئاگاداری لەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، نوێنگەیەکە بۆ پێشاندانی نایەکسانیی مێژوویی پێوەندی‌یەکانی دەسەڵات لە نێوان ژنانو پیاواندا، کە بووە بە هۆی ژێردەستکردنو هەڵاواردنی ژنان بەهۆی پیاوانەوە، پێشگیری لە بەرەوپێشچوونی بەتەواویی ژنانی لـێ کەوتۆتەوە،

هەروەها ]بە ئاگاداری لەمە کە[ توندوتیژی دژی ژنان یەکێك لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتی‌یە گرنگانەیە کە ژنان ناچار دەکا مل بۆ پلەو پایەو پێگەی نزمتر ـ لە چاو پیاوان ـ رابکێشن،

نیگەران لەوە کە هێندێك لە گرووپەکانی ژنان بۆ وێنە ژنانی سەر بە گرووپە کەمایەتی‌یەکان، ژنانی خۆڵاتی (بومی)، ژنانی پەنابەر، ژنانی کۆچەر، ئەو ژنانەی لە لادێ یان ناوچە دووره دەستەکان دەژین، ژنانی بێ‌ئەنوا، ژنانی بەندکراو یان دەسبەسەر، کچانی مێرمنداڵ، ژنانی نەقوستانو بێ‌توانا، ژنانی بەساڵداچووو ژنانی ناوچە شەڕلێدراوەکان بەتایبەت لە بەرامبەر توندوتیژی‌دا لاوازن،

بە وەبیرهێنانەوەی دەرئەنجامی پاراگرافی 23ی هاوپێچی بڕیارنامەی 24ی مای 1990ی شووڕای کۆمەڵایەتی (ژمارە 15/1990)و هەست کردن بەوە کە توندوتیژی دژی ژنان لە بنەماڵەو کۆمەڵگەدا پەرە گرتوویەو لە سنووری داهات، چینو کەلتوور تێ‌دەپەڕێ، دەبێ هەنگاوی بە پەلەو کاریگەر بۆ لەنێوبردنی ئەم دیاردەیە بنرێ،

هەروەها بە وەبیرهێنانەوەی بڕیارنامەی 18/1991ی شووڕای ئابووریو کۆمەڵایەتی (30ی مای 1991) کە شووڕا لەودا پێشنیاری ئامادەکردنی بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەیی هێناوەتە گۆڕێ کە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە سەرنج بداتە کێشەی توندوتیژی بە دژی ژنان،

وەك پێشوازی لە رۆڵێك کە بزووتنەوەکانی ژنان لە راکێشانی رۆژ بەرۆژ زیاتری سەرنجەکان بۆلای نێوەرۆك، جیددیبوونو رەهەندەکانی کێشەی توندوتیژی بە دژی ژناندا هەیانە،

بە هەست کردنی ئەم مەترسی‌یە کە دەرەتانو دەرفەتەکانی ژنان بۆ وەدەستهێنانی یەکسانیی مافەکانو بەرابەری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابووریی کۆمەڵگەدا، بەهۆی جۆراوجۆرو یەك لەوان توندوتیژیی پەرەگرو بەردەوام، بەرتەسكو سنووردارن،

بە سەرنجدان بەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە، بڕوامان وایە کە پێناسەیەکی گشتگیرو روون بۆ توندوتیژی دژی ژنان، بەیاننامەیەکی روون لە بارەی ئەو مافانەی دەبێ رەچاو بکرێنو دەستەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە هەموو شێوەو جۆرەکانی دان،

هەروەها دەروەستبوونێك لەلایەن دەوڵەتانەوە بە نیازی رێزگرتن لە بەرپرسایەتی‌یەکانیانو، دەروەستبوونێکیش لەلایەن سەرجەمی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌یەوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان پێویستە. هەر بۆیە بەڕەسمی بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە خوارەوەدا رادەگەیەنینو سوورین لەسەر ئەمە کە بۆ ناساندنو رێزگیرانی لە لایەن هەمووانەوە، دەبێ هەر چەشنە هەوڵێکی پێویست بدرێ:

ماددەی 1:

لەم بەیاننامەیەدا، مەبەست لە دەستەواژەی «توندوتیژی دژی ژنان» هەر کردەوەیەکی



توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردانو زیانپێ‌گەیاندنی جەستەیی، جینسی یان دەروونیی ژنان، یان لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم جۆرە ئازارو زیانانە. هەڕەشە یان کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەش‌کردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لەبەرچاوی خەڵك یان لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتی‌دا روو دەدەن، لە رێزی رەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان.

ماددەی 2:

لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر بەم نموونانە نابەسترێتەوە:

ئەلف) توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە لە بنەماڵەدا روو دەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمنداڵ لە ماڵدا، توندوتیژیی پێوەندیدار بە جیاز (جهیزیە)، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنەکردنی ژنانو ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی لە پێوەندیی بەدەر لە ژنو مێردایەتی‌داو توندوتیژی تایبەت بە چەوساندنەوەی ژنان.

ب) توندوتیژیی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە لە بەستێنی ژیانی بەکۆمەڵدا روو دەدن، بۆ نموونە: دەستدرێژی، کەڵکی خراپ‌وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسیو ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکاری‌یەکانو شوێنەکانی دیکەدا، کڕینو فرۆشتنی ژنانو لەشفرۆشیی بە زۆری.

پ) توندوتیژیی جەستەیی، جیسنیو دەروونی کە بەهۆی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێ یان لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ.

ماددەی 3:

ژنان بە شێوەیەکی یەکسان ]لەگەڵ پیاوان[ مافی دەستڕاگەیشتن بە هەموو مافە مرۆیی‌یەکانو ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، مەدەنیو هەموو بوارەکانی دیکەداو، هەروەها مافی پاراستنی ئەو مافو ئازادی‌یانەیان هەیە. ئەم مافانە بریتین لە:

(ئەلف) مافی ژیان

(ب) مافی یەکسانی

(پ) مافی ئازادیو ئاسایشی کەسی

(ت) مافی پشتگیری لەلایەن قانوونەو.

(ج) مافی رزگاری لە هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن

(چ) مافی کەڵکوەرگرتن لە زۆرترین رادەی گونجاوی سڵامەتیی جەستەییو دەروونی

(ح) مافی ]هەبوونی[ هەلومەرجی دادپەروەرانەو جێگای رەزامەندی بۆ کار

(خ) مافی ئەوە کەتاك نەکەوێتە ژێر ئەشکەنجە یان سزاو رەفتاری توندوتیژی، نامرۆیی‌وپڕسووکایەتی.

ماددەی 4:

دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەنو نابێ هیچ دابونەریت یان تێ‌بینیی‌یەکی ئایینی، بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام ]نە[دانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژی‌دا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکانو بێ‌راوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەر ئەنجامەکەی درێژە پێ بدەن. هەروەها دەبێ:

(ئەلف) ئەگەر تا ئێستا بە تەواوی لە ئاست «کۆنوانسیۆنی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن دژی ژنان» خۆیان بەرعۆدە نەکردوە، دەبێ پەسندی بکەن، یان بەشێوەی رەسمی ببن بە ئەندامیو، واز لە مەرجە تایبەتی‌یەکانی خۆیان لەبارەی ئەم کۆنوانسیۆنەوە بێنن.

(ب) لە بە ئەستۆگرتنی هەر چەشنە توندوتیژی‌یەك، خۆ بپارێزن،

(پ) بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژیو ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەم پێوەندی‌یەداو، دانانی سزا بۆ کردەوەی توندوتیژ دژی ژنان، هەموو هەوڵێکی پێویست بە گوێرەی قانوونەکانی وڵات بدەن. جا چ ئەم کردەوانە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام درابن، چ لەلایەن کەسانی تایبەتی‌یەوە.

(ت) لە قانوونەکانی وڵاتدا دەبێ لایحەی رەسمیی سزایی، مەدەنی، کاریو ئیداری بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خەتایانە ئامادە بکەن کە دەرهەق بە ژنانی توندوتیژی‌چێشتوو، ئەنجام دراون. ئەو ژنانەی لەگەڵ توندوتیژی بەرەوڕوو دەبن، دەبێ رێگاچارەی قەزایی‌یان بۆ دابین بکرێو، بە پشتیوانیی قانوونەکانی وڵات، زیانەکانیان بە شێوەیەکی





دادپەروەرانەو کاریگەر بۆ قەرەبوو بکرێتەوە. دەوڵەت هەروەها دەبێ ژنان لە مافەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ داوای قەرەبووکردنەوەی زیانو وەدەستهێنانی توانایی بەهۆی ئەم رێگاچارانەوە ئاگادار بکاتەوە.

(ج) بەرنامەی نەتەوەیی بە مەبەستی پەرەپێدانی پشتگیری لە ژنان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەرچەشنە توندوتیژی‌یەك، یان زیادکردنی هێندێك ماددە لە بەرنامەکانی خۆیان بەو مەبەستە، هەروەها هاوکاریی گونجاو لە هێندێك بواردا لەگەڵ رێکخراوە نادەوڵەتی‌یەکان بەتایبەتی لەگەڵ ئەو رێکخراوانەی بە کێشەی توندوتیژی‌یەوە خەریکن.

(چ) دیاریکردنی رێگاکانی پێشگیری لە توندوتیژی‌و، دانانی پلانی گشتگیری کاری لە بوارەکانی حقووقی (مافەکان)، سیاسی، ئیداریو کەلتووریدا کە پشتیوانی لە ژنان لە بەرامبەر هەر چەشنە توندوتیژی‌یەکدا برەو پێ‌دەدەنو دەبنە دەستەبەرێك بۆ ئەوەی ژنان سەبارەت بە هەستیارنەبوونی قانوون لە ئاست تێ‌بینی‌یە جینسی‌یەکانداو لە ئاکامی جۆرەکانی بەڕێوەبردنی قانوونو خۆ تێهەڵقوتاندنە دەوڵەتی‌یەکانی دیکەدا، نابنەوە بە قوربانیی توندوتیژی.

(ح) هەوڵ بدەن بۆ دەستەبەرکردنی ئەوە کە ژنانی ژێر توندوتیژیو، ئەگەر پێویست بوو منداڵەکانیان لە یارمەتی‌یە تایبەتی‌یەکانی وەك توانایی‌پێ‌بەخشین، هاوکاری لە سەرپەرستیو چاوەدێریی منداڵانو ژیانو بەرێچووندا، دەرمان، راوێژکاریو خزمەتە لەشساغیو کۆمەڵایەتی‌یەکان بەهرەمەند بن. ناوەندەکان، پڕۆگرامەکانو رێکخراوە یارمەتیدەرەکان دەبێ هەنگاوی پێویست بۆ بەرەوژووربردنی ئاسایشو توانایی بەخشینی جەستەییو دەروونی بەوان، هەڵبگرن.

(خ) لە بوودجەی دەوڵەتدا، بەڕادەی پێویست بۆ تێکۆشانەکانی پێوەندیدار بە نەهێشتنی توندوتیژی تەرخان بکەن.

(د) بۆ فێرکردنو راهێنانی هێزەکانی ئاسایشو بەرپرسانی دەوڵەتیی بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی تایبەت بە پێشگیری، لێکۆڵینەوەو سزای توندوتیژی لە دژی ژنان، هەنگاوی پێویست هەڵبگرن تا ئەم کەسانە لەهەمبەر پێویستی‌یەکانی ژنان هەستیار بن.

(ذ) هەنگاوی پێویست بەتایبەتی لە بواری فێرکاریدا هەڵبگرن بۆ ئەوەی چاکسازی لەسەر مەشقە کۆمەڵایەتیو کەلتووری‌یەکانی رەفتاری پیاوو ژندا بکەنو، هەڵاواردنەکان، رەفتاری باوو هەموو چەشنە رەفتارێك کە لەسەر بناغەی ژێردەستی یان باڵادەستیی جنسێکەو، ژنو پیاو پێی راهاتوون، لە نێو ببەن.

(ر) لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوەی زانیاریو ئامار (ئەژمێرەکان)، بەتایبەتی لە باری توندوتیژیی بنەماڵەییو شێوە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ‌بدەنو هاندەر بن بۆ لێکۆڵینەوە لەباری هۆیەکان، نێوەرۆك، رادەی جیددیبوونو ئاکامەکانی توندوتیژی بەدژی ژنانو، رادەی کاریگەریی هەنگاوەکان بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژیو هەروەها قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی توندوتیژی لە هەمبەر ژنان. ئەم ئامارو زانیاری‌یانە دەبی بخرێنە بەرچاوی هەمووان.

(ز) هەنگاوی پێویست بە مەبەستی نەهێشتنی توندوتیژی بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ژنانەدا کە لە بەرامبەر توندوتیژی لاوازن، هەڵبگرن.

(ژ) لەو راپۆرتانەدا کە لە پێوەندی لەگەڵ بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤدا پێشکێشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەکەن، زانیاریی پێوەندیدار بە توندوتیژی دژی ژنانو، ]راپۆرتی[ هەنگاوی هەڵگیراو بە مەبەستی جێبەجێکردنی داواکانی ئەم بەیاننامەیە، بگونجێنن.

(س) هاندەری دانانی پلانی کاری بە مەبەستی جێبەجێبوونی بنەماکانی ئەم راگەیەندراوە بن.

(ش) هاوکاریی چالاکیو تێکۆشانی بزووتنەوەو رێکخراوە نادەوڵەتی‌یەکانی ژنان بکەنو لە ئاستی خۆجێیی، نەتەوەییو ناوچەییدا یارمەتی‌یان بدەن.

(ص) رێکخراوە ناوچەیی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان کە تێیاندا ئەندامن هان بدەن، ئەگەر بۆیان دەگونجێ لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنان بخەنە نێو بەرنامەی خۆیان.

ماددەی 5:

ئورگانەکانو نوێنەرایەتی‌یەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ ئەوەندەی لە توانایاندایە، یارمەتیی ناساندنو هێنانەدیی ئەو مافو بنەمایانە بدەن کە لەم بەیاننامەیەدا هاتوون. بۆ نموونە دەبێ:

ئەلف) یارەمەتی بە گەشەکردنی ئەو هاوکاری‌یە نێونەتەوەییو ناوچەیی‌یانە بکەن کە ئامانجیان پێناسەکردنی ستراتیژی‌یە ناوچەیی‌یەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی، گوازتنەوەی ئەزموونەکانو، بەرنامەماڵی‌یەکانی تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنانە.

ب) هاندەری ئەو کۆبوونەوەو سمینارانە بن کە ئامانجیان پێكهێنانو گەشەپێدانی ئاگایی نێوان هەموو تاکەکان لەهەمبەر پرسی ژنو لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنانە.

پ) یارمەتیی گەشەپێدانی هاوهەنگاویو هاوبەشیی نێوان بنیاتو ناوەندەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن تا پرسی توندوتیژی دژی ژنان بەشێوەیەکی کاریگەر بکەوێتە بەر سەرنج.

ت) لەو لێکدانەوانەدا کە بۆ دامەزراوو ناوەندەکانی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کێشەو گرفتو دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان ئامادەی دەکەن، وەك راپۆرتە ناوبەناوەکان لە بارەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی جیهان، توێژینەوە لەبارەی مەیلو بۆچوونەکان لە پێوەندی لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنانیش بگونجێنن.

ج) فۆرمۆلەکردنی پلانی کاری یان نامیلکەکانی رێنوێنی لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ‌بدەنو، ئەو هەنگاوانەی لەم بەیاننامەیەدا ئاماژەیان پێ‌کراوە، بگونجێنن.

چ) پرسی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان، ئەگەر دەگونجێ، ببەستنەوە بە جێبەجێکردنی بەرپرسیارەتی‌یەکانی خۆیان لە بەڕێوەبردنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا.

ماددەی 6:

هیچ شتێك لەم بەیاننامەیەدا نابێ هیچ یەك لە ماددەکانی قانوونی وڵاتێك یان هەر رێککەوتنو پەیماننامەیەکی کۆمەڵایەتی یان هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە کە لە وڵاتێك جێبەجێ دەکرێو بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان روونترو بەبڕشتترن، بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی

# جینسییەتی بوونی سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە ئێراندا



کوێستان فتووحی

لە سیستمی پەروەردەو فێرکردنی وڵاتی ئێراندا هەر لە قۆناغەکانی سەرەتاییەوە، فێرکردن لە سەر بنەمای جنسییەت دارێژراوە. هەڵاواردنی جنسییەتی هەمووکات بەشێک بووە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بۆ ئەم مەبەستەش دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بۆ نەهادینەکردنی ئەم سیاسەتەیان لە سیستمی پەروەردەو فێرکردنەوە دەستیان پێکردوە.

لە کتێبە دەرسی‌یەکانی ئێراندا ژن نە وەک کەسایەتیی کاریگەر لە دەورانە جۆراوجۆرەکانی مێژووی ئێراندا دیارە، نە رۆڵی لە سەرکەوتن‌و پێشکەوتنەکانی وڵاتەکەیدا، نە بەشی لە ئابووری وڵاتەکەی‌و زۆر بواری دیکەدا بووە. هەر لەبنەڕەتدا، جێگەو پێگەی ژن لە زۆر بواری دیارو کاریگەردا، لە کتێبە دەرسی‌یەکاندا نە دیارەو نە گرنگیی پێدراوە. تاکێکی پلە دوو، پشتگوێو لە پەراوێزخراوو لە باشترین حاڵەتدا وەک کەسایەتی‌یەکی عاتیفی، لاوازو خزمەتکاری بنەماڵە ناسێندراوەو پیاویش وەک کەسایەتیی بەهێز کە رۆڵی کارای لە دەرەوەی ماڵدا هەیە، ناسێندراوەو تەنانەت رۆڵی لە نێو ماڵیشدا وەک سەرپەرست‌و بەرپرس‌و بڕیاردەری بنەماڵە ناسێندراوە.

یەکێک لە پەیامە هەرە مەنفی‌یەکانی نێو کتێبە دەرسی‌یەکانی ئێران ژێردەستەیی ژنە لە ئاست کەسایەتیی پیاودا. پیاو بە ئاشکرا رەگەزی "پلەبەرزتر" و ژن " رەگەزی دووهەم" و هاووڵاتی پلە چەندەمە. بە شێوەی جۆراوجۆر لە وێنەو بابەتەکاندا ئەم روانین‌و کردوە، گوتوویەتی، لە کتێبەکانی دەورانی سەرەتایی، ناوەندی‌و دواناوەندیدا کە لێکۆڵینەوەکە زۆرتر لە سەر کتێبەکانی ئەو قۆناغانە کراوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو هەڵاوادرن بە دژی ژنان دەبینرێ. لەواندا ژن وەک هاووڵاتی پلە دوو ناسێندراوە. هەروەها ئەوەی نیشان‌داوە کە رۆڵی ژن لەو کتێبانەدا پێش ئەوەی مرۆڤی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی بێ، دایک، خوشک، هاوسەرو کچی ئەم پیاوو ئەو پیاوە. لە زۆر لە بابەتەکانی نێو کتێبەکاندا بۆ نموونە کچ لە داهاتوودا زۆرتر دەبێتە دایکێکی باش‌و پشتیوان‌و خزمەتکارێکی رازیی پیاوانی بنەماڵە. هەروەها هەوڵ دراوە نەخشی ژن لە کاروباری ئابووریدا وەک ئەرکێکی لاوەکی نیشان بدرێ‌و بە شێوەیەکی گشتی رۆڵی ئەو لە چواردیواری ماڵدا خولاسە کراوەتەوەو لە دەرەوەش هەمووکات لە کاروبارەکاندا رۆڵی نزمتری لەچاو رۆڵی پیاودا هەیە. لەسەر یەک نەخشی سەرەکیی ژن لە کتێبە دەرسی‌یەکانی ئێراندا: تەنیا ئاشپەزێکی باش‌و بە سەلیقەو ژنێکی مهێرەبان‌و دڵسۆز بۆ بنەماڵەیە. پیاویش جگە لەوەی نانهێنەرو سەرپەرست‌و بەرپرسی بنەماڵەیە، رۆڵی کاریگەریش لە کۆمەڵگەدا دەگێڕێ، واتە چەرخی ئابووریی وڵات ئەو دەیگێڕێ. بە گشتی کتێبەکان کۆمەڵگەیەکیان پیشان داوە کە دوو نیوەیە ، نیوەیەک ژێردەست‌و لە ژێر فەرمانی نیوەکەی دیکەدایە. کارە گرنگەکانی وەک بواری سیاسەت‌و حکوومەتداری‌و بەڕێوەبردنی وڵات‌و هتد، لە ئەستۆی نیوەکەی دیکەدایە. بە گشتی سیستمەکە ئەوە فێری نەوەکان دەکا کە پیاو بەهێزترە، عاقڵترەو ، کەواتە پیاو بڕیاردەرو دروستکەری ژیانە! بۆیە دەبێ نیوەکەی دیکە لە ژێر ئەمرو فەرمانی ئەودا بێ!

دوێنێ جنسییەتی‌کردنی پەروەردەو فێرکردن‌و ئەمڕۆ جیاکردنەوەی رشتە زانستگایی‌یەکان

کۆماری ئیسلامی بەم هەڵاواردنە جنسییەتی‌یانە لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، هەڵاواردنی جنسییەتیی پەرە پێداوەو ویستوویەتی روانینی جنسییەتی لە کۆمەڵگەدا نەهادینە بکا. یەکێک لە فاکتەرە هەرە کاریگەرەکان بۆ نەهادینەکردنی هەر یاساو کەلتوورێک، سیستمی پەروەردەو فێرکردنە کە دەتوانێ ئەم ئامانجە وەدی بێنێ. هەرچەند دەکرێ بڵێین بە داخەوە تا رادەیەک ئەم سیاسەتە زیانی بە کۆمەڵگەی ئێران گەیاندوەو بمانەوێ‌و نەمانەوێ ئەمە کاریگەریی لە سەر ژیانی بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە داناوە، چونکە منداڵێک لە پەیامە بە ڕوونی دەبینرێ. لە زۆر بابەتی نێو دەرسەکاندا ئەگەر باس لە ژن کرابێ تەنیا وەک دایک، خوشک، کچ، هاوسەری فڵان کەسایەتیی پیاوی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و... باسی کراوە. کەمتر دەبینرێ باس لە ژن وەک خۆی بکرێ. یان ژن لە حوزووری پیاودا بڕیاردەر بێ، مەگەر لە چوارچێوەی ماڵ‌و پێوەندیی بە کاری نێو ماڵەوە مەشوورەتی لەگەڵ بکرێ، دەنا بڕیاری کۆتایی‌و قسەی ئاخر هەر پیاوە دەیدا. یان ئەرکی ژن لە دەرەوەی ماڵ وەک ئەرکێکی لاوەکی‌و بە هەڵکەوت نیشان دراوە، ئەگەریش هەبێ، ئەوە ژنێکە بە هەر هۆیەک هاوسەرەکەی لەدەست داوە سەرپەرستی بنەماڵەیە، لە شوێنی کاریش نەک وەک بەرپرس بەڵکوو لە ژێر ئەمرو فەرمانی پیاودایە.

هەڵاواردنی جنسییەتی لە سیستمی فێرکردنی ئێراندا مەسەلەیەکی شاراوە نیەو لە زۆربەی کتێبە دەرسی‌یەکاندا زۆر بە روونی‌و زەقی لە بابەت‌و تەنانەت وێنەکاندا دەبینرێ. بۆ نموونە بوونی ژن لە وێنەکانی پێوەندیدار بە کارەوە بە بەراورد لەگەڵ پیاو حوزوورێکی زۆر کەمڕەنگی هەیە. بە پێی لێکۆڵیەنەوەیەک کە ناوەندێکی زانستیی ئەمریکایی لە سەر هێندێک لە کتێبە دەرسی‌یەکانی ئێرانی کردوە، لەسەر یەک نزیک نیوەی ئەو 1147 وێنەیە کە لەواندا ژن حوزووری هەیە، پێوەندیی بە دوو بەشی فێرکردن‌و بنەماڵەوە هەیەو، کەمتر لە 7 لەسەدی وێنەکان لە شوێنەکانی کار (دەرەوەی ماڵ) پێوەندی‌یان بە ژنەوە هەیە. واتە لە نێو بابەتی کتێبە دەرسی‌یەکاندا ژن‌و پیاو لە هیچ بارێکەوە تاکی یەکسان نین. بەردەوامیش لە لایەن بەرپرسان‌و کاربەدەستانی ئامووزشی‌یەوە بۆ مەشرووعییەت‌دان بەو هەڵاواردنانە پاساو دەهێنرێتەوەو جیاوازیی ژن‌و پیاو بە ئەمرێکی سروشتی‌و خودایی دەزانن.

ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لە ساڵەکانی 85 و 86دا لە سەر نێوەرۆکی بەشێک لە کتێبە دەرسی‌یەکانی ئێران کراوە، ئاکامەکەی ئەوەی نیشان داوە کە نێوەڕۆکی کتێبەکان بەرانبەر بە ژنان‌و کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌و ئایینی‌یەکان لە ئێراندا هەڵاواردنی زۆری تێدایەو بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە، فێرکردنی قوتابیان‌و خوێندکاران بنەماکەی لە سەر هەڵاواردنی جنسییەتی‌و بەهێزکردنی ئیدئولۆژیی مەزهەبی شیعە دارێژراوە.

دوکتور سەعید پەیوەندی مامۆستای کۆمەڵناس لە دانشگای پاریس کە سەرپەرستی دەستەی لێکۆڵینەوەکەی کردوەو پێشتریش کتێبێکی لە بارەی ئیسلامی‌کردنی سیستمی پەروەردە و فێرکردن لە ئێران‌دا لە فەڕانسە چاپ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سەرەتاکانی قۆناغی فێرکردنەوە لە قوتابخانە ئەم کەلتوورە لە بیرو زەینیدا بچەسپێ، لە داهاتووشدا هەر بەم شێوەیە دەڕوانێتە دنیای دەوروبەری.

بەڵام ئایا کۆماری ئیسلامی بەتەواوی بە مەبەستەکانی خۆی گەیشتوە؟ خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە لەم سیستمەدا کە ئەم هەموو رێگرتن‌و بەربەست‌دروست‌کردنە لەسەر رێی نیوەی کۆمەڵگەدا هەیە، دیسانیش دەبینرێ کچان ئەگەر نەڵێین زۆرتر، بە رێژەیەکی یەکسان لە گەڵ کوڕان پلەکانی خوێندن دەبڕن‌و خۆیان بۆ بازاڕی کارو سیاسەت و.... ئامادە دەکەن.

پێشکەوتن‌و سەرکەوتنەکانی رۆژلەرۆژزیاتری ژنانی ئێران لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن کە کۆماری ئیسلامی لەو سیاسەتەیدا سەرکەوتوو نەبووە. هەرچەند سیستمی پەروەردە لە گۆڕانکاری‌و پیشکەوتنەکانداو لە جێگیربوونی کەلتوورو فەرهەنگدا نەخشی زۆر ئەساسیی هەیە، بەڵام پێشکەوتنەکانی دنیای هاوچەرخ، بە جیهانی‌بوون‌و کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی‌و پێشکەوتنەکانی جیهان‌و کاریگەری‌یان لەسەر کۆمەڵگەی ئێران، رێگە بە کۆماری ئیسلامی نادا ئەم سیاسەتەی بە کەیفی خۆی بەرێتە پێش‌و چۆنی پێخۆش بێ بیکا.

لەم چەند ساڵەی رابردوودا کچان لە ئێراندا لە بوارە پەروەردەیی‌و فێرکاری‌یەکاندا سەرەڕای ئەو هەموو هەڵاواردن‌و رێگرو بەربەستانەی ئەو رێژیمە بۆی دروست کردوون، سەرکەوتنی درەوشانەوەی زۆریان بەخۆیانەوە دیوە، ئەمە راستی‌یەکەو حاشای لێناکرێ رێژەی دەرچووانی کچان لە زانستگاکاندا، بەبەراورد لە گەڵ کوڕان زۆر زیاتر بووە، ئەمەش هەرگیز لەگەڵ نییەت‌و ماهییەتی کۆماری ئیسلامی نەهاتۆتەوەو نایەتەوە.

لە راستیدا ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە هەموو هەڵاواردن‌و توندوتیژی‌یەکانیەوە، بە هەموو دژایەتی‌یەکی لەگەڵ ژنان هەیبووە، تا ئێستاش نەی‌توانیوە وڵات بەرەو ئەو جەهەننەمە بەرێ کە خۆی دەیەوێ. ئەمە بۆ دوو هۆکاری گرنگ دەگەڕێتەوە، یەکیان سەردەمەکەیە، کە مافی مرۆڤ‌و یەکسانی‌و دادپەروەری بایەخی هەیە. ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم بوارەشدا دەیکا پێشێل‌کردنی بێ‌ئەملاوئەولای ئەو بایەخانەیەو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناکرێ چاوپۆشیی لێبکا، دووهەم خودی کۆمەڵگەی ئێرانە کە نایانەوێ لە دنیای مۆدێرن‌و پێشکەوتنەکانی دابڕێن‌و ژنانیش هیچکات ملیان بۆ کۆنەپەرستان دانەنەواندوەو رێگە نادەن کۆمەڵێک ئاخوندی کۆنەپەرست‌و دواکەوتوو، ئەوان بگێڕنەوە بۆ سەدەکانی جاهیلییەت .

> ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لە ساڵەکانی 85 و 86دا لە سەر نێوەرۆکی بەشێک لە کتێبە دەرسی‌یەکانی ئێران کراوە، ئاکامەکەی ئەوەی نیشان داوە کە نێوەڕۆکی کتێبەکان بەرانبەر بە ژنان‌و کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌و ئایینی‌یەکان لە ئێراندا هەڵاواردنی زۆری تێدایەو بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە، فێرکردنی قوتابیان‌و خوێندکاران بنەماکەی لە سەر هەڵاواردنی جنسییەتی‌و

# ڕۆڵی کچان و ژنان لە شۆڕش دا

گەلاوێژ پەیرەوان



هەر لە سەرەتای دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو هەروەها پێکهێنانی کۆماری کوردستانو پاشان سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی ئاشکرای تێکۆشانی حیزبەوە، ژنانو کچانی کورد کەموزۆر بە ئاشکراو بە نهێنی بەشداری‌یان تێداکردوەو جێگا پەنجەیان دیاربووە. ڕەنگە لە سەرەتاکانی دامەزرانی حیزبدا نەخشو ڕۆڵی ژنان زۆر بەرچاو نەبووبێ، ئەوەش بەومانایە نیە کە ژنانی ئەو سەردەمە بە نیسبەت مەسایلی سیاسیو نەتەوایەتی کەمتواناو بێئاگابوون. بەڵکوو بارودۆخو دەرفەتەکان جیاواز بوون. چونکە کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان لەباری کۆمەڵایەتی‌یەوە بەداخەوە کۆمەڵگایەکی سوننەتی‌و تاسەر ئێسقان پیاوسالار بووە. ئەمە لەلایەکو لەلایەکی دیکەشەوە تەنانەت دەرفەتی کاری سیاسی بۆ پیاوان شتێکی مەحاڵ بوو تا دەگا بە ژنان، ئیتر چۆن دەکرا چاوەڕوانی‌یەکی وا لە ژنان بکرێ کە لەو مەجالەدا چالاک بن.

بەڵام بەخۆشی‌یەوە لەدوای ڕووخانی سیستمی پاشایەتیی پەهلەوی‌و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەیخەباتی ئاشکرای حیزب، مەجالێکی لەبارو باشتر بۆ خەڵک ڕەخسا تاکوو بە ئاشکراو بەبێ ترس‌و دوودڵی دەنگی لەگەرووداخنکێندراوی چەندساڵەیان هەڵبڕن‌و داوای مافەکانیان بکەن. هەربۆیەش دوابەدوای دامەزراندنی بنکەکانی حیزب لەشارو گوندەکانی ڕۆژهەڵات، پۆڵپۆل خەڵک ڕوویان لەو بنکەو بارەگایانە دەکرد بە مەبەستی ناونووسین لە ڕیزی حیزبی دێموکڕاتدا.ژنانیش بە هەستکردن بەبێمافیی نەتەوەکەیان لەلایەکو ئەو زوڵم‌و ناحەقی‌یانەی لە کۆمەڵگەدا بەرانبەر بە ژنان دەکرا لەلایەکی دیکە، لە دەرفەتێک دەگەڕان بۆئەوەی نەخشی خۆیان لە خەباتی ڕزگاری‌خوازانەی گەلەکەیاندا بگێڕن،هەر بۆیە ڕیزی حیزبی دێموکراتیان هەڵبژاردو لە دەوری سیاسەتەکانی کۆبوونەوە. چونکە ئەوان داواو داخوازییەکانی خۆیان. لەبەرنامەو سیاسەتی ئەو حیزبەدا بەدی دەکرد. بەسەرنج‌دان بە خەباتو چالاکیی ژنان لە حیزبدا، ئەوان بە سێ گرووپ دابەش دەکەم.

گرووپی یەکەم:

ئەم گرووپە ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە بەهۆی جۆراوجۆرو ئەو بەربەستانەی بنەماڵەو بەگشتی کۆمەڵگا خستوویانەتە سەر ڕێگایانو نەیانتوانیوە ڕاستەوخۆ بێنە نێو ڕیزەکانی حیزبەوەو تێکەڵ بە کاری سیاسی و تەشکیلاتی بن. بەڵام ئەوان ناڕاستەوخۆ بەشێوەی جۆراوجۆر خزمەتیان بە خەباتی حیزبو گەلەکەیان کردوەو ڕۆڵیان ڕوون‌و بەرچاوە.

زەحمەتی ئەم ژنو کچانە لەوانەیە سادەو ساکارو کەمتر بەرچاو بووبێ، بەڵام لە جێگای خۆیدا بۆ پێشمەرگە گەورەو بەسوود بووە.تێکۆشانی ژنان لەم کارانەی خوارەوەدا خۆی دەنواند: ئامادەکردنی نانو پێخۆرو گەیاندنیان بە پێشمەرگە لە کاتە جیاوازو مەترسیدارەکاندا، واتە لەو کاتانەدا کە پێشمەرگەکان لە شوێنێکی دوورەدەستو دوور لە ئاوەدانی ماونەتەوەو دەستیان بە نانو کەرەسەی پێویست ڕانەگەیشتوە.

ئەوە ئەو شێرە ژنانەی کوردبوون کە بوێرانە بوخچەیان پێچاوەتەوەو لەکۆڵیان بەستوەو دۆڵاو دۆڵو مووچەو مەزرا گەڕاون تاکوو نانو پێخۆرو زۆر پێداویستیی دیکە بگەیەننە پێشمەرگەکانی دێموکڕات. ئەگەریش پێشمەرگەکان هاتبانەوە بۆ شارو گوندەکان، ئەوان بەبێ سێ‌ودوو بە ڕوویەکی خۆشو دڵێکی فرەوانەوە بە پیریانەوە دەچوونو بە باوەشی ئاوەڵاوەو دڵسۆزانە خزمەتیان دەکردن، ئاویان بۆ گەرم دەکردنو جل و بەرگەکانیان بۆ دەشتن، خواردنی خۆشیان بۆ لێدەنان. زۆرجاری وا هەبووە لە دەمی منداڵەکانیان گێڕاوەتەوە بۆ ئەوانیان داناوە. لەکاتی سەرماو سۆڵەدا گۆرەوی‌و پووزەوانەو دەستەوانەی گەرمیان بۆ چنیونو پێشکەشیان کردوون.

جیا لەمانەش

هێنان‌وبردنی نامەو شتی لەم بابەتە لە نێوان تەشکیلاتو پێشمەرگەکاندا، کەجاری وا هەبووە تەنانەت گواستنەوەی چەکو چۆڵیشی گرتۆتەوە.یان ئاگادار کردنەوەی پێشمەرگەکان لەکاتی دانانی کەمین لە نێو گوندەکانداو هاتنی هێزەکانی ڕێژیمو زۆر هەواڵی دیکە کە پێوەندی‌یان بە پێشمەرگەو دوژمنەوە هەبووە لە ئەرکەکانی ژنان بووە.

ئەو کاتانەی پێشمەرگەکان لەنێو گوندەکاندا لە حاڵی پشوو و حەسانەوەدا بوون ژنان چاونەترساوانەو بە چەکەوە زۆر بە باشی‌و وریایی پاسەوانیی ئەوانیان کردوە. ئەمەیش ئەو ڕاستی‌یە دەردەخا کە ژن هەر لە بواری کابانەتی‌یەوە توانای خزمەت بە شۆڕش‌و حیزبی نەبووە، بەڵکو لە زەمینە جۆراوجۆرەکانی دیکەشدا بەتواناو چالاک بووە.

پێویستە لێرە ئەوە زیاد بکەم کە ئەمجۆرە ئەرکو زەحمەتانە زیاتر لەسەر شانی ژنانی گوندەکان بووە. کە بە باوەڕی من جێگای ڕێزو پێزانینە.

ئەوە بەو مانایە نیە کە کچان‌و ژنان لە شارەکان هیچ مەیلێکیان بەلای شۆڕش‌و حیزبدا نەبووبێ. بەڵکوو ئەوانیش لەسەرەتای ئەو خەباتەوە کە لەشارەکان دەستی پێ کردوەو دوایەش پەرەی سەند بۆ گوندەکان، زۆر چالاکو ئەکتیڤ بوون. ئەوان لە خۆپێشاندانەکانی 1357دا لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەراندا بوون. کچان لە قوتابخانەکانداو بەهۆی هەستی نەتەوایەتی‌یەوە زۆر بە دڵگەرمی خەریکی کاری سیاسی‌و تەشکیلاتی بوون، کە ڕووبەڕووی ئازارو ئەشکەنجەی دڕندانەی دوژمنانی ئازادی‌و مافی مرۆڤ دەبوونەوەو تەنانەت بەشێکیشیان دوچاری چاڵە ڕەشەکانی دوژمن بوون. کەم نین ئەو کچو ژنانە کە لە زیندانەکانی ڕێژیمی جەهلو نەزانیدا بە شێوەیەکی نامرۆڤانەو دوور لە بەهاکانی مرۆڤ تووشی ئەشکەنجەو ئازاری جەستەیی‌و ڕۆحی‌و دەروونی‌و لە هەمووشیان قێزەونتر دەستدرێژی لە لایەن جەلادەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هاتوون، کە بەم هۆیەوە زۆریان دوای ئازاد بوونیشیان تووشی نەخۆشیی دەروونی‌و خەمۆکی بوون.

گرووپی دووەم:

لەو کچو ژنانە پێک هاتوون کە ڕاستەوخۆ ڕیزی شۆڕش‌و حیزبیان هەڵبژاردوەو جەسورانەو ئازایانە دەستیان داوەتە چەکی بەرگری لە خاکو نیشتمانە زەوت‌کراوەکەیان. ئەم بەشە لەوان بە دڵێکی پڕ لە هیواو بە باوەڕ بەخۆبوونێکی زۆرەوە ئەم ڕێبازەیان گرتۆتەبەرو ئامادەی هەرچەشنە فیداکاری‌یەک بوون.

ئەوان ئازایانە دیواری نایەکسانیی کۆمەڵگەیان شکاندووەو سەلماندوویانە کە ئەگەر لەلایەن کۆمەڵگەوە ڕێگایان پێ‌بدرێ ئەوانیش توانای کاری لەوشێوەیەیان هەیەو هیچیان لە پیاوان کەمتر نیەو دەتوانن لەو بوارانەدا خزمەت بە گەل‌و نیشتمانەکەی خۆیان بکەن. ئەوان لە سێ دەیەی ڕابردوودا لە ڕیزی حیزبدا شان‌بەشانی برا پێشمەرگەکانیان لە هەر چەشنە ئەرکو چالاکی‌یەکی سیاسی، تەشکیلاتی‌و نیزامیدا کەلە لایەن حیزبەوە بۆیان دیاری کراوە بەشداربوون‌و بەسەخاوەتەوە گیانی خۆیان کردۆتە قوربانیی ڕێبازەکەیان،ئەوان زۆرجار لە سەنگەری پێشەوەی بەرگریدا سنگیان بۆتە نیشانەی گوللەی دوژمن. بوونی دەیان ژنو کچی شەهید لە ڕیزی شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزبو گەلەکەماندا، بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستی‌یە.

گرووپی سێیەم:

ئەم بەشەی کچانو ژنانی خەباتکاری گەلەکەمان جیاوازە لەوانی دیکە.

چونکە ئەرکو بەرپرسیارەتیی ئەمان لەباری وەزنو هەروەها لەشێوەدا فەرقی هەیە. ئەم ژنە خەباتکارانە بریتین لە کەس‌وکاری ئەو کادرو پێشمەرگانەی کە حیزبیان پێک هێناوەو ڕاستەوخۆو بەردەوام لەمەیدانی خەباتدا بوون‌و هەن. دایک، خوشک، هاوسەرو کچی ئەو قارەمانانەن کە گیان‌و ژیانی خۆیان بەختی ئازادی‌و بەختەوەریی گەل‌و خاکیان دەکەن.

ئەم ژنە دێموکراتانە ئەرکێکی گەورەو مێژوویی‌یان وە ئەستۆی خۆیان گرتوەو ئامادەی هەر چەشنە قوربانی‌دانێک بوون کە بەهۆی شۆڕشەوەو بۆ ڕزگاریی گەل‌و نیشتمانە زەوت‌کراوەکەیان دەکەوێتە سەرشانیان. ئەوان پشتیوانێکی بە هێزی شۆڕشگێڕانی حیزب‌و گەلەکەیانن.

ئەم ژنە مەزنانە لەماوەی زیاتر لە سی ساڵی ڕابردوودا، ڕاستەوخۆو بێ وچان لەنێوجەرگەی خەبات‌و شۆڕشدا بوون‌و پێ‌بەپێی پێشمەرگەکان هاتوون‌و بەردەوامن.

بێگومان لەم ڕێگایەدا گەلێک کەندوکۆسپیان بڕیوەو زۆر تاڵی‌و سوێری‌یان چەشتوە. ئەوان دوور نەبوون لە ئاگری تۆپو گوللەی دوژمن لەکاتی هێرش بۆ سەر بنکەکانی پێشمەرگە یان ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا، کە بنەماڵەکانی ئەوانیش لەوێ نیشتەجێ بوون. بەشێکی زۆر لەو ژنانە لەکاتی شەڕو هێرشی دوژمن بۆسەر بنکەو بارەگاکانی حیزب لەناوچە ئازاد کراوەکانی باشووری کوردستاندا، دەگیرانو ڕاپێچی بەندیخانەکان دەکرانو بەشێوەیەکی بێ‌ڕەحمانەو نامرۆڤانە ئەشکەنجەو ئازاری ڕووحی‌و دەروونی دەدران. زۆر لەو ژنانەی دەگیرانو ڕەوانەی بەندیخانەی دوژمن دەکران لەحاڵی دووگیانیدا بوون، کەهەر لە بەندیخانەو بەشێوەیەکی نازانستیانەو بەبێ دکتۆرو پسپۆڕی منداڵبوون منداڵەکەیان دەبوو، و لەگەڵ بەرخوردی نابەجێی پاسەوانو زیندانەوانەکان بەرەوڕوو دەبوونەوە. یان لەکاتی گیرانیاندا منداڵی ساواو بچووکیان پێ‌بووە، زۆری ئەو ژنانە بەچەند ڕۆژیان یان چەند مانگ بەهۆی خۆڕاگری‌و ملکەچنەکردنیان بۆ دوژمن لە تەک سلوولیدا ڕاگیراون. بەڵام ئەم جۆرە سەختی‌و ناخۆشی‌یانە نەبوونەتە هۆی ڕووخانی وەرەیانو چۆکی پێ‌دانەداون. هەروەها نەبوونە ڕێگر لەبەردەم هاوسەرەکانیانداو لە خەباتو تێکۆشان ساردیان نەکردوونەوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی ئەوان دایک، خوشک، هاوسەرو کچی ئەو تێکۆشەرانەی دێموکڕات بوون، بۆخۆشیان بیروباوەڕێکی قووڵیان بەو خەباتە هەبووە.

لەو کاتەشدا کە لە پشتی شەڕگەو دوور لە پیاوەکانیان بوون، بەمانگو بگرە بە ساڵیش ئەوانیان نەدیتوە، ئەرکی بەخێوکردنو پەروەردە کردنی منداڵیان وە ئەوستۆی خۆیان گرتوەو نەیان هێشتوە بێ باوکی‌یان پێوە دیار بێ، ئەوان منداڵەکانیان لەبارودۆخێکی سەختو بێ ئیمکاناتی یەکی لەڕادەبەدەردا بە بیرێکی فرەوانو ڕوحێکی نەتەوەیی‌و شۆڕشگێڕانەوە پەروەردەکردوەو تەحویلی کۆمەڵگەیان داون.

ئەوان هەرگیز وەک ژنێکی ئاسایی نەژیاون، چونکە زۆربەی ژیانیان لەدڵەڕاوکێ‌و نا ئەمنیدا بەسەر بردوەو هەردەم چاوەڕوانی هەواڵو خەبەری مەرگی هاوسەرەکانیان بوون.

کەم نین ئەو ژنانە کە خەنەی بووکێنی بەدەست و لاقیانەوە کاڵ نەبۆتەوە کە هاوژینەکەیانچۆتە مەئموریەتێکی حیزبی‌و نەگەڕاوەتەوە. هەروەها زۆر لەو ژنانەی دووگیان بوونو چاوەڕوانی گەڕانەوەی خۆشەویستەکەیان بوون تا لە جەولەی سیاسی‌و نیزامی بگەڕێنەوەو پێکەوە بە هاوفکریی یەکتر ناوێکی خۆشی کوردی بۆ کۆرپەکەیان دەست‌نیشان بکەنو لەتەنیشت یەکو بە خۆشی چاوەڕوانی لەدایک‌بوونی منداڵەکەیان بن، بەڵام مخابن نەگەڕاونەوە ئەو ژنانەیش هەر لە چاوەڕوانیدا ژیان بەسەر دەبەن، چونکە زۆر لەو ژنانە تەنانەت تەرمی لە خوێنداشەڵاڵیهاوسەرەکانیشیان نەدیوەتەوە، هەر بۆیە قەت باوەڕناکەن کە ئەوان لە ژیاندا نەماون. لەهەمان کاتدا منداڵانی ئەوجۆرە ژنانەش بۆ هەتا هەتایە لەنازی پڕ سۆزی باوکایەتی بێ‌بەش بوونو هەرگیز ڕوخساری باوکیان بەچاوی گەشیان نەدیتوە.

ئەم ژنە خەباتکارانەی حیزب سەڕەڕای ئەوەی ئەرکی پەروەردە کردنی منداڵەکانیان گرتبووە ئەستۆی خۆیان، بۆ ئەوەی هاوژینەکانیان بە خەیاڵی ئاسوودەو بەبێ دوودڵی ئەرکو مەئمووریەتی حیزب جێبەجێ بکەنو تواناو وزەی خۆیان بۆ خزمەت بە حیزبو گەلەکەیان سەرف بکەن، لەهەمان کاتیشدا لە هیچ ئەرکو وەزیفەیەکی حیزبی کەبەوان ڕاپەڕیبێ کەمتەرخەم نەبوونو لە هاوکاری‌کردنی پێشمەرگەکان لەکاتە جیاوازەکاندا درێغی‌یان نەکردوە.

هەردەم خۆیان بە دایکو خوشکی ئەوان زانیوەو لەکاتی نەخۆشی‌و برینداریدا خزمەتیان کردوونو بەباشی ئاگاداریان بوون.

ماڵەکانیانبە ماڵی پێشمەرگەکان زانیوەو لەکاتی لێنانی خواردنی خۆش‌و جەژندا ئەوانیان لە منداڵەکانی خۆیان جیا نەکردۆتەوە.

لەوکاتانەی پێشمەرگەکان دەچوونە گەڕانی سیاسی‌و نیزامی‌و بنکەکان چۆڵ دەبوونو تەنیا چەند پێشمەرگەیەکیان بۆ پارێزگاری لێ دەمایەوە ئەوە ژنان بوون کە شان‌بەشانی ئەو چەند پێشمەرگانە ئامادە بوون تا کاتێک پێشمەرگەکان دەگەڕانەوە بنکەکانیان بۆ خاوێن دەکردنەوەو ڕاخەرو پەتووی پێشمەرگەکانیان دەشۆرد.

تەنانەت زۆر وەخت مرەباو ترشیاتو ڕوبیشیان بۆ دروست دەکردن، سەرئەنجام لئەو کاتانەی مەترسیی هێرشی دوژمن بۆسەر بنکەکان هەبوو ئەوان هاوکات لەگەڵ ئەو چەند پێشمەرگەیە ئامادەی بەرگری بوون.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە زیاد بکەم کە لە درێژەی خەباتی ئەو ژنانەدا بە خۆشیەوە هەر ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان لە ئۆرگانەکانە جۆراو جۆرەکانی حیزبی دێموکڕاتدا خەریکی کارو چالاکین و ئەوان شان بەشانی پێشمەرگە پیاوەکان خەباتی ئەم حیزبە درێژە پێدەدەن. ژنان لە نێو حیزبدا جێگەو پێگەی خۆیان گرتووەو لە هەوڵی خۆپێگەیاندن لە ئاستەکانی کاری حیزبی دان.










کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن لە تێڕوانینی فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاوادا

ن: سوزان مولێر ئاکین

و: خەبات ڕەسووڵی



فەلسەفەی ئەرەستۆ لە ئامانجو میتۆدی قسەکردنیدا بەشێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ فەلسەفەی ئەفلاتووندا جیاوازیی هەیە. ئەرەستۆ خاوەن بۆچوونەو بیرمەندێکی ئەبستراکتەو بەو هۆیەوەش لە جەمسەرێکی تەواو نەیاردا بەرانبەر بە ئەفلاتوون دەوەستێ. بە وتەیەکی ئەفلاتوون بەدرێژایی پەیڤو دیمانەو گفتوگۆکان بەشێوەیەکی رەخنەئامێز باس لە بۆنەو دابونەریتەکانی رۆژ دەکاتو خۆ لە باسە تابۆکان هەڵدەقوتێنێو نەترسانە بیروڕاکانی دەردەبڕێو بەشێوەیەکی رادیکاڵانەو بوێرانە بەرگرییان لێدەکا.

بەڵام ئەرەستۆ خۆی بەو مەعریفانەوە سەر قاڵ دەکا کە لەلایەن خەڵکەوە ناسراون‌و بەدوای روونکردنەوەی دیاردەکانەوەیەو هۆکاری بوونیان لە رێگەی ناسینێکی ئەزموونی‌یەوە تاوتوێ دەکا، لەوانەیە هیچ فەیلەسووفێك تەنانەت بەهیگڵیشەوە کە بەرهەمەکانی وەکوو باشترین باسگەلی فەلسەفی ناسراون، پێناسەیەکی وەهایان بۆ فەلسەفە نەبێ کە دەڵێ: "فەلسەفە ئەو بۆچوونانەیە کە لە بارودۆخی سەردەمدا دەردەکەون‌و دەرك دەکرێن".

ئەرەستۆ سەبارەت بە مەعریفەو ناسینی ئەزموونی دەڵێ: "مرۆڤ مەعریفەی خۆی بە هەستێکی پاژەکیەوە دەست پێکردوەو تیگەیشتنی بەهۆی ئەو هەستە پاژەکی‌یەوە وردە وردە بە ئەنجام گەیاندوە، بە وتەیەکی دیکە، هەر مەعریفەیەک سەرەتا لە هەستڕا دەست پێدەکا، هەستێکی پاژەکی‌و لە شوێن‌و کاتێکی دیاریکراو کە تاکێکی دیاریکراو هەیەتی، پاشان ئەو مەعریفەیە دەکەوێتە بواری گۆڕانکاریی خۆیەوەو هێدی‌هێدی گەشە دەکا. بەو گۆڕانەدا هەر پلەیەکی مەعریفە لە مەعریفەیەك کە بەر لەو بوونی بووە دەزێ، یانی سەرتری مەعریفە لە قۆناغی خوارتری خۆیەوە دەست پێ دەکا. ئەرەستۆ لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لێکۆڵینەوە زانستی‌یەکان بەسانایی سەیرکردنی کردە دنیایی‌یەکان نییە، چونکە لێکۆڵینەوەی زانستی ئەو کردەیەیە کە هۆی کۆتایی‌و سەبەبی بوونی کردەیەک، یان شتێك دەردەخەن، هەروەها لە روانگەی ئەوەوە هۆی کۆتایی کردەکان دەبێ بەو رێگایەی کە بوونیان تێدا پێناسە دەکرێ‌و هەست پێدەکرێن، شرۆڤە بکرێن‌و توێژینەوەیان لەسەر بکرێ. ئەفلاتوون هەوڵی دەدا گفتوگۆکانی سەبارەت بە باسی جۆراوجۆرو بەشێوەیەکی بەڵگە وتەی هزری‌و ستاندارد دەربڕێ، بەو هۆیەوە میتۆدگەلێکی دیاریکراو لە پەیڤەکانیدا باو بوو.

بەڵام لەبەرانبەردا ئەرەستۆ لە هەرێمی دەربڕینی بیروباوەڕە فەلسەفی‌یەکانی خۆیدا میتۆدگەلێکی توێژینەوەیی دێنێتە ئاراوە کە لەگەڵ شێوازەکانی ئەفلاتوون جیاوازیی هەیە. بۆ نموونە ئەو لە (اخلاق نیکوماخوس (ETAICSNICOMACNEAN دا لە بەشی شیکردنەوەی "فضیلت" ئاماژە بەمیتۆدی توێژینەوە دەکاو دەڵێ: "فضیلت"یش وەك زۆربەی شتەکانی دیکە دەبێ.

هەروەها لە ڕێگەی بینینەوەکانەوە دەبێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ تا تێی‌بگەین، لەو شێوازەدا دەبێ بیروڕا هاوبەش‌و کاریگەرەکان لەسەر چەمکەکان کۆبکەینەوە، دیارە کۆکردنەوەی هەموو بیروڕا هاوبەشەکان زەحمەتە، بەڵام لانی‌کەم زۆرترین‌و گرینگترین بیروڕاکان بۆ چارەسەرکردنی گریمانەکەمان پێویستە ئەگەر بیروڕا هاوبەشەکان راستیی گریمانەیەکی سەلماند، ئەوە بۆ وەرگرتن‌و قبوڵکردنی ئەو گریمانەیە تەواوە.

ئەرەستۆ، بیروباوەڕەکانی خۆی وەکوو فەیلەسوفێکی رەوشتخواز دەردەبڕێ‌و بەو پێیە هەوڵ دەدا خۆ لەقەرەی ئەو بیروباوەڕانە نەدا کە لێڵی، یان پارادۆکسیان تێدایە. رەوشتی ئەرەستۆ لە رەهەندێکی بەریندا، رەوشتێکی نەریتی‌و راستگۆ بە بەڵگەوەیە بەپێچەوانەی ئەفلاتوون کە بڕیارەکانی بۆ رەوشت‌و هی سەردەمێکی دیکەو جیاواز لە سەردەمی خۆی بوو، ئەرەستۆ باس لە دۆخی هەنووکەی کۆمەڵگای خۆی دەکاو بیروباوەڕەکانی خەڵك لە روانگەیەکی سروشتی‌و کۆمەڵایەتی‌یەوە تاوتوێ دەکاو ئەو دوو بەستێنەش بە باشترین بەستێن بۆ دەرخستنی بیروڕاکانی دەزانێ.

دیارە دەسکەوتە پارێزگارەکانی ئەرەستۆ بە سانایی ناکرێ بە لێکدانەوەیەکی دەمارگرژانەو دوگماتیك ناو ببرێن، چونکە ئەو لە شێوازێکی عەقڵانیی تایبەت پێڕەوی دەکا. ئەرەستۆ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە چەمکە سروشتی‌یەکان دەبێ هەر بەو چەشنەی هەن توێژینەوەیان لەسەر بکرێ.

ئەگەر ئەو لایەنانە ئەرکەکانی خۆیان بەباشی راپەڕێنن، دەمێننەوە، دەنا لەنێو دەچن، بۆ نموونە ئەرەستۆ لەسەرەتای کتێبی سیاسەتدا (POLITICS)باس لەوە دەکا کە (چییەتی هەر شتێك دەگەڕێتەوە بۆ سەر توانایی راپەڕاندنی ئەرکەکانی ئەو شتە لە روانگەی ئێمەوە، واتە هەر کاتێك نەیان‌وانی ئەرکەکانی خۆیان راپەڕێنن نابێ ئەو شتە وەك خۆی پێناسە بکەینەوە).

ئاسۆی گریمانەی ئەرکخوازیی ئەرەستۆ دەری‌دەخا کە ئەو گرینگی بەلایەنی دەروونی داوە هەرچەندە کە (PSYCH)دەروون تایبەتمەندی‌یەکە کە تەنیا لە بوونەوەراندا دەبینرێ، بەڵام سەرەڕای ئەوە ئەرەستۆ بۆ باسی دەروون‌و جەستە باس لە تیژیی تەورو بینایی چاو دەکا.

تیژیی هەناوی تەورەو تەور بۆخۆی جەستەیە، یان چاو وەك جەستەیەو بینایی هەناوی چاوە، بەو لێکدانەوەیەی ئەرەستۆ، ئەگەر تەور جەستەیەکی زیندوو بێ تیژایی‌یەکەی رۆحی تەورەکەیە.

یانی کە تیژیی لە تەور وەربگرینەوە ئیتر ناکرێ بەو ئامێرە بێژین تەور، مەگەر ئەوە کە تەور تێگەیشتنێکی دوو رەهەندیی هەبێ. ئەو، هەروەها دەڵێ: "ئەگەر چاو وەك جەستە سەیر بکەین، بنیای رۆح‌و هەناوی جەستەکە دێتە ئەژمار" لێرەدا بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە لە تێگەیشتنی ئەرەستۆدا، رۆح ئەو شتەیە کە بتوانێ ئەرکەکانی خۆی بە توانایەکی تەواوەوە ئەنجام بدا. هەروەك ئەو رۆحە ناتوانێ بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە جەستەیەك بۆ جەستەیەکی دیکە کۆچ بکا. هەرکام لە بوونەوەرەکان خاوەن رۆحێکی شیاوی جەستەی خۆیان‌و بەبێ ئەو جەستەیە ناتوانن بوونیان هەبێ. ئەرەستۆ بۆ لێکدانەوەی ئەو باسە ئامێرو ئامێردار وێنا دەکاو دەڵێ: "هەر پیشەیەك ئامێری تایبەت بەخۆی هەیەو هەر رۆحێکیش جەستەی خۆی هەیە" هەر رۆحێك جەستەی خۆی هەیە بەو مانایە نییە، کە ناکرێ رۆحێك لەجەستە جیا بێتەوەو بچێتە نێو جەستەیەکی دیکەوە، مەگەر ئەوە کە رۆحێك بچێتە نێو جەستەیەکی دیکەوە کە جیاواز بێ لەوەی پێشوو. وەك ئەوە وایە دارتاشێك بۆ پیشەکەی خۆی لە جیاتی ئامێری دارتاشی بێ لە ئامێری مۆسیقی کەڵك وەربگرێ، ئەو کردەیە هەڵوەشاوەیەو ناکرێ، چونکە هەر پیشەیەك ئامێری خۆی هەیە. کەوایە هەر جەستەیەکیش رۆحی خۆی هەیە.

لە گریمانەی ئەرکخوازیی ئەرەستۆدا بوونەوەرەکان بەپێی ئەرکەکانیان دابەش دەکرێن‌و دەناسرێنەوەو نموونەی ئامێری بەشەکانی جەستە، ئەو نموونانەیە کە ئەو لەسەر ئەرکخوازیی شتەکان دەی‌هێنێتەوە.

ئەرەستۆ تیۆری‌یەك دێنێتە بەرباس کە بەپێی پێوەرێکی لۆژیکی بوونەوەرەکان لە پێوەندی لەگەڵ یەکترو ژینگەیاندا هەڵدەسەنگێندرێن. ئەوە لە کاتێکدایە کە پێشتر دیموکریتووس فەیلەسووفی سروشتخواز، هەستی بە پێویستی دیاردە سروشتی‌یەکان کردبوو و ئەرەستۆ تیۆری‌یەکەی ئەوی بەهۆی ئەوە کە هۆی کۆتایی لەبەرچاو نەگرتبوو رەخنەی لێگرتبوو. ئەرەستۆ دەڵێ (ئەڵبەتە ئەوە راستەو هەموو شتێك کە سروشت بەکاریان دێنێ بەپێی پێداویستی‌یە، بەڵام ئەو دیاردانە هاوکات خاوەن هۆی کۆتایین، چونکە لەهەر حاڵەتێکدا یەکیان باشتر لەوەی دیکەیانە ).

جیهان‌بینیی ئەرەستۆ جیهان‌بینی‌یەکی هیرەمی‌یە واتە لە باوەڕی ئەودا بوونەوەرەکان لەنزمترین گیا تا مرۆڤ‌و سەرەوەی مرۆڤ‌و خواوەندەکانیش، بەپێی حاڵەتێکی هیرەمی لەجیهانی سروشتدا رێكخراون ، هەروەها لە جیهانی هونەریشدا نزمترینەکان خزمەتی مەزنترینەکان دەکەن، هەر بەو هۆیەشە کە ئەرەستۆ بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە کە سروشت لە خۆڕا شت داناهێنێ. ئەرەستۆ لە باسەکانی خۆیدا دەڵێ "گیا بۆ ئەوە دروست کراوە کە ئاژەڵەکان بیخون‌و ئاژەڵەکانیش بۆ خزمەت‌و خواردنی مرۆڤ دروست کراون. لێرەدا بەروونی دەردەکەوێ کە مرۆڤ لە مەزنترین پلەی بوونەوەرەکانەوە دەوەستێ‌و هەموو سروشت‌و ئاژەڵ‌و بوونەوەرەکان لە بەر مرۆڤ دروست کراون. ئەو تێڕوانینەی ئەرەستۆ لەسەر ئەو بنەمایە کە مرۆڤ (اشرف مخلوقات) و سەنتەری جیهانی بوونەوەرانە، بەڵام خاڵێك کە لەسەر جیهانی مرۆڤیش دەبێ باسی بکەین ئەوەیە کە مرۆڤ خۆیشی خاوەنی پۆلین‌کردنێکی هیرەمی‌یە. ئەرەستۆ کاتێك کۆمەڵگا دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە، بە بەشێك لە رووداوە نەگۆڕەکان دەگا کە بنەمای فەلسەفەی رەوشت‌و سیاسەتی ئەو پێك دێنن. بە وتەیەکی دیکە ئەوە رووداوە نەگۆڕەکانە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بڵێین شاری یۆنانی (POLIS) شارێکە کە بەپێی سروشت بنیاد نراوەو باشترین فۆرمی کۆمەڵگای سیاسی‌یەو هاوکات بنەماڵەی یۆنانی - ژنان‌و منداڵان‌و کۆیلەکانیشیان باشترین فۆرمی ماڵباتن.

ئەرەستۆ لەسەرەتای کتێبی (اخلاق نیکوماخوس)دا دەڵێ بەختەوەری قۆناغی کۆتایی بێ‌نیازی‌یە بۆ چالاکیی مرۆڤ. ئەو پاش ئەوەیە کە هۆکارەکانی بەختەوەری دەژمێرێ، درێژە بەقسەکانی دەداو دەڵێ: "ئەگەر بتوانین ئەرکەکانی مرۆڤ دیاری بکەین، ئەوکات دەتوانین بەختەوەرییشی پێ بدەین.

لەجیهانی مرۆڤدا، بەپێچەوانەی بوونەوەرەکانی دیکە، ئەرکی مرۆڤ خزمەت بە سەرتر لەخۆی نییە، چونکە لە هیرەمی جیهاندا لە مرۆڤ سەرترمان نییە.

هەرچەند دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە مرۆڤ لە بەشێك لە تایبەتمەندی‌یەکانی بووندا لەگەڵ هەموو بوونەوەرەکانی دیکە هاوبەشە.

کۆتایی چالاکیی مرۆڤ، گەیشتنە بە بەختەوەریی عەقڵی چالاك، کە ئەرکی بیرکردنەوەیە، کۆتایی بۆ نییە چێژی ئەو لە تەك خۆیەتی.

بە وتەیەکی دیکە بیرکردنەوە بۆخۆی چێژە، چالاکی‌یەکی تایبەتە کە مرۆڤ خودانیەتی‌و کۆتایی‌یەکی نییە، ئەرەستۆ وشەی (MAN) بۆ مرۆڤ بەکاردەهێنێ، بەڵام خاڵێکی گرینگ کە شایانی لێ‌وردبوونەوەیە ئەوەیە کە ئەرەستۆ راشکاوانە دەڵێ کە مرۆڤ، بە کۆمەڵێك کەس دەگوترێ کە خاوەنی پاکایەتی‌و مەزنی‌و بەختەوەرین، مرۆڤ بێجگە لە توانای بیرکردنەوە دەبێ کۆمەڵێك ئاتۆی لە ژیاندا هەبێ، بۆ نموونە ئەرەستۆ پێی وایە کە بەختەوەری سامان‌و هاوڕێی باش‌و زۆرو منداڵی خاسن، ئارامی‌و جوانی‌و رەگەزی رەسەن بۆ مرۆڤ بوونی نییە، یانی کەسێك مرۆڤە کە ئەوانەی هەموو هەبێ دیارە ئەو ئاتۆیانەش تەنیا (کەسایەتی‌یەکان) هەیانەو بۆ وەدەست‌هێنان‌و پاراستنی ئەو ئاتۆیانەش مرۆڤە تایبەتەکان دەبێ لە وزەو توانایی خەڵکی دیکە کەڵك وەربگرن. بۆ ئەو مەبەستەش یەکەم‌شت ژێرپێ‌نانی مافی ئەوانە. ئەرەستۆ لە سەر ئەو بڕوایەیە کە نەتەنیا ئاژەڵەکان، بەڵکوو زۆرینەی مرۆڤەکانیش وەك ئامێرو کەرەستە وان کە دەبێ پێداویستی‌یەکانی کەسایەتی‌یەکان جێبەجێ بکەن، چونکە ئەوان بە بەختەوەری ناگەن، ئەنجام‌و کۆی ئەو قسانە ئەوەیە کە ژنان‌و کۆیلەکان‌و کرێکارەکان ئامێرە یارمەتی‌دەرەکانن بۆ بەختەوەرکردنی بەشێکی کەم لە مرۆڤەکان.

ئەرەستۆ پێی‌وایە ئەو دۆخە تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە مەرجەکانی بەختەوەری‌یان تێدایە.

ئەرەستۆ سەبارەت بە کۆیلەو کۆیلەدار دەڵێ: راستە کۆیلە وەك ئامێر سەیر دەکرێ، بەڵام ئەو حاڵەتە بۆ هەردوولا قازانجی هەیە، چونکە بەشێوەیەکی یەکسان ئیستیفادە لەیەکتر دەکەن.

ئەرەستۆ پاش ئەو باسە دێتە سەر باسی ژن‌و دەڵێ: ژن‌و مێرد بەهۆی وەگەڕخستنی تواناکانیان یارمەتی یەکتر دەدەن لە ڕاستیدا ژن یارمەتی دراوەو پیاو یارمەتی‌دەرە.

لە جیهانی بیرکردنەوەی ئەرەستۆدا کاتێك دەڵێ باشترە هەموو شتێك لە ژینگەی سروشتیی خۆیدا چاودێری بکرێ، نە لەو دۆخەی کە لە ژینگەی سروشتیی خۆی هاتووەتە دەرێ، مەبەستی ئەرەستۆ لەو قسەیە ئەوەیە کە لە سروشتدا هەر بەشەی ئەرکی خۆی رادەپەڕێنێ. بەو شێوەیە ئەرەستۆ توانیویەتی بەپێی ئەرکەکان مرۆڤەکان دیاری بکاو بەدانانی ئەرکەکانیان بەختەوەری‌یان بۆ مسۆگەر بکا.

کاتێك باسی بنەماڵە دەکا، مەبەستی ئەوەیە کە بەهۆی بنەماڵەوە پێداویستی‌یەکانی پیاو جێبەجێ بکرێ، بەڵام دەڵێ بنەماڵە لە خوار شارەوەیە، مەبەستی ئەوەیە بنەماڵە بەشێك، یان پاژێکە لە شارو لە سیستمی بیرکردنەوەی ئەرەستۆدا هەمووکات گشت لەسەرترە لە پاژو بەشێوەیەکی سروشتی شار مەزنایەتیی هەیە بەسەر ماڵباتدا.

بۆچوونەکانی ئەرەستۆ لە سەر کۆیلەدارییش هەر بەو چەشنەیە، یانی ئەگەر کەسێك ئاگاداری بوچوونەکانی نەبێ لەسەر سروشت لە باسی کۆیلەداری ئەو سەری سوڕ دەمێنێ، ئەرەستۆ دەڵێ کۆیلەداری شتێکی سروشتی‌یە، چونکە کۆیلەکان بەوڕادەیە کە لەش لەرۆح، یان ئاژەڵ لە مرۆڤ جیاوازیی هەیە، لە خەڵکی دیکە جیاوازن.

روونە لەسەر ژنیش وەها بۆچوونێکی هەیە، ئەرەستۆ ئەرکی ژن لە کتێبی (سیاسەت)دا بەوچەشنە لێك دەداتەوە. بە باوەڕی ئەرەستۆ ژنان حەزێکی لە رادەبەردەریان بۆ یەکبوون لەگەڵ پیاوان هەیە. بە باوەڕی ئەرەستۆ لە کاتێکدا کە منداڵ لە ئەنجامی جووت‌بوونی ژن‌و پیاودا دروست دەبێ پیاو سەرچاوەی رۆحیی منداڵەکەیەو ژن سەرچاوەی جەستەی منداڵەکەیە هەر بۆیەشە رەگەزی نێر باشترە لە رەگەزی مێ. بە باوەڕی ئەو لادانی سروشت لە حاڵەتی ئاسایی خۆیەتی کە منداڵێك لە جیاتی ئەوەی ببێتە کوڕ، دەبێتە کچ، بەڵام پێی‌وایە ئەو لادانە پێویستی‌یەکی ژیانە، ئەو دەڵێ راستە یەکجار سروشت لە ڕێرەوی خۆی لای‌داوەو ژن دروست دەبێ، بەڵام بەشێوەی گشتی ژن بوونەوەرێکی سەقەتە.

ژن لە ئەندێشەی ئەرەستۆدا بوونەوەرێکی نزم‌و سەقەت‌و بێ‌توانایە کە دەبێ ئەرکی جووت‌بوون لەگەڵ پیاوو منداڵ‌بوون وەستۆ بگرێت‌و هەرژنێك بەرانبەر بە پیاوێکی لە پیاوەتی کەوتوویە، کەوایە سەقەتە. پیاو بۆیە پیاوە چونکە کۆمەڵێك توانای هەیە کە لەژندا نییە. بە باوەڕی ئەرەستۆ ژن ئامێرێکە کە بۆ رابواردنی پیاوان دروست کراوەو بەزەواج کردن تەنیا دان‌پێدانانێکی کۆمەڵایەتی‌و رەسمی دروست دەبێ بۆ ئەو ئەرکە. ئەو تەمەنی زەماوەند بۆ کچ لەنێوان 18 تا 19ساڵ دیاری دەکاو بۆ پیاو 37ساڵی پێ باشە. دەڵێ کچ کەمتر لەو تەمەنە دووگیان‌بوونی مەترسی‌یە. بەپیاوان دەڵێ ژن لەوتەمەنەدا وەك کێڵگەیەکی بەیارە کە نابێ بکێڵرێ، هەروەها دەڵێ دەبێ ژنان کاتی دووگیان‌بوون باش بخۆن‌و بخەون‌و وەرزش بکەن‌و بیر لە هیچ شتێك نەکەنەوەو تەنیا هێزیان بۆ پەروەردەکردن‌و گەورەکردنی ئەو منداڵە دابنێن کە لە زگیاندایە.

ئەرەستۆ دەڵێ ژن، ئەگەر ئەرکی جووت‌بوون نەبوایە، بوونی دەکەوتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام سروشت وای داناوە کە کاری نێو ماڵ‌و ئەرکی حەسانەوەی پیاوو رابواردنی پیاو لە ئەستۆی ژن بێت.

بەباوەڕی ئەرەستۆ چینەکانی کۆیلەو ژن‌و کرێکار بۆیە دروست بوون تا خزمەتی زانایان‌و هەڵکەوتووەکان بکەن تا ئەوان بتوانن کۆمەڵگا بەڕێوە بەرن.

بەو شێوەیە ئەرەستۆ بەپێی یاسای سروشتی خۆی کار لەنێوان ژن‌و پیاودا دابەش دەکات.

سەرچاوە/ HTTP://JENS-E-DOVOM.TRIPOD.COM/ARAST.HTM





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەدەی بیست، سەدەی رابوونی ژنان



عیسمەت نستانی

هاتنه مەیدانی ژنان و تێکەڵ بوونیان بە سیاسەت و باندۆر دانان لە سەر گۆرانکارییە رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقا بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتاکانی سەدەی بیستەمی میلادی دەگەرێتەوە.

یەکەم دەرکەوتنی ژنان خۆی لەو سەرهەڵدان و چالاکییەرێکخراوەیی و جووڵانەوە نەتەوەییانەدا دەدیتەوە کە بە شێوازی جۆراوجۆر خاوەن یەکەی تایبەت بەژنان بوو.

ڕووداوی تەحریمیتەنباکۆیئێران دژی ئینگلستان لەساڵی 1891-1892، هەروەها دامەزراندنی یاسای بنەرەتی وپارلەمانی ئێران لە شۆڕشی مەشروتەی ئەو وڵاتە(1906-1911)، جووڵانەوەی نەتەوەیی میسر لە ساڵی 1919 وبەربەرەکانی سەرکەوتوانەی تورکیە لە بەرامبەر دابەش بوونی وڵات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە یەکەم جووڵانەوە و هاتنە مەیدانی ژنان بۆ مەیدانی سیاسی لەو ناوچەیە دادەنرێ.

لەسەرەتای سەدەی بیستەم بوو کە گروپگەلی ژنان بۆ بەرەوپێش بردنی پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا هەناویان نا کە ئەوهەوڵانەو زۆربەی هەوڵەکانی پێشتریش لەسەر خوێندن و ئاموزش، خۆش بژێوی کۆمەڵایەتی، لەش ساغی و ئاموزشی پیشەیی ژنان پێداگریان دەکرد.

دیارە لە ڕاستیدا ئەو ئامانجانە کۆمەڵایەتی بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە جوڵانەوەیەکی سیاسی بە ئەژمار دەهاتن، چونکە ژنان لەڕاستیدا مەبەستیان چوونە ناو ئەو بیاڤانە بوو کە پێشتر تەنیا لە ژێرچاودێری و کۆنترۆڵی رێبەرانی مەزهەبی یان پیاوماقووڵانی ناوخۆیی دا بوون، لەبەرامبەردا کۆنە پارێزان و بەشێک لە پیاوانی ئاینی، لەگەڵ چالاکی و بوونی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسی و خوێندەواریی کچان لە دەرەوەی ماڵ دژایەتیان دەکرد کە لە ئەنجامی ئەو بەربەرەکانیە هێندێک جار تووشی گێرەو کێشەی زۆر گەورە دەبوون.

لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی گروپەکانی ژنان دەسکەوتی ئەو گەشەو بەرەوپێش چونەیان لەچەند وڵاتی ناوچەکە گرینگترینیان وڵاتانی میسر، تورکیە و ئێران بوو بە چاوی خۆیان دیت.

دیارە بەشێک لەوگروپانە لەگەڵ پارتەکۆمۆنیست، سۆسیالیست و پارتە نەتەوەییەکان هەبوو، لەساڵی 1930، دوو کەس لە سەرانی وڵاتانی ناوچە وەک مستەفا کەمال ئەتاتورک سەرۆک کۆماری تورکیە و حەمەرەزاشای پەهلەوی لە ئێران، بەشێوەی جیاواز کۆتاییان بە سەربەخۆیی رێکخراوەکانی ژنان هێناو هەموویان خستنە ژێر رکێفی دەوڵەت.

دەیەکانی سەرەتای سەدە بیستەم ئایدولۆژی زاڵ، میللی گەرایی بوو و کۆمونیزم و سۆسیالیزمیش گرینگی وکاریگەری خۆیان هەبوو، بەڵام دواتر بە تایبەت لە دەیەی حەفتای سەدەی بیستەم بەدواوە سەرهەڵدان و گەشەی بزاڤەکانی ئیسلام گەرایی کە زۆربەیان لەگەڵ بەرابەریی ژنان و پیاوان دژایەتیان هەبوو بەرچاو دەکەوت.

لە ڕاستی دا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستی میلادی پاش دروست بوونی ئیخوان المسلمین لە میسر بوو کە کۆمەڵەکانی ژنانی مسوڵمانیش کە زیاتر سەر بە گروپە ئیسلامیەکانی پیاوانەوە بوون وبە جیدی دژایەتیان لەگەڵ پێرەوی کردن لە شێوازەکانی رۆژئاوایی و مەسیحی دەکرد،دروست بوون. ئەو ڕووداوە ڕێک لە بەرامبەر ئەو جووڵانەوە سەرەتاییانە هاتە ئاراوەکە بۆ بەرەوپیش چوونی مافی ژنان چ لە رۆژئاوا چ لە رۆژهەڵاتی ئاسیا دروست ببوون و زیاتر چینی خوێندەوار و نێوهنج و سەروی کۆمەڵگایان بۆ لای خۆیان راکێشابوو و زۆربەی داواکاریەکانیان لە مۆدێلی رۆژئاوا وەرگرتبوو.

لەم دەیانەیدواییدا پێدانی مافی دەنگدان سەرەکیترین داخوازی سیاسی جووڵانەوەکانی ژنانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بوو، کە لە تورکیە مستەفا کەمال ئەتاتورک ئەو مافەی لە ساڵی 1930 بو هەڵبژاردنی شارەوانیەکان و لە ساڵی 1934 بۆ هەڵبژاردنی نیشتمانی بە ژنان بە فەرمی ناسی. یان پێیش فەرانسەو ئیتالیا وسویس کە مافی دەنگدانی گشتی قەبوڵ بکەن و لە ئێرانیش لە سەردەمی رەزا شای پەهلەوی و سەرئەنجام ئەورۆ لە ژنانی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بێجگە لەعەرەبستانی سعودی مافی دەنگدانیان هەیە و بە شێوەیەکی گشتی هەموو وڵاتان چاکسازیان لە یاساکانی پێوەندیدار بە ژنان کردووە.

دوای ئەو پێشکەوتنە بەرچاوانەی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەمەڕ بارودۆخی ژنان لە چوارچێوەی بەرنامەدانان بۆ بنەماڵە، لەشساغیی ژنان و مافی خوێندن و بەشداری هێزی کاری ژنان هاتنە گۆڕێ کە بووە هۆی بەشداری زیاترو بەربڵاوتری ژنان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا. دیارە هەمووی ئەو پێشکەوتنانە لە ئەنجامی هەوڵ و چالاکی رێکخراوەکانی ژنان کە بە دژواری و مایەدانان بۆ وەدەستهێنانیان خەباتیان بۆ کراوە.

شاراوە نییە کە زۆربوونی حەشیمەت و چالاکیی ژنان و پیاوان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لایەنی سیاسی بەخۆوە گرتوە، دیارە ئەو مەسەلەیەبەرهەمی هۆکارگەلی جۆراوجۆری وەک گەشەی خێرای شارنشینی، زۆر بوونی حەشیمەت، بارودۆخی ئابووریی بێ سەرەوبەرە، چوونە سەری رادەی خوێندەواری، بەشداری هێزی کار (بە تایبەت هێزی کاری ژنان)، وەک زۆرێک لە پرسە نێونەتەوەییەکان سەرنجی بەربڵاوی بۆ لای خۆی راکێشاوە.

لەو چەند دەیەیەی دوایی دا بەشداریی سیاسیی ئیسلامگەرایی و سێکۆلاریزم لە وڵاتی مەراکیش وەک وڵاتێکی هەڵکەوتوو لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بە رادەیەک گەشەیان کرد کە ئەو پرسە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی باشی بۆ پرسی جێندەری هێنایە ئاراوە، چونکە دەسکەوتەکانی لە پەیوەندی لەگەڵ مافی ژنان، توانیویەتی لە سیاسەتەکانی پەیوەندیدار بە ژنان لە سەر وڵاتانی ئێران، جەزائیر و باقی وڵاتانی ناوچە کاریگەری دابنێ.

بە چاوخشاندن بە مێژوو و بارودۆخی ژنانی ئێران، وەک وڵاتێکی هەڵکەوتوو لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینین کە بارودۆخی ژنان لەو وڵاتە زۆر لە مێژە کەوتۆتە ژێر کاریگەری و پابەندیی وڵات بە یاسا و






رێوشوێنەکانی مەزهەبی شیعە کە لە دەورانی دەسەڵاتی سەفەوی (1501-1722) بەو لاوە بە سەر ئێراندا زاڵ بووە. یاساکانی ئەو ئایینزایانە هەندێک رێوشوێنی تایبەتیان لەخۆ دەگرت کە ژنانیان دەخستە ژێر فشار. بۆ وێنە مافی میرات بۆ کچانی بێ برا و لەوەش گرینگتر سیغە (زەماوەندی کاتی) کە رەوایەتی دەدا بە زەماوەند بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو و چەندین یاسای دیکەش.

شۆڕشی مەشرووتەی ئێران لە ساڵی 1906 یاسای پێشکەوتووی بۆ ژنانی ئێران بە دیاری هێنا و بوو بە هۆی ئەوەی ژنانیش لە جووڵانەوە چەپگەرا و میللی گەراکانی سەدەی بیستەمدا رۆڵی بەرچاو بگێڕن.

جووڵانەوەکانی وەک خۆماڵی کردنی نەوت بە رێبەریی سەرۆک وەزیری ئەوکات دوکتور محەمەد موسەدیق. رێکخراوەکانی ژنان لە هەوڵ دان بۆ بەدیهێنانی مافی خوێندنی کچان، ئامووزشی پیشەیی و لەشساغی پێشەنگ بوون، کە بەربەرەکانی بەشێک لە رووحانییەت و کۆنەپارێزان بووە هۆی ئەوەی کە پێدانی مافی دەنگدان و چاکسازی یاسایی تا ساڵی 1963 دوا بکەوێ. محەممەد ڕەزا شای پەهلەوی زۆربەی رێکخراوەکانی ژنانی لە ژێر چەتری رێکخراوێک بە ناوی رێکخراوی ژنانی ئێران(WOL) کۆ کردەوە.

لە ساڵی 1967 (WOL) پشتیوانی لە چاکسازی یاسایی پارێزگاری لە بنەماڵە (FPL) کرد کە لە ساڵی 1975 ئەو یاسایە چەندین هۆکاری دەستنیشان کرد کە بە هۆی ئەوەوە ژنان بتوانن بۆ وەرگرتنی تەڵاق هەوڵ بدەن مافی تەڵاقی یەک لایەنە و فرەژنی بەرتەسک ببێتەوە و ئیزنی سەرپەرستی منداڵ بە دایک و باوک بدرێ، کە هەموویان بە هۆی بوونی دادوەرانی دادگوستەری پێشکەوتوو و دادگای سێکۆلار جێبەجێ دەکران، هەڵبەتە (FPL) نەیتوانی ژیانی هاوبەشی کاتی هەڵوەشێنێتەوە بەڵام بۆ لاواز کردنی گەڵاڵە دارێژرابوو. هەر چەندە زۆر جار رێکخراوی (FPL) و بەرپرسەکەی (مێهناز ئەفخەمی) دەکەونە ژێر رەخنەو نارەزایەتی لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی چەپ و میللی گەرای دژی شا، لە کاتێکدا لە چاو رابردوو، کاریگەرییەکانی یاسای پارێزگاری لە بنەماڵە (FPL) زۆر پۆزەتیڤ بوون.

دەیەی حەفتای میلادی هاوکات بوو لەگەڵ نارەزایەتییەکانی ژنانی سێکۆلاری دژی سیاسەتەکانی شا و زیاتر هەوڵیئەوەیان دەدا لەگەڵ نارەزایەتی مەزهەبی هاوئاهەنگ بن، هەر بۆیە بۆ نیشاندانی ئەو یەکگرتووییە ئامادەی چارشێو لە سەر کردن و قەبووڵی هەڵاواردنی رەگەزی بوون. هەر چەندە لە دواییدا ژنان سەبارەت بە حیجابی زۆرەملێ نارەزاییان دەربڕی، بەڵام دوای هەوراز و نشێوی زۆر، مەسەلەی حیجابی ژنان بوو بە سیاسەتی رەسمی حکوومەتی ئیسلامی. لە راستی دا مەسەلەی حیجاب بۆ زۆربەی ژنانی چالاکی نارازی لەگەڵ هەڵاواردنی رەگەزی بە کەمترین کێشە بە ئەژمار دەهاتن، ئەوەی زۆر گرینگ بوو مەسەلەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، بە زۆر بەجێهێشتنی پیشە و هەروەها گۆڕانکاری حوقووقی و توندوتیژی دژی ژنان بوون. چونکە لە دوای شۆڕش بارودۆخی حوقووقی ژنانی ئێران ئاڵۆز بوو، یاسای بنەماڵەش دەسبەجێ لەگەڵ دژایەتی روحانیەت بەرەوڕوو بوو، بەڵام هیچ کات بە رەسمی هەڵنەوەشایەوە و هیچ یاسایەکی ناتەبا لەگەڵی دەرنەچووە ئێستاش هێندێک لە رێنوێنییەکانی لە دادگاکان لە بەر چاو دەگیرێن.

لە ئێستادا سەرۆکایەتیی دادگاکان لە دەستی دادوەری مەزهەبی و روحانییەکان دایە نەک سێکۆلارەکان و زیاتر لە سەر بنەمای ئایینی حوکم دەدەن. بۆ وێنە لەو یاسایانەی کە لە سەر بنەمائیین لە دوای شۆڕش پەیڕەو دەکرێ مافی تەڵاقی یەکلایەنە بۆ پیاوانە، بەڵام بۆ ژن تەنیا بە رەزامەندی دادگای دادرەسی و لە ژێر هەلومەرجێکی قورسی یاسایی دا جێبەجێ دەکرێ، سزای کوشتنی ژن نیوەی سزای کوشتنی پیاوەو ... هتد.

ڕووداوە سیاسییەکانی ئێران لە دوای شۆڕشی 57 لە سێ رەوت دا دەرکەوتن کە لە هەر سێ رەوتدا کاریگەریان لە سەر چالاکییە سیاسییەکانی ژنان هەبوو. لە ماوەی ئەو سێ دەیەیەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای سەرکوتی جووڵانەوە نارەزاییەکان، ژنان رۆڵێکی روحی و سیاسیی گرینگیان لە ئەستۆدا بووە. ژنان هاتنە ناو زۆربەی پسپۆرییە غەیرە دەوڵەتییەکان بە تایبەت ژنانی رابەرانی سیاسیی عەمەلگەرا و پێشکەوتنخواز رۆڵێکی گرینگیان لە گەڕانەوەی هەندێک مافی ژنان و هەلە ئامووزشییەکان هەبوو. نموونەی ئەو ژنانەی کە دەتوانرێ ئاماژەیان پێ بکرێ زەهرا رەهنەوەردە کە لە هەڵبژاردنی دەورەی نۆیەمی سەرۆک کۆماری لە ساڵی 1384 بەرپرسی زانکۆی ژنان (زانکۆی الزهرا) و ئەعزەم تاڵەقانی بناغەدانەرانی ئەنجومەنی هەمبەستەگی ژنانی ئێران و نووسەری بڵاوکراوەی (پیام هاجر)، فائیزە هاشمی کە کۆمیتەی ژنانی وەرزشکاری موسوڵمانی وەڕێ خست و رۆژنامەی ”ژن“ی بڵاو کردەوە و ...

ژنانی سێکۆلاریش بە تایبەت لە دوای ساڵی 1368 بۆ چالاکییەکانیان رێگای نوێیان هەڵبژارد ئەویش لە رێگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی وتار و بابەت. هەر چەندە دەبوو نووسەرەکان بیرو باوەڕیان لەگەڵ بنچینە ئیسلامییەکان رێک بخەن،ژنان لە بڵاوکراوە و رۆژنامەکانی ژنان زۆر چالاک بوون بۆ وێنە لە وەگەڕخستنی مانگنامەی ژنان لە ساڵی 1371 لە لایەن شەهلا شەوکەت، یان مێهرئەنگیزی کار لە پارێزەرانی ناسراوی جووڵانەوەی ژنان و یەکێک لە نووسەرانی بەردەوامی گۆڤاری ژنان بوو. ژنان پێشەنگ بوون تا بە کەڵک وەرگرتن لە خوێندنەوەی نوێ لە دەقە فێقهی و ئیسلامییەکان، یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی دادوەرانی ژن وردە وردە لە پلە و پایەی خۆیاندا جێگیر بن. بوون و حوزووری ژنان لە هەموو مەیدانەکان بە تایبەتی لە مەیدانی سیاسیدا نووسەران و خاوەن رایانی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە ژنان دەتوانن بۆ سەرۆک کۆماری کێبەرکێ بکەن و لە نێوان ساڵەکانی 1380 و 1384 ژمارەیەکژن خۆیان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری کاندید کرد، بەڵام هەموویان لە لایەن شووڕای نیگەهبانەوە رەدی سەڵاحیەت کران.

گرینگی جووڵانەوەی ژنانی ئێران گەیشتە ئەو ئاستەی کە خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بە شیرین عیبادی وەکیلی ئێرانی بدرێ کە ژیرانە لە ئێران بۆ چاکسازیی یاسایی، مافەکانی منداڵ و نارازیانی دەوڵەت هەوڵی دەدا بە رەسمی بناسرێ. لە بەر ئەوەی شیرین عیبادی کەسایەتییەکی ناسراو بوو و بووە هۆی ئەوەی بەشێک لە راگەیاندنەکان و هەواڵدەرییە رۆژئاواییەکان چالاکییە جۆربەجۆرەکانی ژنانی دیکەش لە ئێران لە بواری مافی مرۆڤ و مافی ژنان بە حیسابی ئەو دابنێن. ئەوەی جێی خۆشحاڵیە ئەوەیە کە ژنانی ئێران لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافی حوقووقیی خۆیان کۆڵیان نەداوەو لە بەرامبەر پیلانەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە هەر رۆژ بە داڕشتنی گەڵاڵەیەک دەیهەوێ ژنانی ئێران هەرچی زیاتر سەرکوت بکا راوەستاون، بۆ نموونە گەڵاڵەی جیاکردنەوەی رەگەزی لە زانۆکان و دەرهاوشتنی کچان لە هێندێک لە رشتەکانی زانکۆ کە بە یەکێک لە سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی بە ئەژمار دێ، بەڵام بێ گومان ژنان سوورتر لە جاران لە سەر وەدیهێنانی مافە یاسایی و ئینسانییەکانی خۆیان پێداگری دەکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەوڵەکانی ژنانو ئاستەنگەکانی بەردەمیان بۆ پێشکەوتن لە کۆمەڵگای ئێراندا



شەونم هەمزەیی

بە سەرنجدان لە ڕابردوو و بەراوردکردنی لەگەڵ سەردەمی ئێستادا دەبینین گۆڕانکاری‌یەکی بەرچاو لە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو هەموو بوارەکانی خوێندنو چالاکیدا دروست بووەو تاکەکان لە زۆر بواری جیادا خۆیان بینیوەتەوە، هەوڵدان بۆ پێشکەوتن بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێو پەرەی سەندوە، کۆمەڵگای ئێرانیش وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکە لەم چەشنە گۆڕانکاری‌یانە بەدور نیەو ژنانیش وەک هەر تاکێک لە کۆمەڵگا بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان هەوڵیان داوەو ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی بەردەمیان بوونەتەوەو پێشکەوتنی بەرچاویان لە بوارە جیاجیاکاندا بەدەست هێناوە.

هەروەک بۆ هەموومان ئاشکرایە، ژنان لە ڕابردوودا وەک چەکێکی دەستی پیاوان بەکارهێنراونو لەهەر چەشنە پێشکەوتنێک ڕێگری‌یان لێ‌کراوە، کارو پیشەیان لە چوارچێوەی ماڵدا بۆ خزمەت کردنی پیاوو ڕێک خستنەوەو کاروباری ناو ماڵ و هەندێ کاری تری وەک کشتوکاڵو مەڕوماڵاتبەخێوکردندا بووە، ئێستاکەو لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کە یەکێک لە ئامانجەکانی سازکردنی کۆمەڵگایەکی نەخۆشو بێ جووڵەیەو هەرلەوکاتەدا هەموو شتێک بە پێی ئایینی ئیسلامو شیعەی ویلایەتی فەقیهی لێک دەدرێتەوە،

یەکێک لەوشتانەی لە یەکەمین ڕۆژەکانی بە دەسەڵات گەیشتنیانەوە پەرەیان پێ دا روانینی پڕ لە سووکایەتی بۆ ژنو مافەکانی ژنان بوو. ئەوان کە هیچ باوەڕێکیان بە ئازادی نیەو بەڵکوو دوژمنی ئازادیشن بەهەموو شێوەیەک بەرەنگاری ئازادیو ئازادیخوازان بوونەوەو لەو نێوەدا ژنان لە دوو لایەنەوە ناحەقی‌یان لێ‌دەکرێ: یەکەم وەک مرۆڤ چونکە لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا ئینسان نرخو ڕێزی نەماوەو دووەم وەک ژن کە ئیتر ژنیش لەو سیستەمەدا بەو پەڕی بێ ڕێزی‌یەوە سەیری دەکرێ .بێ نرخکردنو بێڕێزی‌کردن بە ئینسان لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی گرتۆتەوەو پەلی کێشاوەتە نێو ژیانی شەخسیی تاکەکانیشەوە.

لێکدانەوەی بارودۆخی ژنانوکچان لە ئێران لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە هێندێک بارەوە دڵخۆشکەرەو جێی سەرنجو تێرامانەو لە هێندێک بواریشدا دڵتەزێنە، بە خۆشی‌یەوە ژنانو کچانی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو قەناعەتە گەیشتوون کە تەنیا بە چەکی زانست دەتوانن خۆیان لە داوی کولتووری پیاوسالاری رزگار بکەن، هەروەک ئەو گۆڕانکاریو پێشکەوتنە بەرچاوە کە ڕادەی قبووڵی کچان لە زانستگاکانی ئێران 70 لە سەد زیادی کردوەو بە خۆشی‌یەوە ئێستا دەبینین کچان جگە لە باری چەندایەتی(کمیت) لە باری چۆنایەتی (کیفیت)یشەوە توانیویانە هەنگاوێکی باش هەڵبگرن. بۆ وێنە لە 12 کەس کە لە تاقیکردنەوەی ئەمساڵ(1391) لە چوار گرووپی ئاموزشیدا بوونەتە خاوەن پلەی یەکەم تا سێهەم، 7 کەسیان کچنو بۆ یەکەمجار دەبینین کچیکی کورد بە ناوی فەرزانە ڕەحمانی خەڵکی شاری سنە لە تاقیکردنەوەکانی کونکووردا توانیوێتی پلەی یەکەمی گرووپی علوومی تەجروبی بەدەست بێنێ. بەپێی ئاماری ڕێکخراوەی یونێسکۆ ، ئێران نزمترین ڕادەی کچانی خوێندکاری بە بەراورد لە گەڵ کوڕەکان لە ئاستی جیهاندا هەیە کە 60 لە سەدی کۆی دەفرایەتی(ظرفیت)ی زانستگاکانی ئێران دەگرێتەوە. بەرزبوونەوەی ڕادەی قبوولی کچان لە زانستگاکان بە داخەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە وەکوو مەترسی‌یەک لە قەڵەم دەدرێ، هەر بۆیە لە چەند سالی رابڕدوودا بە هێنانەگۆڕی گەڵاڵەی جیاکردنەوەی رەگەزی(تفکیکی جنسیتی) زانستگاکانو بێبەش‌کردنی کچان لە هێندیک لە رشتەکان هەوڵ دەدەن پێش بە چوونی کچان بۆ زانستگاکان بگرن. ئەمساڵ پێش لە کرانەوەی زانکۆکان لەلایەن"کامرانی دانشجو" وەزیری خوێندنی باڵای ئێران ڕاگەیندرا کە 36 دانە لە زانستگاکان 77 رشتەی خۆیندن تەکرەگەزی دەکەن، بەم واتایە کە لەم رشتەگەلەدا کە بریتین لە :شیمی، حیسابداری، ئەندازیاری، کارگێریی هۆتێلو هتد، ژنان ناتوانن درێژە بە خۆیندن بدەن. ئەو جۆرەکەندوکۆسپانە بۆ کچان لە زانکۆکاندا زۆر توندتر بۆتەوەو لە کاتێکدا کە لەو ساڵانەدا گەڵاڵەیەک بە ناوی جیاکردنەوەی رەگەزی لە زانکۆکان هاتۆتە بەر باسو خەریکی جێبەجێ‌کردنە، بەرپرسانی حەراسەتی زانکۆکان بە وردی پێوەندیی نێوان خوێندکارانی کوڕو کچ دەخەنە ژێر چاوەدێری‌یەوە . ئەوەش لە حاڵێکدایە کە زۆر جار هەواڵ‌گەلێک لە فەسادی ئەخلاقیی بەرپرسانی حەراسەتی زانکۆکان بڵاو بۆتەوە کە بە شێوەکی قیزەونو ناشیرین خوێندکارانی کچیان ناچار بە کاری ناحەز کردوە. دەسەڵات بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ فەرهەنگە باشەکانی خەڵک بەربەرەکانیی کردوەو ویستوویەتی گۆڕان بە سەر فەرهەنگو بیرکردنەوەی خەڵکدا بێنێ، ئەمانەش هەمووی ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتنی ژنان و سەرکەوتنیان لە بوارە جیا جیاکاندا.

روانینی دوواکەوتووانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ژنو قانوونی حیجابی زۆرەملی، بووەتە هۆی ئەوە کە چالاکی‌نواندنی کچان لە زۆربەی بوارەکاندا ئاستەنگی تێبکەوێ ، رەنگە بەرچاوترینی ئەو بوارانە بواری وەرزش بێ. کچانو ژنان لە ئێران ناتوانن لە وەرزشگاکان بۆ دیتنی کێبەرکێ وەرزشی‌یەکان وەکوو پیاوان بەشدار بن، لە بەشداری لە زۆربەی رشتە وەرزشی‌یەکانیش لە ئاستی نێوخۆو جیهانیدا بێبەشن. لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا پولیس لە ژێر سێبەری تەرحی ئەمنییەتی ئەخلاقی لە وەرزی هاویندا پۆل پۆل ژنانو کچان دەستبەسەرو ڕەوانەی زیندان دەکەن. لە ئاستی کاری ڕێکخراوەیی ژنان، لە چەن ساڵی رابردوودا دەسەڵات لە هیچ کارێک بۆ داخستنی ڕێکخراوەکانی ژنان خۆی نەپاراستوە، بەداخەوە ئێستا دەبینین لە نێوخۆی ئیران ڕادەی ڕێکخراوەکانی چالاک لە بواری ژناندا لە ژمارەی قامکەکانی دەست کەمترن، گۆڤارەکانی تایبەت بە ژنان کە لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە چاپو بڵاو دەکرانەوە تووشی داخران بوون، گۆڤاری راسان کە تەنیا گۆڤاری تایبەت بە ژنان لە رۆژهەلاتی کوردستان بوو داخراوەو هەر ئێستاش بەشێکی زۆر لە ژنانی چالاک





لە بواری مەدەنی‌وژناندا لە زیندانن. بارودۆخی ژنان لە کوردستان هەروەک بەشەکانی دیکەی ئێران زۆر خراپە ،کولتووری پیاوسالاریی کۆمەڵگەی کوردەواری گەورەترین بەربەست لە بەردەم کارو چالاکیی ژناندایە، کە لابردنی پێویستی بە کاری ڕێکخراوەیی‌و کولتوورسازی لە ئاستی خوارەوەی کۆمەلگەدایە، هەروەها کاری میدیایی لەو بەشەدا زۆر پێویستە بەڵام بە داخەوە میدیاکانی کوردی‌و بەتایبەت تیقی‌یە کوردی‌یەکانی حیزبەکانی روژهەڵات لەو بارەیەوە زۆر کەم‌کارنو ئەگەر بەرنامەیەکی هەفتانەش بڵاو دەکەنەوە تەنیا تایبەتە بە هەواڵو ڕاپۆرت. بەداخەوە میدیای فارس بەباشی ئەم دەرفەتەی قوزتۆتەوەو بە نیشاندانی روخسارێکی نەرم‌ونیانو باش لە پیاوی فارس لە فیلمو سریالەکاندا وای کردوە کە کچان‌وژنانی کورد حەزیان بە زەماوەندکردن لە گەڵ پیاوانی فارس بێ. دەرئەنجامی ئەمانە هەمووی دەبێتە لادانی کۆمەڵایەتی‌و نائومێدبوون لە ژیان. هیچ لایەنو ڕێکخراوێکش نیە بۆ پشتیوانی‌کردنیان، کە زۆربەی کات دەبێتە هۆی جێهێشتنی وڵاتو ڕووکردنەهەندەرانو هەڵاتنی مێشکەکان، هەروەها لە دەرئەنجامی نائومێدبوونیشیاندا تووشی تێکچونی باری دەروونی دەبنو پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن، ئێستاشی لە گەڵ بێ بەرزترین ئاماری خۆکوژی‌و خۆسووتاندنی ژنان تایبەت بە بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکانە، خەتەنەکردنی کچان لە بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکان نەریتێکی ناشایستی دژ بەژنانە کە ئێستاش هەر بەردەوامە. لەم هەلومەرجەدا ئەوەی تاڕادەیەک دڵخوشکەرە ئەوەیە کە لە دووساڵی رابردوودا هاوپێوەندی‌یەکی باش لە نێوان چالاکانی ژنانی رۆژهەڵات لە دەرەوەی کوردستانو بەتایبەت لە باشووری کوردستان پێک هاتوە، یەکدەنگیی ژنانی رۆژهەڵات لە رەوتی کونگرەی نەتەوەیی کورد لە هەولێرو بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵات لە باشوورو لە وڵاتی سوئید تا ڕادەیەک دەتوانێ هیوابەخش بێ بۆ ئەوەی هەوڵ بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم ژنان بە گۆڕتر بێ.






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نامەی کۆمەڵێك لە ژنانی چالاکی کورد روو بە حیزبو لایەنە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

## بۆ ڕێبەرایەتی‌و ئەندامانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




بەڕێزان!
بەبێ‌ئەوە خۆمان لە جێگەی دادو قەزاوەت دابنێین‌و تەنیا لایەنێک لە پارچەپارچەبوونی حیزبو ڕێکخراوەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خەتابار بزانین‌و بەبێ‌ئەوەی بچینە نێو هەڵسانگاندنی سیاسیی بارووددۆخی ئەو ناوچەیە کە کوردستانی خۆشەویستمانی تێدایە، تەنیا ئەوە دووپاتەو سەدپاتە دەکەینەوە کە رۆژهەڵاتی نێوەراست لە ساتەوەرچەرخانێکی بەپەلەدایەو ئەو هێزو گەلانە دەتوانن باشترین کەڵک لە دۆخەکە وەربگرن کە خاوەنی پلانی سیاسیی خۆیان بن‌و هێزەکانیان ڕێک خستبێ. بەداخەوە لە هەلومەرجێکی وەهادا هێزەکانی ئێمە بە دەست شەڕێکی بەردەوامی نێوخۆیی‌یەوە دەناڵێنن‌و حێزبەکانمان دوچاری قەیرانێکن کە ئەگەر چارەسەری بنەڕەتیی بۆ نەدۆزرێتەوە، کوردی ڕۆژهەڵات نەک قازانج ناکا کە ڕەنگە ڕەنج بە خەساریش بێ. .

ئێمە چەند تاکێ کورد بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە بەرامبەر ئەو پەرش‌وبڵاوی‌یە هەڵوێستمان هەبێ‌و داوا بکەین کە هێزەکانمان ڕێز لە یەکتر بگرن‌و لە ڕاستای بەرژەوەندیی گەلدا دەست لە شەڕەقسە، ناوچەگەری‌و سووانی هێزەکان هەڵگرن‌و بە کۆبوونەوە لە دەوری چەند خاڵێکی گرینگ بەرەوهاوکاری هەنگاوبنێن. بە دڵنیایی‌یەوە ئەو ڕێکخراوو حیزبانە لای ئێمە ڕێزیان زیاترە کە بە قازانجی گەل هەنگاو هەڵێنن. ئێمە پێمان‌وایە کە ئەو هێزو ڕێبەری‌یەی بەرژەوەندیی گەل‌و ئاسودەیی گەل‌و نیشتمان ئاواتمانەو بە نیشتمان دەخاتە پێش بەرژەوەندیی خۆی، ئەوە لە دڵی خەڵکدا زیاتر جێگای خۆی دەکاتەوە. بە واتایەک، داری پڕبار زیاتر دەچەمێتەوە تا دوای تۆفان قەد بکێشێتەوە.

بەڕێزان! پەرەپێدانی دێمۆکراسی نێوخۆیی‌و دیالۆگ لە گەڵ هەموو لایەنەکان‌و دۆستان، پێداچوونەوەیەکی سادقانە بە ڕابردوومان‌و هاوکاریی هێزەکانمان، ڕێگا خۆش‌دەکەن بۆ داهاتوویەکی باشترو قازانجی خەڵکی کورد تەنیا بەم‌جۆرە دەستەبەردەبێ. هەر بۆیە لێرەو لەمرۆوە داوا دەکەین کە هەموو هێزو توانای خۆتان، وەگەڕبخەن بۆ هاوکاری. دیارە شەرت نییە ئەو هێزانە هەموو یەک‌بگرنەوە، بەڵکوو زۆریشمان پێ‌باشە کە هێزو گرووپی جیاوازو هەمەڕەنگ هەبن‌و پلووراڵیسم بتوانێ پەرە بە گەشەکردنی دێمۆکراسی لە نێو کۆمەڵگادا بدا. بەڵام ئەو هەمەڕەنگی‌یە تەنیا لە سایەی دیالۆگ‌و ڕێز دەتوانێ بەروبوو بدا. ئێمە وەک بەشێک لە ژنانی کورد داوا دەکەین کە ڕێکخراوو حیزبە سیاسی‌یەکانی ئێمە، بە هەر بیروبۆچوونێک کە هەیانە بە هەستی بەرپرسایەتیی زیاترەوە بەرەو دیالۆگ‌و هاوکاری برۆن. دیارە ئێمەش لە دەرەوەی حیزبەکان، ئەوەندەی لە دەستمان بێ، هێزو توانای خۆمان بۆ دروست‌کردنی کەش‌وهەوای دۆستانە لە هەر شوێنێک کە بین، بەکاردێنین‌و هەوڵ دەدەین بۆ نزیک‌کردنەوەی لایەنەکان. کارێک کە بە شانازی‌یەوە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا کردوومانە.

هیوای ئەوەین کە مێتۆدی" ڕێزو دیالۆگ" تەنیا ڕێگای چارەسەری کێشەکان بێ.

فەریبا محەمەدی
شکۆفە قوبادی
مینا لبادی
مەهین شوکرووڵڵاپور
سەبری بەهمەنی
ئارێز محەمەدی
مەنیژە میرمکری
پەری کەریم‌نیا
تووبا ئەلیاسی
کوێستان عومەرزادە
نەدا شەهبازی
سوسەن محەمەدخانی غیاسوەند
نەهیەخۆشکەلام
سەمیراپوراندۆخت
مەرزە جەوانمەرد
شەهلا دەبباغی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# منداڵەکەم درەنگ دەخەوێ

یەکێك لەگەورەترین کێشەکانی دایكو باوك ئەوەیە کە منداڵەکەیان پابەند نابێت بەو کاتانەی بۆ نووستنی دیاری دەکەن، بەڵکوو هەمیشە دەیانەوێ درەنگ بچنە جێگاکەیان‌و سەرئێشە بۆ کەسوکارەکەیان دروست دەکەن.

کێشەی سەرەکیی منداڵان ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی بەدرێژایی رۆژ ماندوو دەبن، کەچی شەوانیش هەر خەریکی راکردن‌و هەڵبەزینەوەو یاریکردنن، تانانەت ئەو کاتانەش کە بۆ نوستن دیاری کراوە، یان کاتێك دەچنە سەر جێگاکەیان دەیانەوێ بەچەندین بیانوو کاتی نوستنیان دوا بخەن، ئەمەش بەتەواوی دایك‌و باوکان بێزار دەکا، بەڵام خۆشبەختانە ئەم ڕەوشتە خراپەی منداڵ قابیلی گۆڕانە. باشترە پێش کاتی نوستنی منداڵەکەت ئەم رێگایانە بگریتە بەر:

_کەشی نوستن بخوڵقێنە

کارێکی زۆر خراپ دەکەی ئەگەر بتەوێ بەزۆر منداڵەکەت بخەوێنی، چونکە هەرچەندە زۆری لێ بکەی، ئەو زیاتر کەللەرەق دەبێ، بۆیە دەست لەو رێگایە هەڵبگرەو لەجیاتی ئەوە کەشی نووستنی بۆ بخوڵقێنە، بەوەی پێش نوستنی بەهێمنی هەندێ مەسەلەی لەگەڵ باس بکەو چەند یاری‌یەکی لەگەڵ بکە کە ماندووی ناکا، ئینجا وردە وردە چیرۆکی بۆ بگێڕەرەوەو وێنەی کارتۆنی نیشان بدە. لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە نەهێڵی لەو کاتەدا دەنگە دەنگی زۆرو ژاوەژاو لەماڵەکەدا هەبێ.

_لەبڕیارەکانت پەشیمان مەبەرەوە

زۆرجار منداڵ پێش نوستنی‌و لەنێو جێگادا دایکی بانگ دەکاو داوای پەرداخێك ئاو یان شتێکی دیکەی لێ‌دەکا، ئەگەر منداڵەکە بزانێ لەو کاتەدا داواکانی جێبەجێ دەبێ، ئەوا هەر بەردەوام دەبێ بۆ ئەوەی کاتی نوستنی دوا بخا، بۆیە پێش ئەوەی بچێتە ژوورەکەی یان شوێنی نوستنەکەی دڵنیابە لەوەی هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە وەك چوونە سەر ئاوو خواردنەوەی ئاو، دواتر کە چووە سەر جێگاکەی‌و بڕیارت دا بەجێی بهێڵی، ئەوا لەسەر بڕیارەکەت سوور بە و لێی پەشیمان مەبەرەوە، ئاگاداربە بەهیچ شێوەیەك لەو کاتانەدا توندوتیژی بەکار نەهێنی تا منداڵەکەت بەئارامی بخەوێ، ئەوەش بزانە کە منداڵەکەت زانی چەند جارێك بڕیاری ڕۆیشتنت داوەو ناگەڕێیتەوە، ئەوا ئەویش بەو واقیعە رازی دەبێ‌و وەك خۆی وەری‌دەگرێ.

_بەخێرایی جێی بهێڵە

دوای ئەوەی منداڵەکەت خستە سەر شوێنی نوستنی خۆی، زۆر لەگەڵی مەدوێ‌و رووناکی لێ بکوژێنەرەوە، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەم هەنگاوانە بەخێرایی بکەی‌و زوو جێی بهێڵی، هەر دواکەوتنێك وادەکا منداڵەکە زیاتر حەز بەمانەوە بکاو نووستنی دوا بخا.

_حاڵەتەکان دووبارە بکەوە

گرنگە چەند حاڵەتێکی تایبەت بۆ نووستنی منداڵەکەت دیاریی بکەی‌و دووبارەی بکەیەوە، رای‌بهێنە لەسەر رۆتینێکی دیاری کراو، بۆ نموونە ددانی بشوا، چیرۆکی بۆ بخوێندرێتەوە، ئاو بخواتەوە، دایکی ماچ بکا، رووناکی بکوژێنێتەوەو بخەوێ، ئەم حاڵەتە جێگیر بکەو بەهیچ شێوەیەك مەیگۆڕە، تەنانەت پاش‌و پێشیان مەخە، بۆ ئەوەی منداڵەکە بەم هۆیەوە کاتی نوستن بناسێتەوەو بێ ئەوەی زۆری لێ‌بکرێ بۆخۆی بخەوێ.


سەرچاوە: ئینتێرنێت



# ڕاهێنانێکی دەروونی بۆ کەمکردنەوەی فشاری ڕۆژانەی ژنان

## تەندروستی

- چۆپی مەجید - ڕاهێنەری دەروونی - سوید



لەگەڵ ئەوهەمووگۆڕانکاری وپێشکەوتنانەی لەجیهاندا ڕوویان داوە ڕۆڵی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە و داواکاری‌یەکان لەسەر مرۆڤایەتی گەورەترو گرانتربوون، بەتایبەتی ڕۆڵی ژنان کە لەسەردەمی ئێستا دا ئەرکێکی زیاتر کەوتۆتە سەرشانیان. هەرچەندە ژن هەمیشە ئەرکێکی گرنگو ڕۆڵێکی تایبەتیی لەکۆمەڵگاد ابەگشتی‌و لەنێوخێزانەکەی دا بەتایبەتی هەیە. بەپەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی لەسەر بناغەیەکی ڕاست‌و دروست بۆ دروست بوونی کۆمەڵگایەکی تەندروست و پێشکەوتوو، هەروەها خزمەتکردن و خۆشی خستنە نێو خێزانەکەی بۆ پێکهێنانی خێزانێکی ئاسودە و بەختەوەرو دەروون دروست، کە ئەمەش بەرپرسایەتی‌یەکی گەورە و گرنگە. لەگەڵ ئەوەش دا لەژیانی ئەمڕۆماندا واپێویستدەکا کە ژنانیش شان‌بەشانی هاوسەرەکانیان دەست بەکاربن. لەدەرەوەی ژیانی خێزانییشدا بۆ باشتر کردنی باری ئابووری‌یان، کە ئەمە دەبێتە هۆی دروست کردنی فشارێکی زۆر بۆ باری دەروونیی ژنان لەبەر ئەوەی ژن هەمیشە هەوڵ دەدا بتوانێ ڕۆڵی خۆی وەك (هاوسەرێکی باش، دایکێکی باش،کارمەندێکی باش) ببینێ. بەتایبەت زۆربەی ئەو ژنانەی لە ئەورووپا دەژین بەهۆی جیاوازیی شێوازو ماوەی کارکردن لەو وڵاتانەدا. زۆربەی ئەو ژنانەی لە ئەوروپا کارمەندن ڕۆژانە ٦ تا ٨ کاتژمێر کار دەکەن. دوای تەواو بوونی ماوەی کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ ڕاستەوخۆ دەست دەکەن بە ئەنجامدانی کاری ماڵ، کە ئەمەش وزەیەکی زۆری دەوێ و پێویستە بەرنامە ڕێژی بۆ بکرێ و بۆیە پێویستیان بەهاوکاریی هاوسەرەکانیان هەیە بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی کارەکانیان لەنێوخێزان و لەسەرکار.

بێگومان ئێمەی مرۆڤ لەیەك ناچینو جیاوازین لەشێوازی بەسەر بردنی ژیان، ئارەزووەکان، بەکارهێنانی تواناکانمان، بۆچوونمان بۆژیان، هەروەها پێویستی‌یە بەدەنی‌یەکانوهەریەکەشمان جۆرە ڕۆتینێکی هەیە لەنێو ماڵەکەیدا......تاد. هەربۆیە زۆر گرنگە کەخانمان بتوانن ئاگایانە مامەڵە لەگەڵ جەستە و دەروونیان بکەنو ئارامی‌یەك بۆ دەروونیان دەستەبەر بکەن، بۆ ئەوەی ئەو ئارامی‌یە ببێتە مایەی گەڕانەوەی ئەو وزەیە کە ڕۆژانە بەکاریدێنن و هۆکارێك بێ بۆ باشتر بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی ڕۆژانەیان.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە کە ئێمەی ژن چۆن بتوانین ئەو ئارامی‌یە دەروونی‌یە دروستبکەین؟ بەڵێ، پرسیار کردن ئاسانە، بەڵام وەرگرتنی وەڵامیش لەبەر ئەوەی دەبێ کاری پێ بکرێ لە لای زۆربەمان تاقەتو کاتی دەوێ. هەرکات ئامادەیی ئەوەت تێدابوو کە بەڕاستی گرنگی بەخۆت بدەی و ڕۆڵی خۆت لەکۆمەڵگە و خێزانەکەت دابەگرنگ بزانی، ئەو کاتەباشترو ئاسانتر ڕێنمایی‌یەکان وەردەگری و خێراتر هەنگاودەنێی کە ڕۆڵی خۆت جوانتر و بەرزتر بنرخێنی. ئەتۆ بەم شێوەیە بکە:

- هەوڵ بدە ڕۆژانە ماوەیەك بەخۆت بدەی کە تەنیابی، واتە تەنیا خۆت وخۆت. ئەگەر لەسەرەتاوە بە ١٠ خولەك دەست پێبکەی باشترە. دانیشە بەشێوەیەکی ئارام و پشت ڕاست بێ و چەمانەوەی تێدا نەبێ، ئەگەر ناتوانی زۆر ڕاستی بکەیەوە زۆر لەخۆت مەکە ئەگینا بۆت دەبێتە هۆی دروست کردنی ئازار. ئەگەر ئەوەت بۆ ئاسان نەبوو دەتوانی بەپشتا پاڵ بکەوی. تەرکیزت با لەسەر هەناسەت بێ. هەناسەکەت لە ڕێگەی لووتەوە هەڵمژە وکەمێك لە بەشی خوارەوەی سییەکان تا بیهێڵەرەوە، واتە هەست بکە کە سکت بەرز ئەبێتەوە نەك سنگت و شانەکانت، هەناسەکەت بۆ ٥ تا ١٠ چرکە ڕاگرە و پاشان لە ڕێگەی دەمتەوە هەناسە بدەرە دەرەوە. ئەمە زۆر دووبارە بکەرەوە هەتا هەست دەکەی وا خەریکە لەشت خاو دەبێتەوە. ئەتۆ بە دووبارە کردنەوەی ئەم جۆرە هەناسەدانە لە دونیای هەراو دەنگە دەنگ و بیرکردنەوە لە کارەکانی ڕۆژانەتو بیرکردنەوە ناخۆشەکانت دوور دەکەویەوە و دەچیتە نێو خۆتەوە. لە ڕێگای ئەم جۆرە هەناسەدانەتەوە حەسانەوەیەکت بۆ دێ کە پێشتر هەستت پێ نەکردوە، دڵ و کۆئەندامی دەمارەکانت لە ژەهراوی بوون پاك دەکەیەوە، سییەکانت فێری باشترین شێوەی هەناسەدان دەکەی کە لە دواییدا هەر کات بتەوێ بەهۆی کردنی ئەم ڕاهێنانەوە دەتوانی خۆت ئارام ڕابگری. بەمە فێر دەبی کە باشتر مامەڵە لەگەڵ خۆت دا بکەی و سەرچاوەی هاتنی و زەینوێی خۆت ئاشکرا دەکەی. ئەمڕاهێنانە تەنیا بۆ یەکجاریان دوو جار نییە، بەڵکوو دەبێ خۆتی لەسەر ڕابهێنیو بروا بکەی کە ئەم تەکنیکە هاوکارت دەبێ، بۆیە دەبێ ڕۆژانە بیکەی بەڕۆتینێك بۆ دانیشتن لەگەڵ خودی خۆتدا.

بەم‌شێوەیە ئەتۆ گرنگیی زیاتر بەخۆت دەدەیو ئەو فشارانەی ڕۆژانە دوو جارت دەبنەوە کاریان لەگەڵدا دەکەی بەبێ ئەوەی بهێڵی هیچ ئاسەوارێکی خراپ لەسەر دەروونت و ئەندامەکانی لەشت بەجێبهێڵن.

( ئەو بابەتە خاتوو ژیان عەبدوڵلاهی بۆ گۆڤاری ناردوە)







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# مۆز حەبی خەوە

لێکۆڵەرانی دامەزراوەی نیشتمانیی تەندروستی لە ئەمریکا لێکۆڵینەوەیەکی تازەیان ڕاگەیاند کە مۆز دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ خەوێکی خۆش بکا.
بەگوێرەی هەواڵێکی سایتی سەلامەت‌نیوز، لێکۆڵینەوەیەکی دامەزراوەی خەو لە ئەمریکا نیشانی دا، زۆربەی خەڵك بەئەندازەی پێویست ناخەونو بەجۆرێك 57%ی کۆی 26451 پرسیارلێکراوان گوتوویانە، کێشەی خەویان هەیەو لانی‌کەم بەهۆی ئەو کێشەیەوە شەوانە تاوەکوو سێ جار لەخەو ڕادەپەڕن، بۆ ئەو مەبەستەش لێکۆڵەران خواردنی (مۆز) بەشوێنگرەوەی دەرمانەکانو حەبی خەو دەزانن‌و مرۆڤ بە خواردنی، خەوێکی خۆشی دەبێ.



# تێکچوونی شیرازەی خێزانو هۆکارەکانی!



کوێستان عومەرزادە

خێزان ناوندێکی بنەرەتیو بەهێزی کۆمەڵایەتیو سیاسی‌یە. پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک بەندە بە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیەو ئەویش بەندە بە پەروردەکردنیان لە خێزاندا. بەو مانایە کە خێزان بڕبڕەی پشتی هەر کۆمەڵگەیەکە. بێگومان هەر کۆمەڵگەیەک بە پێی بارودۆخی سیاسیو کلتووریی خۆی قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردوەو هەر قۆناغەش کۆمەڵێ شتی لەگەڵ خۆی هێناوە. بوونی گیروگرفتو کێشە لە هەر خێزانو کۆمەڵگەیەک شتێکی سروشتی‌یە، بەڵام دوای شورشی تێکنۆلۆجیاو زانیاری ئەو کێشانە پەرەیان سەندوە وەدەبینین کە رۆژ لەگەڵ ڕۆژ کێشە کۆمەلایەتی‌یەکان ڕوویان لە زیادبوونە، لەوانە تەڵاق کە تاڵترینو ترسناکترین دیاردەی کۆمەلایەتی‌یە کە بناخەی خێزان لێک هەڵدەوەشێنێو کۆڵەکەی ژیان لە ژێر ئەو میچەدا بەرەو رووخان دەبا، ئەوکات کاردانەوەی خراپ لەدوای خۆی بەجێ دێڵێو ڕەنگە هەندێک کەس خودی دیاردەی تەڵاق بە ڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بزانن. بەڕای من یەکێک لەو دیاردانە کە ئەمرۆ دەتوانم بڵێم وەک کێشەیەکی زەقی کۆمەلایەتی دەبینرێنو بەردەوامو ساڵ لەدوای ساڵ ڕێژەکەیان ڕووی لە زیادبوونە، دیاردەی تەڵاق یان جیابونەوەیە.

پێناسەی تەڵاق !

ئەگەر بمانەوێ وشەی تەڵاق پێناسە بکەین دەتوانین بڵێین کە تەڵاق لە ڕووی مانای وشەوە واتە دەرباز بوونو لە زاراوەشدا بە مانای کۆتاییهێنان بە ژیانی هاوبەشە لە لایەن ژنو مێردەوە، یاخود تەڵاق واتا هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندی‌یە کە لەنێوان ژنو مێردا هەیە. بەپێی شەرع ئەو تەڵاقە باتڵ نابێ تا ئەو قەرارادە هەڵنەوەشێتەوە. بەڵام دەکرێ بەشێوەیەکی دیکەش باسی بکەینو پێناسەی بۆ بکەین، بەو شێوەیە کە تەڵاق تەنیا جیابونەوە یان هەڵوەشانەوەی شیرازەی خێزان نییە، بەڵکو پەرتەوازەبوونی ئەندامانی خێزانو ئاڵۆزتربوونی کێشەکانی کۆمەلگایەکیش بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بە هۆی ئەوەی پێکهاتەی هەر کۆمەڵگەیەک لە خێزان پێک‌دێ. هەر دیاردەیەک کە ڕووبەڕووی کۆمەلگا دەبێتەوە بێگومان هۆکارو بەکگراوندی خۆی هەیە، لەو نێوەدا دیاردەی تەڵاق کە بەدڵنیایی هۆکاری خۆی لەپشتە. ئەگەر سەیری کۆمەڵگای خۆمان واتا کوردستان بکەین دەبینین ڕێژەی تەلاق زۆر زیادی کردوە چ لە رۆژهەڵاتی کوردستانو چ لە باشووری کوردستان، ئەگەر سەیری رێژەی تەڵاقدان لە ساڵانی رابردوودا واتا پێش شەری عیراق ئێران بکەین ڕێژەی تەڵاق زۆر لەئێستا کەمتر بووە، هەروەها تەڵاقدان ساڵان لە گوندەکان دەکرێ بڵێین هەر نەبوو، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی زۆر پەرەی سەندوە. بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەلاقدان دەکرێ زۆر هۆکاری لە پشت بێ. لەوانە کەمتەرخەمیو نەبوونی هۆشیاریی پێویستی تاکەکانو هەروەها پرۆژەو پلانی پێویست لە لایەن حکومەتەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریو بژێوی ژیان بۆخۆی یەکێکە لەو گیروگرفتانە کە لە زیادبونی تەڵاق یاخود جیابوونەوەدا بێ تەئسیر نییە. نەبوونی هۆشیاریو زانیاریی دروست بۆ پێکهێنانی خێزان بە کێشەی سەرەکیی جیابوونەوە ئەژمار دەکرێ. ئەگەر سەیری باشووری کوردستان بکەین دەبینین کە ئەو ناوەندو ڕێکخراوانە هەن یان دروست بوون بۆئەوەی پیشتیوانوهاوکارو پشتگیری ئەو خێزانانە بن کە لەگەڵ ئەو کێشانە ڕووبەڕوو دەبنەوە. هەروەها دەتوانن بە پێی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکانیان کاری پێویست بۆ وەدیهێنانیان بکەن. کارو چاڵاکی‌یەکانی ئەو ڕێکخراوانە ، بەڕای من لە ئاستی پێویستدا نییە، بۆ نموونە ساڵی ۲۰۰٤ لێژنەیەک بە ناوی فەتوا پێک‌هات ئەو لێژنەیە کە پێک هاتبوو لە ۱۰ تا ۱۱ کەس. ئەرکیان هاوکاریکردنی ئەو ژنو پیاوانە بوو کە تووشی گیروگرفتو کێشەی خێزانی ببوونو پێشگیری‌یان لەوە دەکردکە ئەو ناوندە تێک‌بچێ، بەڵام بەداخەوە ئەو لیژنەیە هیچ پیشتیوانی‌یەکی لە لایەن حکوومەتو پەرلەمانەوە لێ‌ناکرێو هیچ کەسیش خۆی لە بەرانبەر ئەو گرفتانەدا بە بەرپرس نازانێ. دەبینین ڕێژەی جیابوونەوە ڕۆژ بەرۆژ زیا دەبێو کۆمەڵگا تووشی قەیرانو کێشە دێ. کاتێك کێشەیەکی ئاوا ڕووبەڕووی خانەوادەیەک دەبێتەوە، بێگومان ناخۆشەو سەرلێشیواویو ئاڵۆزی بۆ هەموو ئەندامانی دروست دەکا. ئەگەر ئێمە سەیری جیهان بەگشتی بکەین، دەبینین کە لە وڵاتانی ئورووپاییدا تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دیاردەی تەلاق لە کلیساکاندا نەبوو، بەڵام دوای شۆڕشی پیشەسازیو گەشەسەندنی لایەنی کۆمەڵایەتی ئەو دیاردەیە زۆر زیادی کرد، بە پێی بۆچونی کۆمەڵناسان فاکتەری سەرەکی بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەلاق ئازادیی تاکو سەربەخۆیی ژنان لە بواری ئابووریدا بوو، پاشان کەمبوونەوەی عادەتو تەقالیدی کۆمەڵایەتی لەسەر ژنی تەڵاقدراوو وەلانانی نۆرمە کۆمەڵایەتی‌یەکان بەتایبەت چەمکی (بێوەژن) یان (ژنی تەلاقدراو) زیاتر پەرەی بەو دیاردەیە دا. ئەگەر سەیری کوردستانیش بکەین لەو روانگەیەوە، دەبینین کە دیاردەی تەڵاق لە هەموو کونو قوژبنێکی بە شێوەیەکی زانستی ئەو کۆمەڵگایەدا هەیەو ڕووی لە زیادبوونەو دەکرێ کۆمەڵناسان خوێندنەوەی پێویستی بۆ بکەنو لە هۆکارەکانی بکۆڵنەوە. ئەو خوێندنەوە هەڵەیە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆ تەڵاقو جیابونەوە ژنی تەڵاقدراو دەکرێ لە کەمترین کۆمەڵگاکانی دیکەدا دەیبینین، بۆ نموونە لە کۆمەلگایەکی غەیرەکورددا، ژن ترسی دوای تەڵاقی لێ‌نانیشێو ناکەوێتە بەر توندو تیژیو بەکەم‌سەیرکردنو نابوودکردن، یاخۆ زۆر جار تەڵاق دیاردەی سەرشەقامو لەش فرۆشیو ئاڵۆزبوونی لایەنی دەروونیی لێ‌دەکەوێتەوە. زۆر جار دەپرسم وەڵام ئەوەیە کە پەیوەندیی بە کولتورو فەرەهەنگی ئێمەوە هەیە. ئەو شێوە خوێندنەوەیە بەڕای من هەڵەیە، ئایا دەکرێ هەر شتیکی لە نێوکولتووری ئێمەدا بوو، سەردەمیشی نەمابێو بەسەرچووبێ بەردەوام پەیرەویی بکەینوهەوڵ بدرێ وەچە بۆ وەچە بگوازرێتەوە، بێ گومان نا. بەداخەوە زۆرن ئەوانە کە ناتوانن لەئاست ئەو دیاردەیەدا، بە جوانیو پۆزۆتیڤیانە بیربکەنەوەو تەنیا هەوڵی ئەوە دەدەن کە کێشەکە ئالۆزتر بکەنو ژنان ریسوابکەنو کێشەکان قووڵتر بکەنەوە.

ئەمن لێرەدا دەچمەسەر لایەنێکی دیکەی ئەوباسە ئەویش، ئەو جیابوونەوەو تەڵاقانەیە کە لە تاراوگە دا روو دەدەن. بێگومان زۆرمان لەسەر ئەوە بیستوە، یەکێک لەو کێشانە ئەوەیەکە پێم‌وایە تێگەیشتنی تاکی کورد لەسەر ئەو باسە، ئەو تەلاقو جیا بوونەوانەی لە نێو ژنو پیاوی کورد لە تاراوگە ڕوو دەدەن، ناتەواوە. دەستبەجێ قەزاوەتی خراپی لەسەر دەکرێکە ئەویش زوو بەلای ژنەدا دەشکیتەوە، کە دەڵێن ژنەکە تێکەڵ بە فەرهەنگو کولتووریکی جیاوازبووەو ڕووبەڕووی کۆمەڵگایەکی ئازاد بۆتەوە، بۆیە ڕێز لە مێرد ناگرێ و منداڵی بۆ گرینگ نیە. هەروەها زۆر جار شتی زۆر ناشیرین وە دوای ئەو ژنانە دەخرێ کە تووشی ئەو حاڵەتە بوون کە دەڵێن حەزی لە بەرەڵڵاییو بێ بەندوباری‌یە. ئایا ئەوە ڕاستە، بەڕاستی هەموو ئەوانەی جیادەبنەوە ، حەزیان لەو شێوە ژیانەیە واتا ژیانی تەنیاییو پڕ لە خەم لە ژیانی غوربەتیدا ، بێگومان نا ، بەداخەوە نەبووە کەسێك بەشێوەیەکی دروست بیر لەو مەسەلەیە بکاتەوەو چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە.

ئەمن پێم‌وایە زۆری ئەو جیابوونەوانە کە ڕوودەدەن کێشەکانیان لە تاراوگە دروست نەبوون بەڵکوو کێشەیەکە بناغەکەی لە کوردستان داکوتاوە، یان لە کوردستان هەبووەو چارەسەر نەکراوە دوای گواستنەوەی شوێنی ژیانو نیشتەجێ‌بونی ئەو ژنو مێردە هەمان کیشەو گیروگرفت لەگەڵ خۆیان بار دەکەن بۆ هەندەران . لێرە لەم وڵاتە تازە کە هەموو شتێکی بگرە ئاوو هەواشی تازە یە بۆ ئەو کەسەی کە تازە روو لەوجۆرە وڵاتانە دەکا، کێشەکان زەق دەبنەوە بە هۆی ئەوەی ئازادیی زیاتر هەیە لە بواری تاکە کەسیدا. کە واتا دەکرێ بڵێین کە هۆکاری زیادبونی جیابونەوە زۆرن هەر وەک لەسەرەوە ئیشارەم پێ‌کردن، بەڵام جیابوونەوەی ژنو مێرد لە دەرەوەی کوردستان ئاسانتر لە وڵاتی خۆمانە. هۆکارەکان زۆرن بەڵام لایەنی ئابووری دەوری سەرەکی دەگێرێ ، بەتایبەت ژنان وا هەست دەکەن کە لێرە ئەگەر جیاش ببنەوە نە لە لایەنی مادیو نە لە لایەنی توندوتیژی‌یەوە ڕووبەڕووی گیروگرفت نابنەوە، بۆیە بڕیاری ئەوەدەدەن کە ئەو کێشانەی چەند ساڵە هەن زەقتر بکەنەوە و بریاری جیابوونەوە بدەن، کەواتە دەکرێ بلێین کە جیابوونەوە یان تێکچوونی شیرازەی خێزان شتێک نیە کە بڵێین تەنیا لەو خانەوادانەدا رووەدا کە لە دەرەوەی کوردستانن. ئەگەر سەیری ئامارەکانی جیابوونەوە بکەین، لەوانەیە ئەوەمان بۆ دەرکەوێ کە لە کوردستان رێژەی زۆر زیاترە تا شوێنی دیکە. ئەگەر سەیری ئامارەکان بکەین دەبینین کە رێژەکە ساڵ لە دوای ساڵ رووی لە زیادبوونەو لەبەریەک‌هەڵوەشانی خانەوادە هەر دێو بەرفرەوانتر دەبێ. ئەگەر خەم‌خۆرێک نەبێ لەو نێوەدا بێگومان جیابوونەوە دەبێتە کولتورێکی زەق لە کۆمەڵگای ئێمەدا. ئامارەکان کە هەن بەو شێوەیە %٦٠ ی ڕێژەی تەڵاق لەکوردستانی عیراق بەدی دەکرێ.

هۆکارەکانی جیابوونەوەو هەڵوەشاندنەوەی خێزان

بە بیروڕای کارناسان هۆکارە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی کاریگەریی بەرچاویان لە زیادبوونی ڕێژەی تەڵاقدا هەیە. بە بۆچوونی ئەوان سەربەخۆیی ئابووری‌ئەوە کە ئافرەتان لە ڕووی ئابووری‌یەوە سەربەخۆ دەبن، هۆیەکە بۆئەوەی ئاماری تەڵاقیش بچێتە سەرێ. چونکە لە گەڵ زیادبوونی داهات ئیتر ئافرەتان ناچار نین بارودۆخی نالەبارو دۆزەخ ئاسای ژیانی هاوبەش لە پێناو دابین‌بوونی نیازە سەرەتایی‌یەکانی ژیاندا قەبووڵ بکەن، پاشان هۆکاری دیکە هەن. لەوانە، لێک تێنەگەیشتن، زوو بڕیاردان بۆ ژیانی هاوبەش، توندوتیژی، دڵپیسی، لایەکی ئابووری، بێگومان هۆکار بۆ جیابوونەوە زۆرن ، وەک نەبوونی دیالۆگ لەنێوان ژنو مێردا کاتێک ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە، هەڵسوکەوتی خراپ لەهەر دوولاوە، تەکنەلۆژیا . پاشان باش‌یەکترنەناسینی کچو کوڕ کە بەهۆی فەرهەنگی کۆمەڵگا دەرفەتی ئەوەیان پێ‌نادرێ باش یەکتر بناسنو بەشێوەی ئاسایی رۆژانە یەکتر ببینن. هەر کام لەوانە کە باسمان کردن گیروگرفتی زۆر لەگەڵ خۆی دێنێ تا جیابوونەوە بێتە ئاراوە، زۆر جار لێک‌وەڕەزبوونو نەبوونی عیشقو عەلاقە دەتوانێ هۆکار بێ بۆ ئەمە.

زیانەکانی تێک‌چوونی شیرازەی خێزان!

ئەگەر بە وردی چاو بەو مەسەلەیەدا بگێڕین دەبینین کە ئەوەی لێرەدا زەرەرمەند دەبێو زیانی پێ‌دەگا، هەموو ئەندامانی خێزانن، بەڵام بەتایبەتی ئەوەی کە خەم‌ونیگەرانیو ئالۆزاویو سترێس تووشی دەێی منداڵە، کەواتا قوربانیی یەکەمی دیارەدەی جیابوونەوە یان پچرانی شیرازەی خێزان منداڵە کە زۆرترین زیانی لە باری ڕوحی‌یەوە پێ‌دەگا، بەتایبەت ئەو منداڵانە کە فام دەکەنەوەو گەیشتوونە تەمەنێکی وا کە بیر لە دابرانو ئاڵۆزی پەیوەندەی‌یەکان بکەنەوە، بۆیە ئەگەر ئەوحاڵە هاتە پیش زۆر گرینگە من ناڵێم دایکو باوک خۆیان بکەن بە سووتەمەنی لەبەر منداڵەکە، بەڵکوو دەبێ بە شێوەیەکی دروست هەڵسوکەوت بکەنو هەموو هەوڵ بۆئەوە بدەن کە روو نەدا، بەڵام ئەگەر رووشی‌دا با ژیرانە بیر کەنەوەو لەژێر تەئسیری حەساسیەتو عادەتی کۆمەڵایەتیدا پێوەندی‌یەکە نەپچڕێننو پەیوەندی بەیەکەوە بکەن ، لەبەر ئەوەی منداڵەکە تووشی خەمۆکی نەبێ.

لە کۆتاییدا دەتوانمو بە پێویستی دەزانم بڵێم کە دەبێ ڕێکخراوەکانی مەدەنیو رێکخراوەکانی ژنانو ئەو رێکخراوانەی پیوەندی‌یان بەو دیاردەیەوە هەیە، کۆنفراسێکی گشتی ساز بکەن بۆ ئەوەی گۆتارێکی رۆشنبیری بەهێزی لێ‌بکەوێتەوە. داوا دەکەم کە هەموو ڕێکخراوەکانی بەرگری لە مافەکانی ژنانو منداڵانو ... فشار بهێنن بۆ سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان،

هەروەها دەبێ، بە جیددی پێشگیری لەو کێشە کۆمەڵایەتی‌یانە بکرێ کە کاریگەری لە سەر خێزان دروست دەکەن، هەروەها مەرکەزی کۆمەڵایەتی مۆدێرنی تایبەت بە منداڵان هەبێ، بۆ ئەوەی چیتر نەبنە قوربانیو نەکەونە سەرجاددەکانو لە لایەن باندە جۆراوجۆرەکانەوە بۆ مەبەستی تایبەت بەکار نەهێنرێن یان بە تاوانی گەورەکان مەحکوم بە چوار دیواری زیندان نەکرێن.

رۆشنبیرانو دەزگاکانی راگەیاندن دەتوانن پێکەوە کار بۆ کەم‌کردنەوەی ئەو دیاردەیە بکەن، چونکە لە دونیای مودێرندا ئەو دوو شتە کارتێکەریی زۆر لە سەر هەموو بوارەکانی ژیان دادەنێن، بۆیە نابێ رۆشنبیرانو کۆمەڵناسانو دەروون‌ناسان کە پێوەندی‌یان بەو دیاردەیەوە هەیە لە ئەرکیاندا کەمتەرخەم بنو دەبێ هەوڵی تەواو بدەنو رۆڵی خۆیان لە کۆمەگادا بگێڕن.








کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دەستدرێژیی سێکسی تاوانێک دژ بە ژنان

شلێر باپیری






توندوتیژیو دەستدرێژیی سێکسی بە یەکێک لە بەرچاوترین بنەماکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دادەنرێ کە لەو ساڵانەی دواییدا رووی لە زیادبوون کردوە. پێش ئەوەی باس لە نیوەرۆکی ئەم دیاردەیە بکەین، پێویستە ئاماژەیەک بە وشەی "دەستدرێژیی سێکسی" بکەین.
وشەی دەستدرێژی، لە چاوگی لاتینی"RAPE" وەرگیراوە، واتە گرتن یان ستاندنی شتێک بەزۆری. سەرەتا ئەم وشەیە هیچ مانایەکی جنسیی نەبوو و ئێستاش لە زمانی ئینگلیسیدا بە مانای گشتی سوودی لی وەردەگیرێ. مێژووی دەستدرێژی گۆرانکاریی بەسەر مانای وشەکەدا هێناوە.
دەستدێژیی سێکسی، یەکێک لە پرسو گیروگرفتەکانی کۆمەڵگەیە کە قوربانییەکانی جگە لە ژنان ، منداڵانی کچو کوریش دەگرێتەوە. لە کۆمەڵگەکانی دواکەوتوو و لە حاڵی گەشەسەندندا، بە هۆی ئەو روانینەی بەرانبەر بە ژنان هەیە، ئاماری دەستدرێژی بۆ سەر ژنان زیادی کردوەو ژیانیانی خستووەتە مەترسییەوە.
دەستدرێژی، واتە کوشتنی مرۆڤێک لە جۆری ژن، کوشتنی هەموو پێکهاتەکانی ئەو ژنە. ژنێک کە دەستدرێژیی پیاوی بگاتێ، بەر لەوەی بیری لە کەمیو نزمیی پیاوەکەی کردبێتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە ناخی لە هەموو بەهاکان بەتاڵ بووە. زۆر ئەستەمە بتوانم قەناعەتو متمانەی دەروونیی ژنێک بەدەست بێنمەوە کە دەستدرێژیی کراوەتە سەر. مەگەر ئەو ژنە هەر پیشەیەکی وەک لەشفرۆشیی هەبێ کە ئەوەیان پرسێکی جیاوازە.
کەمتر وا هەیە ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکان یان لە ماڵپەڕەکاندا باسی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان نەبنیرێ. ژمارەیەکی کەمی ئەو دەستدرێژییانە ئاشکرا دەکرێنو هێندێکیشیان هەرباس ناکرێن یان لە دوای باسکردنیان، ژنەکە لە باشترین دۆخدا دەبێتە قوربانیی کوشتنە ناموسییەکان.
کۆمەڵگەیەک کە بناغەکانی لەسەر سوننەتو دەمارگرژی دامەزراوە، هەتا لە گوتنی وشەی دەستدرێژی خۆیان بە دوور دەگرنو زۆر جار وشەی دیکەی بۆ بە کار دێننو لە مانا واقیعییەکەی خۆی دووری دەخەنەوە.
کۆمەڵگەیەک کە گرفتاری یاسای پیاوسالاریو سوننەتییە، ژنان بە هۆکاری ئەم دەستدرێژییانە دەزاننو پاساوی نابەجێی وەک شێوەی جللەبەرکردنی ژنانو ئاڕایشو زۆر شتی دیکە دێننەوە.
پێش هەموو شتێک ئێمە دەبێ بزانین چ ڕەفتارێک بە دەستدرێژی دەزانینو چ ڕەفتارێکیش بە دەستدرێژی نازانین؟
لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هەر جۆرە خواستێک لە لایەن رەگەزی نێرەوە کە ژنەکە خۆی بە دڵی نەبێ، بە دەستدرێژی دادەنرێو ژنەکە دەتوانێ سکالا لەسەر ئەو پیاوە کە هاوسەرەکەی بێ یان کەسێکی دیکە، تۆمار بکا. لە کاتێکدا لە وڵاتانێک کە پیاوسالاری لە لووتکەدایە، دەستدرێژیی پیاو بۆ سەر هاوبەشی ژیانی بە دەستدرێژی دانانرێو هەر داواکارییەکی پیاو بە بێرەزامەندیی ژنەکەش بە ئەرکی ژنان دادەنرێ کە دەبێ جێبەجێ بکرێ.
تەنانەت زۆر لە رەفتارەکانی پیاوان بەرانبەر بە ژنان لە شەقامو شوێنە گشتییەکان لەوانە لاتاوو توانج هاویشتن و دەستبردن بۆ لەشی ژنان وەک شتێکی ئاسایی چاو لێدەکرێ کە ژنانیش دیسان بۆ پاراستنی ئابرووی خۆیان وەڕووی خۆیانی ناهێننو بێدەنگی هەڵدەبژێرن.
دەستدرێژیی سێکسی ریشەی لە هەڵاواردنی سێکسی، بێ مافیو بەلاوازدانانی رەگەزیکدا هەیە. هەروەها بوونی دەسەڵاتی پیاوانو روانینە پیاوسالارانەکەیان بۆ ژنانو کچان، رەواییدان بە یاساکانی نایەکسانییەو لە هەر کۆمەلگەیەکیشدا رۆڵی سەرەکی لە لاواز نیشاندانی دەستدرێژی بۆ سەر مافی بەشێک لە کۆمەلگەدا دەبینێ.
یەکێک لە قوربانییەکانی ژنان لەو دیاردەیەدا لە کاتی شەرەکاندا بووە. دەستدرێژیی سێکسی لە شەڕەکاندا هەر لە سەردەمە مێژویییە کۆنەکانەوە تا دەگاتە جەنگی جیهانیی دووەمو دواتر شەڕی بۆسنیو شەڕەکانی رواندا، زیاتر لە ٨٠ هەزار ژن دەستدرێژییان کراوەتە سەرو یەک لە وڵاتانی دنیا وەک کۆنگۆ بە پایتەختی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان ناسراوە کە تا ئێستاش هەیەو ئامارەکان زۆر لەوەی باس دەکرێن زیاترن.
دیاردەی دەستدرێژی بە گوێرەی گۆرانکارییەکان بنبڕ نەبووەو جاران لە کاتی شەڕەکاندا بە کۆمەڵ دەستدرێژی دەکراو بە هەمان شێوە لە سەدەی بیستویەکو لە بەهاری عەرەبیدا ئەو دیاردەیە بەرچاو بوو.
دادوەرێکی دادگای نێودەوڵەتی کە لە کەیسی رواندای کۆڵیوەتەوە، ئاماژەی کردوەکە زۆر لە کۆنەوە دەستدرێژیی سێکسی بە یەکێک لە دەستکەوتەکانی شەڕ دادەنرا، بەڵام ئێستا بە تاوانی شەڕ دەژمێردرێو دەمانەوێ ئەوە بگەیەنین کە دەستدرێژی دەستکەوتی شەڕ نییەو بگرە تاوانی مرۆییە کە لە شەرەکاندا ئەنجام دراوە.
هۆکارەکانی ئەو قەیرانە لە کۆمەڵگەدا چین؟
ئەم دیاردەیە، هەم هۆکاری دەروونیو فیزیۆلۆژیکیو هەم زەمینەی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیی هەیە. بەو مانایە کە هێندێکجار کەسایەتیی دەروونیی ئەو کەسە وادەکا ئەو کارە ئەنجام بدا. بۆ هۆکارەکانی دیکەی ئەو قەیرانە، دەتوانرێ ئاماژە بە زۆر شت بکرێ کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای منداڵی، زۆر جار جیاکردنەوەی منداڵ لە رەگەزی بەرانبەریو دواتر کە گەورە دەبن زۆر بەربەست کە دەبنە هۆکار بۆ دروستبوونی ئەو عۆقدە جنسییە، وا دەکەن کە تاک لە شوێنێک کە بیهەوێ پێی بگاو خاڵیی بکاتەوە پەنا بۆ دەستدرێژی بەرێ. زۆر جاریش روانینی دەروونناسانە بۆ دیاردەکە دەریدەخا کە ئەو کەسانە کێشەی دەروونییان هەیە کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن.
شێوەی پشتیوانی لەوانەی کە دەستدرێژییان دەکرێتە سەر:
لەسەرەوە ئاماژەم پێدا بە تایبەت لە وڵاتانی دواکەووتودا زۆربەی ئەوانەی رووبەڕووی ئەو کێشەیە دەبنەوە ژنو کچن. لەو کاتانەدا، بە هۆی داخراویی کۆمەڵگەکە زۆر جار باس ناکرێ. بۆیە دەبێت چەند رێگایەک پەیرەو بکرێن کە بتوانن بۆ ئەم ژنانە هاوکار بن:
١. بوونی ناوەندێکی تایبەت بەو پرسە کە پشتیوانی لەو ژنانە بکا. ئەو ناوەندەش وەک ناوەندەکانی دیکە، تەنیا بە ناو نەبێ. بەداخەوە لە کۆمەلگە دواکەتووەکاندا، زۆر جار شتەکان بەتاڵ لە هەموو مانایەکی واقیعی ناوەکە، تەنیا لە چوارچێوەی ناودا دەمێننەوە. بوونی ناوەندێکی وا واتە بوونی پزیشکانی دەروونناسو دڵنیابوون لە ژیانو ئەمنیەتی ئەو کەسانە کە لەویدا داڵدە دراون.
٢. هاندانی ئەو کەسانەی کە دەستدرێژییان کردوە: یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی زیاتربوونی ئەو قەیرانە، باسنەکردنی لە لایەن قوربانییەکانەوەیە. ئەمەش لە کۆمەلگە دواکەوتووەکاندا هۆکاری هەرەبەرچاوی "شەرمو ئابڕوویە"کە لە پشت ئەو دوو وشەیەوە مافی رەگەزێک شاردراوتەوە سەر پۆش دەکرێ. دەبێ لە رێگای دابینکردنی هێلی تەلەفونی تایبەتو بوونی ناوەندی پۆلیسی تایبەتو دابینکردنی پۆلیس ژن کە بتوانرێ هاوکاریی ئەو ژنانە بکرێ، بۆ ئەوەی ئاماری دروستو ئاگاداربوون لەو دۆخە لە کۆمەلگەدا بە شاراوەیی نەمێنیتەوە.
٣. دامەزراندنی ناوەندی غەیری دەوڵەتی: لەو شوێنانەی کە منداڵانی سەر شەقامو ژنانی سەر شەقام هەن، ئەو کەسانە بە بێ پشتیوان دەمێننەوەو دامەزراندنی ئەو رێکخراوانەو دانانی بەرنامەی فێربوونو ئاگادارکردنەوە دەتوانێ هەنگاوێکی باش بێ بۆ دوورکەوتنەوەی منداڵانو پشتیوانیکردنیان.
بەڵام بەرەنگاری: دەتوانین بێ ئەوەی پەنا بۆ کوشتن ببەین، بەرەنگاری ئەو دیاردەیە بینەوە. کاتێک پشتگیری لە ژنێکی قوربانیی ئەو دیاردیە دەکەین، ئەگەری هەندێک شتیشی لەدەست داوە، راستەوخۆ ئەو ژنە هیوادار دەبێ بەوەی دەوروبەری خۆی هەر لەگەڵی وەستاونو تەنیا نییە. ئەو ژنە بۆی دەردەکەوێ کە ئەگەر تاوانێکی بەرانبەر کراوە، بۆچی دەبێ هەر خۆشی باجەکەی بدا. بەکورتی ژنی قوربانی تێدەگا نابێ هەم قوربانی بێو هەم تاوانبار.
ئێمە لە دەورانێکدا دەژیین کە بەدوای مافە مرۆییو مەدەنییەکانی تاکەوەینو دەم لە دیموکراسی دەدەین، دەبێ زیاتر لەسەر پرسگەلی وەک دەستدرێژی ورد بینەوە کە زۆر نەخۆشیی مەترسیداری وەک ئایدز بڵاو دەکاتەوەو هەموو شتێک بە شاراوەیی دەمێنیتەوە. هەموو شتیک لە پشت پەردەوە بە دوور لە باسکردنو رێگاچارەبۆدیتنەوە ماوەتەوەو قوربانییەکان بە دەستیەوە دەناڵێنن. دەستدرێژیکردن، تەندروستی خراپی گیانیو دەروونی رووخاو لە دوای خۆی جێ دێڵێ.
لەگەل ئەوەشدا زۆر جار خەڵاتی ئەو کەسانەی کە ئەو کردەوە نامرۆییە ئەنجام دەدەن بە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ ئەو کەسەی دەستدرێژیی کراوەتەسەر کۆتایی پێدێو ئەمەش بۆ تاکی قوربانیکراو، دەرگە داخستنو خستنەزیندانێکی هەتا هەتاییە کە لێرەدا کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی دەگرێتەوە کە کچانی کەمتەمەنو ژنان تێیدا دەبنە قوربانی.
ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کە رووناکییەک لەو فەرهەنگە دواکەتووانەو تاریکەدا دروست بکەینو بتوانین هەر لە رێگەی دەستەواژەی پێوستی زمانی تا دەگاتە گەیاندنی تاوانباران بە دادگا دەست پێبکەین.
دڵنیام لەوەی ئەو دیاردە بەربڵاوە لەو نوومسینەدا مافی تەواوی خۆی پێنادرێو پێویستە زۆر زیاتر لەوە باسی پێناسەی دەستدرێژیو قوربانییەکانیو کەمکردنەوەی خەسارە رۆحییەکانو پاڵپشتی قوربانییەکان بکرێ تا بەهەموو ئەوانە پەیامێك بدەین کە ژن تەنیا ئامێرێك نییە بۆ بەخشینی چێژ بە پیاو. ئەوانەی ژنانو چێژی رەگەزی دەخەنە پاڵ یەكو بەر لەوەی ژن وەك مرۆڤێك بناسن، بیر لە سێکس دەکەنەوە، پێویستە واز لە مرۆڤو بەها ئەخلاقییەکان بێنن.

سەرچاوەکان:
- سۆهەیلا وەحدەتی، درباره تجاوز.
- ماڵپەری رێکخراوی تەندروستیی نەتەوە یەکگرتووەکان.
- ماڵپەری ویکیپدیا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن‌و هەستی بڕوابەخۆبوون



رۆژە عەزیزی



هەستی بروا بەخۆبوون لای ژن یەکێکە لەو هۆکارانەی دەبنە هاندەرێک بۆ ئەوەی ژنێکی مافزەوت کراو هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکەی بدا لەو رێگەیەوە کە بڕوای بە خۆی هەیە. بە گشتی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەمتر هەستی بروابەخۆبوونیان بەرزەو هەر ئەم هۆکارەشە کە بەشێکی زۆر لە ژنان تا ئێستاش یان دوای تێپەربوونی تەمەنێکی زۆر لە ژیانیان ئەو زوڵم‌و توندوتیژی‌یانەی لە لایەن بنەماڵەکانیان یان کۆمەڵگەکەیان بەرەوروویان دەبێتەوە قبووڵ دەکەن. دەکرێ بڵێین بە گشتی بوونی چەند بۆچوونێکی هەڵە وەک ئەوە کە ژن لە باری جەستەیی‌یەوە بێ هێزەو پیاو بەهێزترە، یان ئەوە کە پیاو گەورەی ماڵەو یان دەبێ هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی پیاودا بن، یان بوونی جیاوازیی ئاستی خوێندەواری، یان جیاوازیی ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی، یان جیاوازی‌دانان لە مەیدانی کار لە نێوان رەگەزی ژن‌و پیاوداو یان چەندین نمونەی دیکەی لەو شێوەیە کە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژن نەتوانێ تا رادەیەک هەستی بروابەخۆبوونی بەرز بێ، یان هەر هەبێ. لە هەر کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو یان پیاوسالاردا بوونی چەند نموونەیەکی وەک ئەوانەی لە سەرەوە باسم کردن دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگە رێگر بێ لەوەی ژنێک توانایەکانی خۆی تاقی بکاتەوە، هەستی بروابەخۆبوون‌و هەستی ئەوە کە خۆی پاڵپشتی خۆی بێ کەم دەکاتەوە. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان کە دەتوانین بڵێین کاریگەریی لە سەر نەبوونی متمانەی ژنان بە خۆیان هەیە، ئەوەیە کە خۆمان ژنان لە کۆمەڵگەدا زۆر جار دەبینە هۆی سەرنەکەوتنی ژنێک، بۆ نموونە کاتێک ژنێک دەبینین کە لە بوارێکدا سەرکەوتوە قۆناغێکی گرینگ لە ژیانی تێ‌دەپەڕێنێ، بە داخەوە ژنان ئێرەیی پێ‌دەبەن. هەر لەو کۆمەڵگەیەدا ژنانێک دەبنە هۆی ئەوەی ژنێک سەرنەکەوێ. جا لە رێگەی ئەوەوە بێ کە پاڵپشتی ناکەن یان هەر رێگەیەکی دیکە کە هەستی بروابەخۆبوونی ئەو ژنە دەشکێنن. ئەمە راستی‌یەکی حاشاهەڵنەگرە کە بەداخەوە لە کۆمەڵگەکاندا نموونەی لەو جۆرەمان زۆر هەن. بەڵام زۆر جاریش بە خۆشی‌یەوە دەبینین کە هەر ژنانن دەبنە پاڵپشت بۆ سەرکەوتنی ژنێک لە بوارێکدا. کەواتە پاڵپشتی رەگەزی ژن بۆ هاورەگەزەکەی خۆی هۆکارێکی گرینگە.

لە لایەکی دیکەوە بوونی بنەماڵەیەکی پیاوسالار، کە زیاتر لە ژیانی هاوسەریدا ئەم نموونەیە زۆر بەرچاوە، هێندێک لە پیاوان بۆئەوەی هاوسەرەکانیان هەستی بروابەخۆبوونیان بەرز نەبێ‌و بۆ ئەوەی نەوەک لەو ژیانە دۆزەخەی هەیانە هەوڵی دەربازبوون بدەن بەردەوام هەوڵی بەکەم‌سەیرکردن‌و بە کەم زانینی ژن دەدەن، تا لەم رێگەیەوە ژن بەردەوام خۆی بە کەسێکی کەم بزانێ. نەبوونی هەستی بروابەخۆبوون زۆر جار دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژنێک کە لە ژیانێکی ناخۆش‌و نایەکساندا دەژی هەوڵی ئازاد بوون لەو کەندوکۆسپانە نەدا. بۆ نموونە ژنانێک لە کۆمەڵگەدا هەن کە بەردەوام لەبەر بوونی ژیانێکی تاڵ دەناڵێنن. بەڵام بە هۆی نەبوونی هەستی بروابەخۆبوون ئەو توانایەیان نیە کە بچنە بەردەم دەرگای دادگاو داوای مافەکانی خۆیان بکەن، چونکە ترس لە ژیانی داهاتوویان بە بێ پیاوو گەورەی ماڵ، یان نەبوونی کەسێک کە دەرامەتەکانی ژیانی ئەو ژنە بدا، دەبێتە رێگر بۆ بەدەستهێنانی هەستی بروابەخۆبوون. بەڵام ئەگەر هەستی بروابەخۆبوونی بەرز بێ بێ‌گوێدان بەو گریمانانە خۆی سەربەستانە داوای مافەکانی دەکاو هەوڵی بەدەستهێنانی دەرامەتێکی سەربەخۆ دەدا تا دوای هەڵوەشانی ژیانی هاوسەری یارمەتیدەری خۆی‌و منداڵەکانی بێ.

بە گشتی دەتوانم چەند خاڵێک وەک هۆکار بۆ بەهێزبوونی هەستی بروابەخۆبوون ئەژمار بکەم کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1_ بەردەوام بیرکردنەوە بە شێوەیەکی باش لە بارەی خۆتەوە. هیچ هۆکارێک نیە کە بە ئەندازەی بیرکردنەوەی باش‌و موسبەت لە بارەی خۆتەوە، کاریگەریی لە سەر بەهێزبوونی هەستی بروابەخۆبوون هەبێ.

2_ گرنگیدان بە بواری تەندروستی. زۆر بە باشی ئاگاداری بواری تەندروستی خۆت بەو لە هەموو ئەو هۆکارانەی کە بواری تەندروستیت تێک دەدەن دوور بکەوەوە.

٣_ گرنگیدان بە بواری جل‌و بەرگ‌و شێوەی دەرەوەو رێک‌وپێکی.

٤_ یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان، وەرزش‌کردنە. چونکە وەرزش دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ وزەی زۆر بێ، کەواتە وزەی زۆر دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەستی بروابەخۆبوونی بەرز بێ.

٥_ بەردەوام کە کارێکی باشت ئەنجام دا یان سەرکەوتنت لە بوارێکدا بەدەست هێنا، هەوڵ بدە لە وجودی خۆتدا تەشویقی خۆت بکەی. چونکە بە هاندانی خۆت زیاتر هەستی بروابەخۆبوونت بەرز دەبێتەوە.

٦_ بەردەوام ئەو بۆچوونانەی دەبنە هۆی ئەوەی تۆمەت لە خۆتان یان لە شخسیەتتان بدا لە بیر بکەن‌و گرینگی بەو بۆچوونانە مەدەن کە دەبنە هۆکاری نزم‌بوونی هەستی بروابەخۆبوونتان.


٧_ هیچ کات لە مافێک کە تایبەت هی خۆتانە خۆش مەبن. چونکە ئەگەر جارێک خۆتان مافەکەی خۆتان پشت گوێ خست ئەوە بۆ جارێکی دیکە لە لایەن کەسانی دیکەوە مافەکەتان زەوت دەکرێ. لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم کە ژنان دەبێ پاڵپشتی یەکتر بن‌و ژنان خۆیان هاندەر بن بۆ ژنە هاورێکەیان، چونکە بە دڵنیایی شکاندنی شەخسیەت‌و کەرامەتی ژنێک لە لایەن ژنێکی دیکەوە دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی گشت ژنانی ئەو کۆمەڵگەیە.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# لەنێوان ناپاکیی هاوسەری و لەش‌فرۆشیدا

سامان سیوەیلی



ئەگەر وەک زاراوە سەرنجێک لەهەردوو زاراوەی (ناپاکیی هاوسەری)و (لەش‌فرۆشی) بدەین، یەکەمیان ناپاکی‌یە لە هاوسەرو ئەو گرێبەستانەی لەنێوان دوو هاوسەرەکەدا هەیە، بەڵام دووەمیان پرۆسەیەکە کە مۆرکی بازرگانی بەجەستەوەی تێدا زاڵە، واتە فرۆشتنی کاتیی جەستەیە بەرامبەر بڕێک پارە، ئەگەرچی ناپاکیی هاوسەری بەتەنیا ناکرێت‌و کردەی نێوان دوو کەسە، یان کەسێک‌و چەند کەسێک، کە لەزۆرترین حاڵەتەکاندا کردەی نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازە کە لانی‌کەم دەبێ یەکێکیان هاوسەردار بێ، هەندێ‌جار فۆرمی پەیوەندی‌یەکی درێژخایەنی سۆزداری یان سێکسی یان هەردووکیان پێکەوە وەردەگرێ، واتە وەک بوونی گرێبەستێکی نەنووسراوی نهێنیی نێوان دوو کەسەکە بەڕێوە دەچێ. بەڵام لە لەش‌فرۆشیدا مەرج نییە فرۆشیارو کڕیاری جەستەکە هاوسەرداربن، هەروەها تەنها گرێبەستی زارەکی لەنێوان فرۆشیارو کڕیاری جەستەدا دەکرێ کە بریتی‌یە لە بڕی ئەو پارەیەی لەسەری ڕێکدەکەون، ئەو جەستەیەی بازرگانیی پێوە دەکرێ بەتەنها نابێتە فاکتەری خاڵی‌بوونەوەی ئارەزووە سێسکسی‌یەکانی تاکە کەسێک، بەڵکوو لەزۆرترین حاڵەتەکاندا جەستەی فرۆشیار دەخرێتە بەردەستی هەر کەسێک کە خۆی وەک کڕیار بناسێنێ‌و ئامادە بێ لەبەرامبەردا بڕێک پارە بدا. هەروەها لە پرۆسەی لەش‌فرۆشیدا سۆزو خۆشەویستی جێگەی نابێتەوەو تەنیا پەیوەندی‌یەکی کورت‌خایەنی نێوان دوو جەستەیە کە لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا تەنیا کڕیار چێژێکی کاتی‌و کورت‌خایەن وەردەگرێ، هەروەها لە پرۆسەی لەش‌فرۆشیدا شێوازی بازرگانیی دیکەش هەیە، جگە لەو کردە سێکسی‌یانەی لەنێوان کڕیارو فرۆشیاردا دەکرێ، بەجۆرێک لەش‌فرۆشانڕەگەزی مێ بن یان نێرلەڕێگەی کاری ڕیکلامی بازرگانیی سێکسی‌یەوە جەستەیان دەفرۆشن بە کۆمپانیاکانی ئەم بوارە. ئەم جۆرە بازرگانی‌یە لە ئەوروپاو ئەمەریکادا باوە، تەنانەت لەو وڵاتانە جەستە بۆتە هۆکاری بازرگانی‌کردنی زۆر لە کۆمپانیا جۆراوجۆرەکان کە بەمەبەستی ڕیکلام بۆ کاڵاو بەرهەمەکانیان بەکاریدێنن، بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی کڕیارانی کاڵاو بەرهەمەکان. بەدەر لەمانە، لە ناپاکیی هاوسەریدا جۆرێک لە متمانە لەنێوان دوو کەسەکەدا بوونی دەبێ، هەروەها جۆرێک لە هاوچارەنووسی دوو کەسەکە کۆدەکاتە بەتایبەتی هاوچارەنووسی بەرامبەر مەترسی‌یەکان (لەکاتی ئاشکرابوونی ناپاکی‌یەکەدا هەندێجار دوو لایەنی ناپاکی‌یەکە ڕووبەڕووی توندوتیژی یان کێشەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە)، ئەمەش هەستێک دەبەخشێ بە دوو لایەنەکەی ناپاکی کە نزیکن بەیەک، لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا لەکاتی ئاشکرابوونی ئەم‌جۆرە لەپەیوەندی بەتایبەتی ئەگەر ژنێکی هاوسەردار ناپاکیی هاوسەری بکا ئەوا لە زۆر حاڵەتاندا هەردوو لایەنی ناپاکی‌یەکە باجی پەیوەندی‌یەکەیان دەدەن، بەڵام لە لەش‌فرۆشیدا متمانە لەگۆڕێدا نابێ‌و زۆرجار لە خانەکانی لەش‌فرۆشیدا پێشەکی پارەی کڕیارەکە وەردەگیرێ، هەروەها بەهۆی ئەوەی لەشفرۆش (لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا)تایبەت نابێ بەتەنیا کڕیارێک‌و پەیوەندی‌یەکی کاتیی کورت‌خایەنە، بۆیە هاوچارەنووسی‌و هەستکردن بە نزیکی لەنێوان دوو کەسەکەدا دروست نابێ‌و لە کۆمەڵگە پیاوسالارەکاندا لەکاتی ئاشکرابوونی کردەی لەش‌فرۆشیدا ئەوا ڕەگەزی مێیینە تێیدا دەبێتە قوربانی‌و لەش‌کڕەکانیش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن.

گرنگترین خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ناپاکیی هاوسەری‌و لەش‌فرۆشی بریتین لەمانە:

1_یەکێک لەو خاڵە هاوبەشانەی کە ناپاکیی هاوسەری بە لەش‌فرۆشی‌یەوە دەبەستێتەوە بریتی‌یە لەو حاڵەتانەی کە تێیاندا کەسێکی هاوسەردار (کە لەزۆرینەی ئەمجۆرە حاڵەتانەدا ژنانی هاوسەردارن) جەستەی بەرامبەر بڕێک پارە یان هەر جۆرە کاڵایەک بفرۆشێ ، ئەگەرچی بەشێک لە ژنانی هاوسەردار نەداری‌و هەژاری دەکەنە پاساو بۆ ئەم کردەوانەیان، کە لەهەمان‌کاتدا ناپاکی‌و لەش‌فرۆشی‌یە، بەڵام لای هەندێکیان تەنیا پاڵنەری دەروونی‌و گرێی کەمسەری‌و کێبەرکێ‌کردن لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆی لەپشت ئەم ڕەفتارانەیانەوەیە، ئەمجۆرە کەسانە لەڕووی دەروونی‌یەوە لاوازن‌و خۆیان لەبەردەمی نەبوونی کاڵاو ئاڵتون‌و پۆشاک‌و مۆدێلاتی نوێدا ناگرن‌و ئامادەن جەستەیان بخەنە بەر دەستی بازرگانان بۆ وەدی‌هێنانی حەزەکانیان. هەندێ‌جاریش ئەو پەیوەندی‌یە ناپاکی‌یەی کە تێیدا جەستە دەفرۆشرێ لەگەڵ کەسێکدا ئەنجامدەدرێت‌و وەک پەیوەندی‌یەکی درێژخایەن بەردەوام دەبێ. تەنانەت ئەگەری ئەوەیشی لێ‌دەکرێکە لایەنی سۆزدارییشی تێدا هەبێ..

2_ناپاکیی هاوسەری‌و لەش‌فرۆشی هەردووکیان وەک دوو کردەی قێزەونن‌و زیان بە ژیانی کۆمەڵایەتی‌و دەروونیی خێزان دەگەیەنن‌و کاریگەرییزۆر خراپیش دەکەنە سەر منداڵ‌و ئەندامانی خێزان،هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەشن لەسەر یەکگرتوویی خێزان.

3_بڵاوبوونەوەی هەردووکیان لە کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بێ‌متمانەیی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی‌و لەنێو توێژی گەنجان‌و ئەوانەی نەچوونەتە ژیانی هاوسەرگیری‌یەوە، هەروەها خواست لەسەر پێکهێنانی خێزان کەمدەکاتەوە.

4_هەردووکیان دەبنە هۆی زیادبوونی نەخۆشی‌یە دەروونی‌و جەستەیی‌یەکان لە کۆمەڵگەدا، ناپاکیی هاوسەری نەخۆشیی دەروونیی زیاد دەکا، لەش‌فرۆشی نەخۆشی‌یە دەروونی‌و جەستەیی‌یەکان لە کۆمەڵگەدا زیاد دەکا.

5_لەو کۆمەڵگایانەدا کە کەلتووری پیاوسالاری یان دەسەڵاتی ئایینی باڵادەست بێ ئەوا بەهۆی بڵاوبوونەوەی ناپاکیی هاوسەری‌و لەش‌فرۆشی‌یەوە، ڕێژەی بەکارهێنانی توندوتیژی (وەک سزا) زیاد دەکا، کاتێک لەڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردانەدا پەنای بۆ دەبرێ.

شایانی ئاماژە بۆکردنە کە ئەو پەیوەندی‌یە سێکسی‌یەی لە چوارچێوەی ناپاکیی هاوسەریدا ئەنجام دەدرێ ئەگەر تەنیا وەک تێرکردنی پاڵنەری سێکسی بێ یان لەبەرامبەر وەرگرتنی سۆزدا بێ‌و هیچ پارەو کاڵایەک لەبەرامبەریدا وەرنەگیرێ ئەوا ناچێتە خانەی لەش‌فرۆشی‌یەوە بەڵکوو تەنیا بە ناپاکیی هاوسەری هەژمار دەکرێ.



# هەڵدانەوەی لاپەڕەی ژیانی ژنێک

## دایکی ڕەنجبەخەسارم



نەسرین یووسفی

زۆر جار ژیانی مرۆڤەکان پڕ دەبێ لە بەسەرهاتە خۆش‌و ناخۆشەکان‌و هەرکام بەجۆرێک دەگێڕدرێتەوە. ئەوەی دەمەوێ بیگێڕمەوە بەسەرهاتی ژیانی دایکی هاوڕێیەکی خۆشەویستمەو ئەو هاوڕێیەم بەم جۆرە بۆی گێڕاومەوە: لە بنەماڵەیەکی دەست‌تەنگ‌و فەقیردا هاتوومەتە دنیا بەڵام هیچ کات گلەییم نەبووەو هەموو کاتێک شانازیم بە بنەماڵەکەمەوە کردوە.

دایکم خوشکێکی هەبوو کەلە خۆی چکۆلەتر بوو بەڵام بەهۆی منداڵبوونی زۆرو کاری قورس لە کورەخانەکان یان لە کێوو کەژو بژارو دەسکەنە زۆر لاوازو نەخۆش ببوو، دکتۆرەکان مەنعیان کردبوو منداڵی دیکەی ببێ بەڵام ئەو بێ‌ئەوەی بۆ خۆی بیهەوێ بۆ شەشەم جارو دوایین جار زگی پڕ بوو و بەداخەوە کاتی منداڵبوون لەسەر منداڵەکە چوو و ئەو دنیایەی بە هەموو خۆشی‌و ناخۆشی‌یەکانیەوە بەجێ‌هێشت‌و ئێمەو شەش منداڵە چاوگەشەکەی بەخەمی لەدەست‌دانیەوە دەسووتاین‌و لە ناخەوە فرمێسکی خەممان هەڵدەوەراند، بەڵام دایکم لەگەڵ ئەوەدا کە بۆ خوشکی جوانەمەرگی دەسووتاو دەگریا تەنیا کەسێک بوو کە توانیبووی بەسەر ئەو خەمەدا زاڵ بێ.

دایکم کۆرپەی خوشکە جوانەمەرگەکەی لە باوەشی دەگرت‌و بەدەم گریانەوە دەیگوت بەگزادەی جوانەمەرگ‌و بێچارەی خوشکم زۆر زوو ئەم دنیایەی بەجێ‌هێشت، بەڵام ئەم کۆرپە شیرین‌و جوانەی لە دوای خۆی بە یادگار بۆ بەجێهێشتووین تا سوکنایی بە دڵی پڕلەخەممان‌دا بێ، ئەمن بەو بەشەی کە خودا بۆی داناوین قایلم، ئیشەڵڵا ساردتری ناکا. دایکم کۆرپەکەی پوورمی ناو نا یادگار و هەموو خۆشەویستی‌و ئەوینی دایکانەی کە بۆ ئێمەی بوو لەگەڵ یادگاردا بەش‌کرد.

هەروەک لەسەرەتاوە گێڕامەوە ئەوکات ئێمە بنەماڵەیەکی دەست‌تەنگ‌و فەقیر بووین کە مەجبوور بووین بۆ بژێوی ژیان بچین بۆ کورەخانەکانە یان کرێکاری‌و بژارو دەسکەنە بکەین. لەگەڵ ئەوەدا کە بۆخۆمان بەدەست دەست‌تەنگی و هەژاری‌یەوە دەمان‌ناڵاندو دەبوو لە زۆر لە ئاواتەکانمان چاوپۆشی بکەین کە یەکێک لەوانە خوێندنی من‌و زۆر شتی کە بوو کە لەوانەیە بۆ زۆر کەس بە سانایی بەدەست بێن، بەڵام بۆ ئێمە وەک خەونێک وابوون کە هەرگیز پێی نەدەگەیشتین. بەوحاڵەش برا گەورەکەم کە ئەوکات پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بەمەبەستی گەڕانێکی نیزامی لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکەی هاتبوونەوە بۆ نێوخۆو بە داخەوە کەوتبوونە بەر دەستڕێژی هێزەکانی خودا نەناسی ڕێژیم‌و چەند کەسێکیان دەستگیر کرابوون کە بەداخەوە ئەویشیان لەگەڵ بوو. برا گەورەکەم لە چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیمدا بوو، ئێمە دەبوو هەموو مانگێک پارەیەکی زۆر بدەین بە پارێزەرێک کە ڕێژیم بۆ براکەمانی گرتبوو لە لایەکی کەوە برا چکۆلەکەشم کە کاتی سەربازیی هاتبوو دەبوو بچێ بۆ سەربازی‌و ئەوەش کێشەیەکی دیکەی بنەماڵەی ئێمە بوو کە لەوانە بوو تەحەممولی بۆ زۆر کەس ئاسان نەبایە، بەڵام ئەوە دایکم بوو کە وەک کێوێک لە بەرامبەر تەواوی موشکیل‌و نەهامەتی‌یەکاندا ڕاوەستابوو و تەنیا شتێک کە دەبووە هۆی خۆڕاگری‌و بەردەوامیی ئەو، لەباوەش‌گرتنی تەنیا یادگاری خوشکە جوانە مەرگەکەی بوو.



ئەو سەرەڕای ئەوە کە لەژێر باری نەهامەتی‌یەکی زۆردا بوو بە خۆشەویستی‌یەکی زۆرەوەو بێ ئەوەی تەنیا لە چرکەیەک لە ژیانیدا لە کاری خۆی پەشیمان بێ، خوشکەزاکەی گەورە دەکردو ئەگەر پارووی لە دەمی خۆی گرتبایەوە یان ئەگەر چەند ساڵ لەسەر یەک کراسێکی لەبەر کردبایە نەی‌دەهێشت یادگار کەموکوڕی هەست پێ بکا.

دایکم ساڵانێکی زۆر یادگاری خوشکە جوانەمەرگەکەی گەورە کردو خۆشەویستی‌و ئەوین بوو بەهۆی بووژانەوەی مەمکەکانی دایکم‌و پێنج ساڵ لەسەر یەک شیری دا بە خۆشکەزاکەی‌و زۆرتر لە ئێمەش بۆ ئەو بوو بە دایک.

یادگار وردەوردە گەورە بوو،یادگار بوو بە خۆشەویستترین کەسی بنەماڵەمان بە تایبەت بۆ دایکم، بەڵام مەخابن ژیانی یادگارەکەمان زۆر کورت بوو یادگاری خەم‌ڕەوێنمان دوای 19 ساڵ ژیان بەهۆی ڕووداوێکی دڵتەزێن لە سەربازی گیانی لە دەست داو دایکمی بە کۆڵێک غەم‌و پەژارەوە بۆ هەتا هەتایە بەجێهێشت.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# ژنێک لەوێیە،
# شەرەف ئەیکوژێ!

### "ئەم هەناسە غەمگینەم بۆ ئازاری ئەو ژنانەیە کە لە سەحراکانی شەرەفدا ئەکوژرێن"



جەمال غەمبار

'شەرەف' لە کوێ بێ،
ئێوە لەوێ ئەکوژرێن!
ئێوە ئەکوژرێن و
ئێمە گوڵبارانی بکوژانتان ئەکەین.
ئێوە هەڵئەواسرێن و
ئێمە چەپڵە بۆ جەللادەکانتان لێ ئەدەین!
ئێوە بە جەستەی شەلاڵی خوێنەوە
گوند بە گوند و شار بە شار ئەگەڕێن
حیکایەتی تفەنگ و چەقۆ و
شەوانی کوشتن ئەگێڕنەوە.
لە دەرگای 'حەق' ئەدەن.
لە پەنجەرەی شکاوی نیشتمانەوە
تەماشای مەرگی خۆتان ئەکەن.

کەسێ، نە دەرگا، نە پەنجەرە، ناکاتەوە!
ئێوە ئەکوژرێن و
ئێمە لە پێشوازی شمشێرە ڕووتەکانی شەرەفدا
عیشق ئەکەین بە قوربانیی.
دڕندەیەکی چەند سەیرین ئێمە!
باوک و
برا و
مێردێکی چەندە دڵڕەشین ئێمە!
********
_ ئەو کانیاوانەی،
مێژووی ئاو ئەنووسنەوە
_ ئەو خۆڵەمێشانەی،
بێدەنگیی ئاگر لە خۆیان بەر ئەدەن
_ ئەو نەورەسانەی،
گۆرانیی بۆ دەریا ئەڵێن
-_ ئەو شەهیدانەی،
نیشتمان سوێند بە گۆڕەکانیان ئەخوات
_ ئەو غەریبانەی،
نەک هەر ڕەنگ، دەنگیشیان زەرد بووە!
هەموویان دێن و
سڵاو لە تەرمێک ئەکەن.
تەرمێک لەوێ؛
هەموو ڕۆژێک شەرەف ئەیکوژێ.
تەرمێک هەمیشە ئەترسێ لەوەی
چۆن لە سەحراکانی خێڵدا فڕێ ئەدرێ
چۆن بە داری خورافاتدا هەڵئەواسرێ!
تەرمێک لەوێیە
هەموو ڕۆژێک شەرەف ئەیکوژێ.



تەرمێک
بەسەر شانی هەموومانەوەیە و
هەمیشە خوێنی غەدری لێ ئەتکێ!
تەرمێک
لەوێیە .. تەرمێک!



# سەلماندنی خۆشەویستی

نیعمەت مەلا

دوایی ئەو هەموو گرفتانەی کە هەم بوو توانیم لەگەڵ ئەو کوڕەیی کە خۆشم دەویست ژیانی هاوسەری پێک بێنم. بەڵام لە ئەو چەند ساڵەی یەکەمی ژیانمان دا بە ئاشکرا هەستمان بە نەبوونی منداڵ دەکرد.
دەمانزانی کە منداڵمان نابێ بەڵام نەماندەزانی خەتاکە لە کامە مانە. پێشێ نەماندەویست بزانین خەتاکە لە کام مانە. بە یەکترمان دەوت کە بۆ ژیانێکی خۆش تەنیا خۆشەویستی بەسە. منداڵمان بۆ چیە؟
بەڵام لە ڕاستییدا خۆمان فریو دەدا. هەردووکمان وا بووین، من و ئەویش منداڵمان خۆش دەویست و عاشقی منداڵ بووین.
ئەم ژیانەی ئێمە ئاوا بوو تاکوو ئەو ڕۆژەی کە عەلی بەرەو ڕوو پێی وتم:
ئەگەر گرفتەکە لە من بێ ئەتۆ چ دەکەی؟
بیرم نەکردەوە کە گومان لە خۆشەویستیەکەم بکات بۆیە هەر خێرا وتم:
ئەمن بەخاتری تۆ ئامادەم هەموو شتێک وەلاوە بنێم.
عەلی کە لە قسەکەم تەواو دڵنیا بوو هەناسەیەکی هەڵکێشاو هەستا و وەڕێ کەوت.
منیش وتم:
ئەی ئەتۆ؟
ئەویش وتی:
من؟
وتم: ئا..... هاتوو گرفتەکە لە من بوو...... ئەتۆ چ دەکەیی؟
گەڕایەوەو چاوی لە چاوم بڕی و وتی:
گومانت لە خۆشەویستی من هەیە؟
ویستم وڵامی دەمەوە بەڵام خێرا وتی:
تۆ لەگەڵ هیچ شتێک لەم دنیایەدا ناگۆڕمەوە.
بزەیەکم هاتییەو، بەم بزەیەش هەستم پێ کرد کە بۆی دەرکەوتووە چەندەم ئەو خۆش دەوێ.
وتم:
باشە بەیانی دەچین بۆ ئازمایش.
ئەویش خێرا وتی:
باشە دەچین.
بەڵێ ڕۆیشتین.... نازانم بەڵام زۆر سەیر بوو دەترسام. ئەگەر هاتباوو کێشەکە لە من بایە چی ڕویی دەدا؟
خۆم بە شتێکەوە خافڵاند تاکوو بیر لەم شتانە نەکەمەوە.
بە پێی قەولەکەمان هەرتووکمان بەیانی چووین بۆ ئازمایش دان. هەردووکمان ئازمایشتەکەمان دا، پێیان وتین حەوتوویەکی تر وەرنەوە بۆ وڵامەکەی.
ئەو یەک حەوتووە بەقەرا یەک ساڵ بوو بۆ ئێمە..... ئەو دڵەڕاوکەیەی کە هەمان بوو بە ئاشکرا دیار بوو.
بەڵام بە دلنیاییەوە بەیەکترمان دەوت کە وڵامی تاقیکردنەوەکە بۆ هیچ کامان گرینگ نیە. لە کۆتایی دا ئەو ڕۆژە گەیشت. عەلی لەبەر کارێ وەکوو ڕۆژەکانی تر زوو لە مالێ چوە دەرێ بۆیە بە ناچاری خۆم چوم بۆ ئازمایشگاکە تاکوو وڵامی ئازمایشتەکە وەرگرمەوە. کە چومە ناو ژوری تاقیگاکە دەستم دەلەرزین.
عەلی کاتێک هاتەوە زۆر ماندوو بوو، بەڵام خێرا لێی پرسیم داخوا وڵامی ئازمایشتەکەم وەرگرتۆتەوە؟ منیش کە ئەمەی وت دەستم کرد بە گریان. خێرا زانی کە کێشەکە لە منە، نازانم ڕوخساری لەبەر ئەوە کە ناڕاحەت بوو گۆڕا یان لەبەر ئەوە بوو کە پێی خۆش بوو.
ڕۆژەکان دەهاتن و تێپەڕ دەبوون، هەستم پێ دەکرد کە ڕۆژ لەگەڵ رۆژ عەلی لەگەڵم ساردتر دەبێت، ئەمەش هەر بەردەوام بوو تاکوو ڕۆژێکیان خۆم بۆ ڕانەگیراو وتم:
عەلی چیە، بۆ وا دەکەیی، چیتە؟
ئەویش خۆی بۆ ڕانەگیراو خۆیی ئەوەی لە دڵی دابوو وتی:
ئەمن منداڵم خۆش دەوێ، تاوانم چیە؟ من ناتوانم عومرێک بە بێ منداڵ لە نێوماڵێک دا بژیم.
زارم ویشک بوو، چاوم پڕ ببوو لە فرمێسک، وتم:
بۆخۆت وتت کە منت هەر ئاوا خۆش دەوێت. وتت بەخاتری من منداڵیش وەلاوە دنێیت. ئەی چ بووە؟
وتی: بەڵێ، وام وت. بەڵام لە هەڵە دابووم، ئێستا دەبینم کە چیتر ناتوانم.
پێم خۆش نەبوو درێژە بەم قسانە بدەم..... بۆیە بەدوای شوێنێک دا گەڕام کە بچم و لەوێ پڕ بە دڵ بگریم، هەر بۆیەش چوومە ژوورەکەی تر.
ئیتر لەو ڕۆژەوە من و عەلی قسەمان لەگەڵ یەکتر نەکرد، تاکوو ڕۆژێکیان عەلی بەڵگەی دادگای بۆ هێنام کە دەیهەوێ من تەڵاق بدات و ژنێکی تر بێنێت، وتی ناتوانم خەرجی دوو کەسان بکێشم و لەسبەی ڕا هەر کەسەو بۆ خۆی، من بۆخۆم دەژیم و تۆش بۆ خۆت. دڵم شکا. باوەڕم نەدەکرد کەسێک کە عومرێک منی بە قسە جوانەکانی دڵ خۆش دەکرد ئێستاکە پشتی لە هەموو شتێک و خۆشەویستیەکەمان کردوە.
ئیتر خۆم بۆ نەگیراو خۆم خر کردەوەو مانتۆکەم لەبەر کرد، ئیستاش کاغەزی ئازمایشگاکەم لەناو گیرفانی مانتۆکە دا مابوو، لەگەڵ نامەیەک لە پەنا گوڵدانەکەم دانا، ئێحزاریەی دادگاکەشم هەڵگرتو لە ماڵەێ وەدەر کەوتم.
لەناو نامەکەدا نووسی بووم:
” عەلی گیان، سڵاو
هیوادارم کە لەسەر قسەکەی خۆت سور بی و من تەڵاق بدەیت. ئەگەر هاتوو ئەتۆش ئەو کارە نەکەی، ئەوە من لەتۆ جیا دەبمەوە.
دەزانم کە دەتوانم. دادگا ئەم حەقەم پی دەدات کە لەکەسێک کە منداڵی نابێت جیا ببمەوە. کاتێک وڵامی تاقیکاریەکەم وەرگرتەوەو زانیم کە خەتاکە لە تۆیە ئەوەندە بەلامەوە گرینگ نەبوو، بۆیە ویستم هەر لەوێ بی دڕێنم، بەڵام نازانم بۆ چی ویستم خۆشەویستی تۆم پێ بسەلمێندرێت.
لە دادگا چاوەڕێتم.“





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# میرزا قاسمی

بانیجانی(ڕەش): 2 دانەی گەورە
سیر:دوو دانەی مامناوەندی
تەماتە:دوو دانەی مامناوەندی
ڕۆن،خوێ،زەردەچێوە بە دڵخواز
باینجانەکان بە تۆکڵەوە لە سەر ئاور جوان دەپیشێنی،دەبێ جوان نەرم بن،سیرەکە ورد دەنجنی،تەماتەکان دەکوڵێنی کەمێک نەرم بن، دواتر باینجانەکان پاک دەکەی‌و لەگەڵ سیرو تەماتەکان‌و خوێ‌و زەردەچێوە بە کوتکێک پانیان دەکەیەوەو تێکەڵیان دەکەی.
دواتر ڕۆن لە تاوەیەکی گەورەدا دەقرچێنی‌و شتەکانی تێدەکەی.لێی‌دەگەڕێی جوان سوور بنەوە.
تێبینی:
_ میرزاقاسمی چێشتێکی تایبەت بە باکووری ئێرانە





# سالادی ئۆلۆڤیە

پەتاتە:4 دانەی ناوەند
هێلکە:دوو دانە
سینگی مریشک:1 دانەی گەورە-دەتوانی بەجێی سینگی مریشک تۆنی ماسی یان کالباسی مریشک بە کار بێنێ-
خەیار شۆر،سۆسی مایۆنێز و ئاوی لیمۆ بە پێی پێویست.
هێلکە و پەتاتەو سینگی مریشکەکە دەکولێنی. دواتر هێلکەو پەتاتەکان پاک دەکەی‌و بە کوتکێک دەیانکوتی،سینگی مریشکەکە ڕەندە دەکەی‌و لەگەڵ شتەکانی دیکە تێکەڵیان دەکەی.
ئێستا خەیار شورەکە یان لە ڕەندە دەدەی یان ورد دەنجنی‌و لەگەڵ سۆسی مایۆنێزو چەند کەوچکێک ئاوی لیمۆ تێکەڵی مریشک‌و پەتاتەو هێلکە وردکراوەکانی دەکەی‌و جوان لێکیان دەدەی.
تێبینی:
_ هەتا خەیارشۆرەکەو سۆسەکە زۆرتر بێ خۆشترە
_ دەبێ لە کۆتاییدا شتێکی یەکدەست دەربێ
_ بۆ ڕازاندنەوە دەتوانی لە دەنکی زەیتوون کەڵک وەرگری
_ سالاد ئولویە خواردنێکی بەتامە کە دەتوانێ ژەمە خواردنێکی تەواو بێ.
( سەرچاوە: وێبلاگی کابان)





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی بونیادی ڕێکخراوە سینفی‌یەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

## بەبۆنەی بیستەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی د.شەڕەفکەندی‌و هاوڕییانی



میوانە بەڕێزەکان!
ئەندامان، لایەنگران‌و دۆستانی حیزبی دێموکڕات!
خەڵکی نیشتیمان‌پەروەری کوردستان!
بیست ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی 26ی خەرمانانندا، تیرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکڕات، دوکتور سادقی شەڕەفکەندی‌و هاوڕێکانی لە بێرلینی وڵاتی ئەڵمان شەهید کرد. ئەگەرچی پاش لێکۆڵینەوەیەکی وردو بەدواداچوونی شێلگیرانەی دادگای سەربەخۆی ئاڵمان‌و حیزبی دێموکڕات‌و لایەنگرانی ڕاستەقینەی مافی مرۆڤ، بکەرەکانی ئەم کردەوە دژە ئینسانی‌یە بە سزای خۆیان گەیشتن‌و دەستە چەپەڵەکانی پشتی پەردەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ هەمووان ئاشکرابوون، بەڵام لە ڕاستیدا شەهیدبوونی دکتور سەعیدو هاوڕێیانی خەسارێکی حاشاهەڵنەگری بە پەیکەرەی حیزبی دێموکڕات‌و بزووتنەوەی میللی- دێموکڕاتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاند. ئێمە ئەمڕۆ لەکاتێکدا یادی شەهیدبوونی قارەمانەکانی میکۆنوس دەکەینەوە کە کاروانی خەباتی ڕەوای بزووتنەوە نەسرەوتووەکەمان بەوپەڕی تواناو بە جیدییەتەوە درێژەدەری ڕێگای پڕ لەشانازیی دکتور سەعیدو هاوڕێکانیەتی‌و لەهەمان کاتیشدا ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەمیشە لە تەنگژەو ڕووبەڕوبوونەوە لەگەڵ کێشە جۆراوجۆرەکان لە نێوخۆو دەرەوەی وڵاتدایە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گوشارێکی یەکجار زۆر لەلایەن کۆمەڵانی خەڵک‌و نەتەوە جیاوازەکانی نێوخۆی وڵات‌و ئیرادەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ڕووبەڕوو بۆتەوەو زیاتر لە هەمیشە لە قەیرانی کەمەرشکێنی نەبوونی مەشرووعییەتدا بەسەر دەبا. کێشەگەلێکی جۆراوجۆر وەک کێشەی ئابووری، کێشەی نێوخۆیی نیزام‌و ڕیزبەندی‌یەکانی شەڕی دەسەڵات، کێشەی ئازادی‌و مافی مرۆڤ، کێشەی گەندەڵی‌و ڕیسوایی‌یە یەک لە دوای یەکەکان، کێشەی ئەتۆمی، کێشەی تێرۆریزمی دەوڵەتی‌و یارمەتیدانی هێزە سەرەڕۆکان‌و بەدەیان کێشەو گیروگرفتی دیکە تەنگیان بە ڕێژیم هەڵچنیوەو لە ئاستەکانی نێوخۆیی‌و نێونەتەوەییدا بەرەو تەریک‌بوونەوەی زیاتری دەبەن‌و ڕۆژ بە ڕۆژ لە تەمەنی دەسەڵاتداری‌یە نەگریسەکەی کەم‌و کەمتر دەکەنەوە. ئێستا ڕۆڵەکانی کورد لە سەرتاسەری جیهان‌و بەتایبەت لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئازایانە ئاڵای پیرۆزی ئازادی‌و ڕزگاریی نەتەوەیی‌یان بەرز کردۆتەوەو هەمدیسان لەگەڵ یادی بەڕیزی شەهیدە سوور خەڵاتەکانمان لەسەرەوەی هەموانەوە قازی‌و قاسملوو و شەڕەفکەندی پەیمان تازە دەکەنەوەو لە بیست ساڵەی جینایەتی میکۆنوسدا بەڵێنی هەمیشەیی درێژەدانی ڕێبازی دکتور سەعیدی شەهیدو هاوڕییانی دەدەن. بەرزو پیرۆز بێ یادی شەهیدی سەرکردە، دکتور سادقی شەرەفکەندی‌و هاوڕێ شەهیدەکانی.
ڕیسوایی‌و نەمان بۆ ڕێژیمی کۆنەپەرستی تیرۆریست‌و تیرۆریست‌پەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران.
بژی کوردو کوردستان
بنیاتی پشتیوانی لەڕێکخراوە سینفی‌یەکانکە بریتین لە:
یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان
یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ئەنجومەنی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان
کومیتەی خوێندکاریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
26ی خەرمانانی 1391
بەرامبەر بە 16 سپتامبری 2012






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی هاوبەشی بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخراوە سینفی‌و دێموکڕاتیکەکان بە بۆنەی 25ی گەلاوێژ67ەمین ساڵوەگەڕی

بەڕێز کاک خالیدی عەزیزی سکرتێریگشتییحیزبیدێموکڕات
ئەندامانی بەڕێزی دەفتەری سیاسی‌وکۆمیتەی ناوەندی!
تێکۆشەران! ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە نێوخۆودەرەوەی وڵات!
میوانە خۆشەویستەکان‌و بەشدارانی جێژنی شەست‌و حەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان!
بە ناوی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی ڕێکخراوە سینفی‌یەکان‌و بە نوێنەرایەتی لە لایەن هەموو ئەندامان‌و لایەنگرانیشیانەوە، پڕبەدڵ پیرۆزبایی جێژنی شەست‌و حەوتەمین ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانتان لێ‌دەکەین. پیرۆزبایی لە خۆمان، لە ئێوەو لە هەموو خەڵکی شۆڕشگێڕو خەباتگێڕی کوردستان دەکەین‌و لەو بیرەوەری‌یە مێژوویی‌یەدا، لە بەرامبەر گیانی پاکی دامەزرێنەرانی حیزب‌و لە سەرووی هەموانەوە پێشەوای نەمر قازی محەممەد، هەروەها لە بەرامبەر کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی شەست‌و حەوت ساڵ خەبات‌و تێکۆشانی حیزبەکەمان، سەری ڕێزو وەفاداری دادەنوێنین.
بەڕێزان!
ئیزنمان بدەن لەم بۆنە پیرۆزەدا سڵاوو ڕێزی بێ‌پایانی خۆشمان پێشکەشی ئەو کیژو لاوو شێرەژنانەی کوردستان‌و، هەروەها ئەو زیندانی‌یە خۆڕاگرانەی کە هەنووکە لە چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمی ئاخوندیدان بکەین کە لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی گەلەکەمان‌و، بە تایبەتی لەو سێ دەیەی دواییدا کە هێزی سەرەکیی خەباتگێڕانی مەیدانی بەرەنگاریی شۆڕشگێڕانەی حیزب‌و گەلەکەمانیان پێک هێناوەو زیاتر لە هەر توێژێکی دیکەی کۆمەڵەکەمان لە بەرزراگرتنی ئاڵای خەبات بۆ وەدی‌هێنانی ئاوات‌و ئامانجی گەلەکەماندا ڕۆڵیان بووە.
شەست‌و حەوت ساڵ خەباتی بێ‌وچان‌و مێژووی پڕ لە دەسکەوت‌و سەروەریی حیزبی دێمۆکڕات، مێژووی بەربەرەکانی دەگەڵ دیکتاتۆڕی‌و کۆنەپەرستی‌و خەبات لە پێناوی وەدی‌هێنانی ئاشتی‌و ئازادی‌و دێمۆکڕاسیدا شانازی‌یەکی گەلێک مەزنە بۆ ئەو حیزبە. ئەو شانازی‌یە گەورەو بێ‌وێنەیە، بە چوونی سەربەرزانەی ڕێبەرانی حیزب بۆ بن پەتی سێدارەو قوربانگەکانیان، بە سەر دانان نەک سەر دانەنواندنی ڕۆڵەکانی لە بەندیخانەو ئەشکەنجەگاکانی هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی‌و ئاخوندیدا، بە گیان بەخشینی هەزاران تێکۆشەرو ئەندام‌و لایەنگری لە سەنگەری بەرخۆداندا، بە تەحەممول‌کردنی دەردی تاراوگەنشینی‌و دوورەوڵاتیی ڕۆڵە وەفادارەکانی‌و بە ڕەنج‌و ماندوویی‌نەناسی لە گوتن‌نەهاتووی هەزاران کەس لە دێمۆکڕات‌و دێمۆکڕات دۆست‌و خۆشەویستەکانی کوردو کوردستان، وەدەست هاتوە.
بەشداربووانی ئازیز!
یەکیەتیی لاوان بەرهەم‌و دەسکەوتی حیزبی دێمۆکڕاتە کە بە هەوڵ‌و هیممەتی ڕێبەرانی‌و، لە سەرووی هەموانەوە پێشەوا قازی، وێڕای یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان دامەزرا. دامەزرانی ئەم دوو یەکیەتی‌یە لەو سەردەمەدا یەکەم ئەزموونی ڕێکخراوی سینفی لە مێژووی کورددا لە لایەک نیشانەی تێگەیشتوویی سیاسی‌و بیری پێشکەوتن‌خوازانەی ڕێبەریی حیزب‌و کۆماری کوردستان‌و لە لایەکی دیکەشەوە دەرخەری ئاستی دێمۆکڕات‌بوونی حیزب‌و ڕێبەرانیەتی، هەربۆیە جێی خۆیەتی ئێمەش لێرەوە رابگەیەنین کە شانازی بە مێژووی شەست‌و حەوتەمین ساڵی دامەزرانمانەوە دەکەین. یەکێکی‌دی لەو دەسکەوت‌و شانازی‌یانەی حیزبی دێمۆکڕات گرینگی‌دان بە خوێندن‌و خوێندەوارکردنی کۆمەڵگای نەخوێندەوارو هەروەها ناردنی خوێندکاران بۆ درێژەدانی خوێندن لە دەرەوەی وڵات بوو. نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە ئازادیی بیروڕا دەربڕین‌و نەگیران‌و بێ‌حورمەتی‌نەکردن بە کەس لەسەر دەربڕینی بیروڕا یەکێکی دیکە لە شانازی‌یەکانی حیزبی دێمۆکڕاتە.
هەرچەند ئەرکی سەرەکیی ڕێکخراوێکی مەدەنی، گرینگی‌دان بە کێشە سینفی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانە، بەڵام بارودۆخی کوردستان‌و پێویستیی ئامادەبوون لە جەرگەی خەباتی رزگاری‌خوازانەی نەتەوەکەماندا، ئەو یەکیەتی‌یانەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە هاوشانی حیزبی دێمۆکڕات بێنە مەیدانی خەباتی سیاسی‌و نەتەوایەتی‌یەوەو لەم پێناوەش‌دا بە سەدان کیژو لاوی شۆڕشگێڕ بوونەتە قوربانیی ئامانجە بەرزەکانی بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی کورد.
هاوڕێ‌یانی هێژا!
ئێمە وەک یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان‌و ئەنجومەنی زیندانی‌یانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانیی خۆمان لە خەباتی نەتەوەیی دێمۆکڕاتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەبڕین‌و لێرەوە پەیمان دەگەڵ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان نوێ دەکەینەوەو پێمان وایە هەروەک تا ئێستا بە کردەوە نیشانی داوە درێژەدەرو وەفاداری ڕێبازی هەموو شەهیدان‌و ئازادی‌خوازانی گەلی کورد بووە، لەمەودواش هەروا وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان درێژە بە خەباتی نەتەوایەتیی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدا. .
سڵاو لە هەموو ئازادی‌خوازان‌و کیژو لاوانی ژیرو وریای نەتەوەکەمان!
سڵاو لە خۆڕاگریی زیندانی‌یانی سیاسیی نەتەوەکەمان کە لەبەردەم هەر چەشنە مەترسی‌یەک دان!
سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی!
بەرزو پیرۆز بێ 25ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان!
یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان
ئەنجومەنی زیندانی‌یانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
25ی گەلاوێژی 1391ی‌هەتاوی
15ی ئاگۆستی 2012ی زایینی

# پەیامی یەکیەتی ژنان بە بۆنەی گیرانی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتی لاوان

ئامادەبووانی بەڕێز!
لاوانی خۆڕاگرو وڵاتپارێز
خۆشەویستانی بەشداری شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!
بە سڵاوێکی گەرم ، لەلایەن هەیئەتی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانەوە ، بەبۆنەی پێکهێنانی شەشەمین کۆنگرەکەتانەوە پیرۆزبایی‌و دەسخۆشی‌یەکی گەرمتان پێشکەش دەکەین.
یەکیەتی لاوانی دیموکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان ، لە دامەزرانیەوە تا ئەمڕۆ لە ڕێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دەورێکی دیاری لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەیدا هەبووەو بە دەیان ڕۆڵەی تێکۆشەری ئەم ڕێکخراوەیە لە گۆڕەپانی خەباتی چەکداریدا بوون بە فیدای ئامانجەکانی گەلەکەیان، کە هەموو ئەمانە شیاوی ڕێزو بەرزنرخاندنە . هیوادارین کە کۆنگرەکەتان بتوانێ هەنگاوێکی مەزن بێ بۆ زیاترچالاکبوونی ڕێکخراوەکەتان لە داهاتووداو بتوانن بە داڕشتنی بەرنامەو پلانی کاری تۆکمەو سەردەمیانە کاریگەریی زیاترتان لە سەر ئالوگۆڕە خێراکانی ڕەوتی ڕزگاری‌خوازی گەلی کوردهەبێ. هیوادارین بە بیری ئاوەڵاوەو بە گیانێکی لێبووردەیی ڕابردووی خۆتان هەڵبسەنگێنن‌و هانگاو بنێن بەرەو پێشەوەو بتوانن بە وزەو تواناو لێوەشاوەیی‌یەوە بیر لە چۆنیەتیی بەهێزکردنی بزووتنەوەو خەباتی لاوانی کورد لە کوردستاندا بکەنەوە. بە داخەوە ساڵیانێکی زۆرە کە ژنان‌و لاوانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی دەسەڵاتی دیکتاتۆرو سەرەڕۆی ئاخوندی‌یەوە تووشی هەڵاواردن‌و بەشمەینەتی هاتوون‌و تووش‌بوون بە مادەسڕکەرەکان ، بێکاری ، هەژاری ، خەمۆکی ، هەوڵ بۆ خۆلەنێوبردن‌و بە دەیان خەساری دیکەی کۆمەڵایەتی دەست‌و داوێنی گرتوون ، هەر بۆیە ئەرکی ئێمەی ژن‌و ئێوەی لاوانی ناسیونالیست‌و شۆڕشگێر بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواو بەرحەقەکانمان‌و دیاری کردنی چارەنووسی خۆمان بە دەستی خۆمان ، ئەرکێکی قورسەو وشیاری‌و لە خۆبووردوویی دەخوازێ.
بەڕێزان هەر وەک ئاماژەمان پێدا، لە ماوەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بە هەزاران لاوی ئازادیخوازی گەلەکەمان لە چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیمداو لە ژێر ئەشکەنجەو زەبروزەنگ‌و سێدارەدا شەهید بوون ، بەڵام بەو حاڵەش ئەوەی جێگای سەربەرزی‌یە ئەوەیە کە سەرەڕای تەواوی ئەمانە ڕژێم نەی‌توانیوە لاوانی نیشتمانەکەمان بەچۆکدا بێنێ‌و دەستەوەستانیان بکا، بەڵکوو بە پێچەوانە کچان‌و کوڕانی لاوی کوردستان رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا ڕادەوەستن‌و لە سەر داوا ڕەواکانی خۆیان پێ‌داگر ن .
لە کۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی گرتنی شەشەمین کۆنگرەکەتان لێ‌دەکەین‌و ئاواتەخوازین کۆنگرەیەکی پڕدەستکەوت‌و سەرکەوتوو بێ .
سەرکەوێ خەباتی ڕزگاری‌خوازانەی گەلەکەمان
سەرکەوتوو بێ شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان
17ی گەلاوێژی 1391ی هەتاوی
7ی ئاگوستی 2012ی زایینی




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# پێکهێنانی کۆبوونەوەیەک بۆ خاتوو زلێخا جەشنی

ڕێکەوتی 18ی خەرمانانی 1391ی هەتاوی، لە لایەن بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانەوە، کۆبوونەوەیەک بۆ بەڕێز خاتوو زلێخا جەشنی، ئەندامی بەڕێوەبەریی پیشووی یەکیەتیی ژنان پێک هات.
ئەم کۆبوونەوەیە لە ژێر ناوی ”باری دەروونی‌و ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی ژن“ بەڕێوەچوو، کە خاتوو زلێخا لە چەند لایەنەوە باسی لە تویکاریی باری دەروونیی ژن کردو لە بەشێک لە قسەکانیدا گوتی: ”هەر مرۆڤیک باری دەروونی‌و خۆشەویستی چەندە لە یەک نزیک بێت، بەو مەرجەی ئەگەر باری دەروونیی باش بی، ئەوە باری لەش ساغییشی باش دەبێ“. خاتوو جەشنی سەبارەت بە چۆنیەتیی ئامادەیی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕووداوە چاوەڕوان‌نەکراوو ناخۆشەکان گوتی: ”نابێ هەموو کات بە تەمای هەواڵی دڵخۆشکەر بین، هەر سات‌و کاتێک دەبێ چاوەڕوانی ڕووداوو هەواڵی ناخۆشی بین‌و دەبێ بە ورەبەرزی‌و نەبەزی‌یەوە شان وەبەر ئەوجۆرە بابەتانە بدەین و بەرامبەریان بوەستینەوە“.
لە کوتایی کۆبوونەوەکەدا چەندین بەشداربوو بە پیشنیارو تێبینی‌یەکانیان، کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

هەواڵ







# پێکهێنانی کۆڕێکی شیعر بۆ خاتوو کوێستان عومەرزادە

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی ڕێزلێنانو پشتیوانیکردن لە گیراوی سیاسی بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند باوکی مافی مرۆڤی کوردستان، سەر لەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 26ی پووشپەڕی 1391ی هەتاوی لە یەکێک لە سالۆنەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆڕێکیخنجیلانەی شێعریی بۆ خاتوونی هەستناسک کوێستان عومەرزادە پێک هێنا. شیاوی ئاماژەیە کە کۆمەڵێک لە ئەندامانی ڕێکخراوی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانو کەسایەتیو میوانانی بانگهێشتکراو، بەشداری کۆڕەکە بوون. خاتوو کوێستان بە خوێندنەوەی کۆمەڵێک شێعری هەستبلاوێن ئارامیو هێمنیی بەسەر بەشداربوون لە کۆڕەکەدا زاڵ کردبوو. ئەم کۆڕە شێعرە پاش تێپەڕکردنی کاتژمێرێک کۆتایی پێ هات.









کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەردانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان لە بنکەی یەکیەتیی لاوان

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 8/6/1391 هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزاننەسرین حەداد ، گەلاوێژ پەیرەوانو شەهێن مورتەزازادە ئەندامانی بەڕێوەبەریو مەندانە حەبیبزادە، ئایشە عیسانیژادەو فریشتە بەهاری ئەندامانی جێگری بەڕێوەبەری،بە مەبەستی پیرۆزبایی سەرکەوتنی شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان سەردانی بنکەی یەکیەتیی لاوانیان کردو لەلایەن بەڕێزان مەنسوور سەممار سکرتێری پێشووی لاوان، سامان فەقێنەبی سکرتێرو سەید جەلال ساڵحی جێگری سکرتێر، سمکۆ عوسمانیو هەلالە عەبدوڵلاهیو ئارەش لۆڕستانیو حاتەم ڕەسووڵپوور ئەندامانی بەڕێوەبەری، ئازاد محەممەدزادەو سروشت مووساپوورو ئارەزوو عەزیزی ئەندامانی جێگری بەڕێوبەریو سیامەند شێخەپوور کادری یەکیەتیی لاوان، پێشوازیی کرا.لەم دیدارەدا وێرای هێنانەئارای چەند باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕاو، هەروەها باس لە هاوکاریی زیاتری نێوان هەردوو ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانو یەکیەتیی لاوان کرایەوە.





# کارو چالاکیاکانی ئەندامانی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە دەڤەری سۆران

ڕێکەوتی 16/5/1391ی هەتاوی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بەشداریی لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوە سنفیو مەدەنییەکانی دەڤەری سۆران بەبۆنەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەکەو بە تایبەتی لە سووریە خەریکە ڕو دەدەنو هەروەها بۆ پشتیوانی لە بزاڤی ڕزگاری خوازی لە ڕۆژئاوای کوردستانو هاودەنگی لەگەڵ گەلی کوردو داواکردنی یەکڕەنگیو یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکان بە تایبەتو گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەگشتیو هەروەها داواکردن لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ پشتیوانی لە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژئاواو داوا کردن لە وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی (ئێران_ تورکیا) بۆ ئەوەی دەست نەخەنە نێو کاروباری ناوخۆی سووریە گردبوونەوەیەکی گرینگیان پێکهێنا.

ئەو ڕێکخراوانەی لەم گردبوونەوەیەدا بەشداربوون بریتیبوون لە:

1. یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان
2. یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
3. یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراق
4. ڕێکخراوی ئازادیی لاوان
5. ڕێکخراوی ڕابوون
6. کۆمیتەی مەحلیی حیزبی شیوعی لە سۆران
7. سەنتەری مەستوورەخان







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆبوونەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سویس

ڕۆژی یەک شەممە ٢٦/ ٨/ ٢٠١٢ کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری بازل کۆبوونەوە.ئامانجی ئەو کۆبوونەوەیە چالاکترکردنی یەکیەتیی ژنان لە سویسو بە شداریی زیاتری ژنان لە کۆرو کۆبوونەوەهو یادە نەتەوەییو حیزبییەکاندا، گێڕانی دەوری زۆرتر لە بەڕێوەبردنی مەراسیمەکانو هەوڵی ڕازیکردنی ولاتی سویس بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەکی زمانی کوردی لە شاری بازل بۆ مندالانی کورد .

شایانی باسە ئەم کۆبوونەوەیە نیزیک بە 2 کاتژمێری خایاند.

کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سویس

# بۆ ساڵی دووەم (مێرکڵ) بەهێزترینو کاریگەرترین خانمی جیهانە

بۆ ساڵی دووەم لەسەریەك ڕاوێژكاری ئەڵمانیا بە بەهێزترینو كاریگەرترین ئافرەت لە جیهاندا دیاری كرا.بەگوێرەی ڕاپۆرتو ڕاپرسیی ساڵانەی گۆڤاری ”فۆربیس“ی ئەمریكایی ئەمساڵیش ڕاوێژكاری ئەڵمانیا (ئەنجێلا مێركڵ) بە بەهێزترینو كاریگەرترین ئافرەت لە جیهاندا دیاری كراوە.لەپاش ئەویش وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا خاتوو (هیلاری كلینتۆن) هاتوەو لە پلەی سێیەمیشدا سەرۆكی بەرازیل (دیلما ڕۆسیڤ) دیاری كراوە.

ئەمەیش ساڵی دووەمینە لەسەریەك كە (مێركل) دەبێتە پێشەنگی خانمە بەهێزەكانی جیهان.

بەگوێرەی پێوەرەكانی ”فۆربیس“ كاریگەریی گەورەی لە چارەكردنی قەیرانەكانی ئورووپاو ڕاگرتنی هاوسەنگی لە یەكییەتیی ئەورووپادا،هەروەك ڕۆڵی كاریگەرو گەورەی لە بچووكردنەوەی قەبارەی قەیرانی دارایی لە یۆنانو ئیسپانیاو ئیتالیاداو هەروەها هاندانە گەورەكانی (مێركڵ) بۆ هەڵبژاردەیوڵاتەكەی لە یۆرۆی 2012ـدا ڕۆڵی گەورەیان لە دووبارە هەڵبژاردنەوەی وەك كاریگەرترین خانمی جیهاندا بینیوە.



# دۆخی نالەباری بەندی ژنانی زیندانی مەراغە



بەندی ژنانی زیندانی شاری مەراغە تەنیا یەك ژوورو دالانێکی بچووکی هەیەو زیاتر لە 30 زیندانیی ژنیشی تێدا ڕاگیراوە.بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، سەرچاوەیەکی ئاگادار لە زیندانی مەراغە، دۆخی بەندی ژنانی ئەو زیندانەی زۆر نابەجێ وەسف کردوە. زێنەب بایزیدی یەکێك لە چالاکانی مافەکانی ژنانیش لە حاڵی حازردا لەو بەندە ڕاگیراوەو ماوەی حوکمەکەی بەسەر دەبا. ژمارەی زیندانی‌یانی ژنی ئەو بەندە 15 هەتا 30 کەسە، بەڵام تاقە ژووری ئەو بەندە تەنیا جێگای 7 هەتا 8 کەس دەبێتەوە. شیاوی گوتنە کە شوێنی تەنگەبەرو بەرتەسکی بەندی ژنان، بۆتە هۆی دروستبوونی کەش‌و دۆخێکی ڕەوانیی نابەجێ بۆ بەندی‌یەکان.
نەبوونی پێداویستیی سەرەتایی وەکوو، سرویسی پاك‌وخاوێنیی شیاو، شوێنی شیاو بۆ پشوودان، خراپیی غەزاو خۆراکی زیندانی‌یانی زیندانی مەراغە، ژیانی زیندانی‌یانی ژنی ئەو زیندانەی زۆر دژوارو ئاستەم کردوە.

# چالاکێکی بواری ژنان ڕەوانەی زیندان کرا



ژیلا بەنی‌یەعقووب، ڕۆژنامەنووس‌و چالاکی بواری ژنان، بۆ تێپەڕکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی ئێڤین کرا.ئەم ڕۆژنامەنووسە، لە مانگی جۆزەردانی ساڵی 88ەوە دوای ڕووداوی سەرکوت‌کردنی نارەزایەتی‌یەکان بە هەڵبژاردنی سەرۆك‌کۆماری لەگەڵ هاوسەرەکەی، بەهمەن ئەحمەدی ئەموویی دەستگیرو دواتر لە ساڵی 89 دا بە تۆمەتیهەوڵدان بە دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی‌و چالاکیی تەبلیغی دژی نیزام بە ساڵێك زیندان‌و 30 ساڵ بێ بەش‌بوون لە کاری ڕۆژنامەنووسی مەحکووم کرا.ژیلا لە حاڵێکدا بۆ تێپەڕکردنی حوکمەکەی ڕاپێچی زیندان کرا کە هاوسەرەکەی ئەحمەدی ئەموویی، مانگی جۆزەردانی ئەمساڵ بۆ زیندانی ڕەجایی‌شاری کەرەجگواسترابۆوە.بەهمەن ئەحمەدی ئەموویی، ڕۆژنامەنووس، لە لایەن دادگای شۆڕشی تارانەوە بە 5 ساڵ زیندان مەحکووم کراوە.لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەنووس‌و وێبلاگ‌نووس بە هۆی تۆمەتی ساختەکاری لە زیندان دەستبەسەرن.

# کچە کوردێک پلەی یەکەمی لە کۆنکووری سەرانسەریی ئێراندا وەدەست هێنا

کچە کوردێکی خەڵکی شاری سنە لە نێو یەک ملیۆن‌و شەست‌وپێنج هەزار بەشداربووی تاقیکاری‌یەکانی کونکووری سەرانسەریی ئێراندا پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.
ڕێکخراوی "سنجش آموزش کشور" لە نوێترین ڕاگەیاندنی خۆیدا ناوی سەرکەوتووانی تاقیکاری‌یەکانی کونکووری سەرانسەریی ئێرانی لە ڕشتەکانی زانستی ئەزموونی، ئەدەبی، زانستی، بیرکاری‌و فەننی، هونەرو زمان ڕاگەیاند.
بە پێی ئەم ڕاگەیەندراوە، لە نێو یەک ملیۆن‌و شەست‌وپێنج هەزار بەشداربووی تاقیکاری‌یەکانیکونکووری سەرانسەریی ئێراندا، فەرزانە ڕەحمانی خەڵکی شاری سنە پلەی یەکەمی لە گرووپی زانستیدا وەدەست هێنا. بە بۆنەی وەدەست‌هێنانی سەرکەوتووانەی پلەی یەکەم لە تاقیکاری‌یەکانی کونکووری سەرانسەری لە لایەن خاتوو فەرزانە ڕەحمانی‌یەوە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە خاتوو فەرزانەو بنەماڵەو کەس‌وکارو هاوپۆلەکانی دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خۆسووتاندنی ژنێك لە سەردەشت



ژنێکی خەڵکی شاری سەردەشت ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. بە پێی هەواڵەکان، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 11ی خەرمانان ژنێکی تەمەن 35 ساڵان بە ناوی جەواهێر ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
جەواهێر خەڵکی گەڕەکی گردە سووری سەردەشت بوو کە بە هۆی کێشەو گیروگرفتی بنەماڵەیی ئاگر لە جەستەی خۆیی بەردەداو دوای ڕووداوەکە بۆ نەخۆشخانەی شاری سەردەشت دەگوازرێتەوە بەڵام بە هۆی زۆربوونی ڕێژەی سووتانەکەی گیانی لە دەست دەدا.

# خۆکوژیی کچێک لە ناوچەی ورمێ

کچێکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی "فاتمە گوڵمحەممەدی" خەڵکی گوندێکی سەر بە ناوچەی "دۆڵ"ی ورمێ بەهۆی کێشەی بنەماڵەیی‌یەوە پەنای بۆ خۆکوژی بردوەو لە ئەنجامدا گیانی لەدەست داوە.
ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 8ی خەرمانانی 1391ی هەتاوی کچێکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی "فاتمە گوڵمحەممەدی" کچی ئیدریس‌و خەڵکی گوندی "ژاراوا"ی سەر بە ناوچەی "دۆڵ"ی ورمێ دەستی داوەتە خۆکوژی‌و گیانی لەدەست داوە. شیاوی گوتنە کە لە سەرەتای ساڵی 1391ی هەتاوی‌یەوە هەتا ئێستا، لە ناوچە جیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان 13 ژن پەنایان بردۆتە بەر خۆکوژی.



# سیغە لە ئێرانەوە بۆ باشووری عێراق




ساڵانێکە دیاردەی "سیغە" لەوڵاتێکی وەك ئێران کاری پێ‌دەکرێ، بەشێوەیەك کە نوسینگەی تایبەتیی خۆی هەیە بۆ ڕیکخستنی کارەکانی‌و تۆمارکردنی ناوی هاوسەران‌و مێژوی هاوسەرێتیەکە، زۆر جار ئەم حاڵەتە بەئاگاداریی خێزانیش ئەنجام دەدرێ، لەپاش ساڵی 2003وە ئەم دیاردەیە لەئێرانەوە پەڕیوەتەوە بۆ شارە شیعەنشینەکانی وەك نەجەف‌و کەربەلاو بەپێی ئاماری سەرچاوە تەندروستی‌یەکانیش تائێستا هەشتا کەس بەهۆی ئەم جۆرە هاوسەرگیری‌یەوە تووشی ئایدز بوون.ئەو ئامارانەی لەسەرچاوە فەرمی‌یەکانەوە دەستکەوتوون دەری‌دەخەن کە ئێستا لەئێراندا زیاتر لە 250 هەزار مناڵ بوونەتە قوربانیی سیغەو لەعێراقیشدا هەرچەندە ئەم دیاردەیە لەکۆمەڵگادا بە بێ‌ڕێز تەماشا دەکرێ‌و ڕەتدەکرێتەوە، بەڵام لەپەرەسەندنایە. ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی ئەوەکە کەسانێکی زۆر بە هۆی سیغەوە تووشی نە خۆشی ئایدز بن .

# کوردێك له نۆرویژ ژنەكەی كوشتو منداڵەكەی بەسەختی بریندارکرد

پیاوێکی کوردی دانیشتووی ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویژ هاوسەری پێشووی‌و کوڕێکی (7) ساڵانەی دەداتە بەرچەقۆو ژنەکە بە هۆی سەختیی برینەکانی ژیان لەدەست دەداو منداڵەکەشی بەسەختی بریندار دەبێ.
بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ، رۆژی سێشەممە -28 8 - 2012ی زایینی پیاوێکی کورد کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی باشووری کوردستان‌و دانیشتووی شاری ئۆسلۆیەو ڕەگەزنامەی نۆرویژیی هەیە، هاوسەری پێشووی‌و کوڕێکی (7) ساڵانەی خۆی دەداتە بەرچەقۆ، ژنەکە لەبەر سەختیی برینەکانی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەست دەداو کوڕەکەش بە سەختی بریندار دەبێ.
پۆلیسی نۆرویژ ڕایگەیاند کە لەدوای (7) خولەك گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکەو دواتر بکوژەکەیان دەستگیرکردوە، بەڵام هۆکاری کوشتنەکەیان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن باس نەکردوە.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فارسی

# مجهز شدن به سلاح «آگاهی» برای مقابله با خشونت علیه زنان

برای مقابله خردمندانه‌و مسالمت‌آمیز با خشونت گسترش‌یابنده‌و سیستماتیک علیه زنان، لوازم‌و مقدماتی باید تدارک شود که در گام نخست، آگاهی و شناخت از این پدیده منحوس تاریخی، و شیوه‌های عمل‌و نفوذ آن است. پیش از هر چیز، ضروری ست که ما مدافعان صلح و مسالمت متوجه باشیم که اعمال خشونت علیه زنان در واقع از دوران جنینی آغاز می‌شود، از آن زمانکه مادر یا پدر آرزو می‌کند «کاش بچه‌ام دختر نباشد.» یا به دلیل دختر بودن سقط می‌شود. پس از تولد نیز به دلیل دختربودن مورد تحقیر قرار می‌گیرد و در طول سالیان زندگی‌اش به‌واسطه‌ی کلیشه‌های مرسوم جنسیتی، محدودیت‌هایی را متحمل می‌شود. در اغلب موارد به عنوان دختر و یا زن مورد خشونت جنسی و مزاحمت‌های خیابانی قرار می‌گیرد. وادار به ازدواج اجباری می‌شود، و فقط به خاطر زن بودنش از طریق قوانین تبعیض‌آمیز، از طریق سنت‌های پدرسالار و باورهای مردمحور، مورد تحقیر و خشونت قرار می‌گیرد. پس از ازدواج نیز در بسیاری موارد و گاه به بهانه‌های واهی از حقوق جنسی و حتی باروری، محروم می‌شود. در پهنه‌ی جامعه هم شاهد تبعیض‌های رنگارنگ و خشونت اعمال شده بر زنان (در محیط‌های شغلی و فضاهای تحصیلی، و ...) هستیم.

تعریف خشونت

اما در ابتدا ببینیم که خشونت چیست و چه تعریفی دارد. به طور خلاصه و موجز می‌توان گفت که: خشونت رفتاری است که با هدف آسیب رساندن به دیگری، به‌گونه‌های جسمی، روانی، تحمیل محدودیت‌های مالی، ممانعت از پیشرفت‌های شغلی و ارتقای توانایی‌های فردی، بی‌اعتنایی به دیگری ـ درصورتی‌که می‌دانیم او به توجه و حمایت ما نیازمند است ـ و ... گفته می‌شود. عامل اصلی خشونت علیه زنان را می‌توان در تبعیضی یافت که مانع از برابری زن با مرد در همه سطوح زندگی می‌شود. خشونت هم در تبعیض ریشه دارد و هم به آن دامن می‌زند. حوزه‌ی دیگر عملکرد این پدیدهی مخرّب، در محیط‌های خانوادگی و خصوصی است یعنی در محیط‌هایی که هنوز و در بسیاری از جوامع اساساَ یک قلمرو مردانه است و مسبب فجایع و ناهنجاری‌های بی‌شماری در زندگی روزمره زنان به حساب می‌آید. بنابراین خشونت علیه زنان ابعاد و حوزه‌های متعددی را شامل می‌شود اما اگر بخواهیم برای سهولت شناخت از این پدیده، آن را دسته‌بندی کنیم می‌توان گفت که این پدیده به طور کلی در سه گستره‌ی اصلی زندگی زنان، فعال است: عرصه‌ی خانوادگی، پهنه‌ی جامعه (در محیط کار و اماکن عمومی)، و بالاخره از سوی دولت‌ها و نهادهای قدرت رسمی. در حوزه عملکرد دولت‌ها خشونت از طریق وضع و اجرای قوانین تبعیض‌آمیز علیه زنان و سهمیه‌بندی‌های جنسیتی، یا از طریق ایجاد موانع و محدودیت‌ها بر سر راه حضور و مشارکت زنان در عرصه‌های قانون‌گذاری، تصمیم‌سازی و تصمیم‌گیری‌های کلان سیاسی، اجتماعی، اقتصادی و فرهنگی، یا در بازداشتگاه‌ها و زندان‌ها اعمال می‌شود. نکته غم‌انگیز این‌جاست که در بازداشتگاه‌ها و زندان‌ها، زنان علاوه بر آن که همچون مردان مورد شکنجه و سرکوب قرار می‌گیرند متاسفانه به دلیل جنسیت‌شان نیز مورد آزارهای جنسی مضاعف واقع می‌شوند. به علاوه در مواردی، زنان و دختران به طور مستقیم از سوی مسولان نهادهای مجری قانون نیز مورد خشونت قرار می‌گیرند.

یکی از دلایل اعمال خشونت در هر سه مورد یاد شده را می‌توان در اختیار داشتن ابزارهای قدرت اقتصادی، سیاسی و فرهنگی توسط مردان دانست . به علاوه رابطه‌ای مستقیم بین خشونت خانگی و قوانین تبعیض‌آمیز وجود دارد. قوانین مدنی ایران برای زنان نه در خانواده و نه در اجتماع ایجاد امنیت نمی‌کند. به طور مثال طبق قانون، زن باید از مرد تمکین کند یعنی این که اگر زن حاضر به تمکین نباشد مرد می‌تواند او را "وادار" به تمکین کند. این‌جاست که اعمال خشونت قانونی می‌شود.

در قوانین، حقوق باروري و حقوق جنسي زنان به‌كلي ناديده گرفته شده است. زنان از تبعیض‌های مبتنی بر جنسیت، مثل نداشتن حق طلاق، حق قضاوت، شهادت،حق انتخاب شغل و خروج ازکشور (بدون اجازه‌ی همسر)، نابرابری در ارث و یا نابرابری در قانون مجازات به شدت رنج می‌برند. شاید ذکر این نکته ضروری باشد که قوانینی که براساس آنها این حقوق از زنان سلب شده است مستقیم و یا غیرمستقیم منشاء دینی دارند. به طور مثال قانون پوشش و حجاب اجباری، در واقع خشونتی دولتی است که برخی از خشونت‌های خانگی و خشونت هایی که در اجتماع به زنان وارد می‌شود ناشی از آن است. بر طبق تبصره ماده 638 قانون مجازات اسلامی: « زنانی که بدون حجاب شرعی در معابر و انظار عمومی ظاهر شوند به حبس از ده روز تا دو ماه یا از 50 هزار تا پانصد هزار ریال جزای نقدی محکوم خواهند شد.»(1) به دلیل ماده قانونی حجاب تاکنون هزاران زن مورد خشونت قرار گرفته ، دستگیر، زندانی و یا جریمه نقدی شده‌اند و یا حتی مجبور به ترک وطن شده‌اند.

قتل‌های ناموسی هم پدیده‌ی ویرانگری است که به پشتیبانی قوانین و مقرراتی که این قتل‌ها را توجیه و یا حتی حمایت می‌کند رخ می‌دهد. در قانون



مجازات اسلامي پيش‌بيني شده است كه شخص مي‌تواند در شرايطي ويژه، مرتكب قتل شود بدون آن‌كه مجازات شود. طبق ماده 61 قانون مجازات اسلامي: «هر كس در مقام دفاع از نفس، عرض، ناموس و يا مال خود و يا ديگري و يا آزادي تن خود يا ديگري در برابر هرگونه تجاوز فعلي و يا خطر قريب‌الوقوع عملي انجام دهد كه جرم باشد، در صورتي كه دفاع با تجاوز و خطر متناسب باشد و عمل ارتكابي بيش از حد لازم نباشد و توسل به قواي دولتي بدون فوت وقت در عمل ممكن نباشد و يا مداخله قواي مذكور در رفع تجاوز و خطر مؤثر واقع نشود، قابل تعقيب و مجازات نيست.» (2) ماده 630 قانون مجازات اسلامي نيز مي‌گويد : « هرگاه مرد همسر خود را در حال زنا با مرد اجنبي مشاهده كند و علم به تمكين زن داشته باشد ، مي‌تواند در همان حال آنان را به قتل برساند و در صورتي‌كه زن مكره باشد، فقط مرد را مي تواند به قتل برساند.“ حکم ضرب و جرح در این مورد نیز مانند قتل است. متاسفانه عملکرد قوه قضائیه در اغلب موارد و حوادثی که به فاجعه‌ی قتل‌های ناموسی ختم می‌شود دوگانه است. برای نمونه مرد حق دارد تحت عنوان دفاع از ناموس زنی را که مورد تجاوز، تعرض. و یا حتی مورد سوءظن قرار گرفته به قتل برساند. (ماده 630 و 61)

اما در مورد زنان به گونه دیگری است. کم نیست اخبار و آمار زنانی که چون در برابر تجاوز مقاومت کرده و شخص متجاوز را به قتل رسانده‌اند ولی دادگاه برای آن‌ها حکم اعدام صادر کرده است. باز هم برای نمونه می‌توان به محاکمه‌ی ریحانه جباری اشاره کرد یعنی دختری که به خواسته یکی از ماموران پیشین مبنی بر برقراری ارتباط جنسی تن نداد، و با یک ضربه چاقو وی را به قتل رساند. سپس شعبه ۷۴ کیفری استان به ریاست قاضی تردست حکم به قصاص ریحانه را صادر کرد. (3) نمونه‌ای دیگر از این دوگانگی اعدام فاطمه حقیقت‌پژوه است . وی در نیمه شب با سر و صدای دخترش از خواب بیدار می‌شود. که با صحنه تجاوز همسر صیغه‌ای خود به دخترش روبرو می‌شود. و همسر صیغه‌ای خود را به قتل می‌رساند. و با این که دوبار در سال‌های 81 و 85 اجرای حکم اعدام وی متوقف می‌شود. سرانجام در 6 آذر 87 اعدام شد. (4)


موارد فوق نمونه‌هایی است که نشان می‌دهد از نظر قانون‌گذار و مجری قانون، ناموس و دفاع از آن منحصر به مردان است. با تکیه بر چنین احکام و قوانینی است که در موارد بسیاری به‌اصطلاح غیرت و مردانگی و باورهای نادرست که زن را ناموس خود می‌دانند سبب مي‌شود مردان خانواده انواع مختلف خشونت را علیه زنان در درون خانواده اعمال نمایند. هرگاه زني مورد تجاوز قرار مي‌گيرد خانواده او متاسفانه این مساله را ننگ دانسته به‌جای رجوع به مراکز قضایی و پیگیری مجازات متهم از مجاری قانونی، دست به خشونت با قرباني و حتی قتل وی مي‌زنند. به علاوه سالانه هزاران زن مورد تجاوز قرار می‌گیرند که بسیاری از آنها توسط نزدیکان از جمله برادر، پدر، عمو، دایی مورد تجاوز قرار می‌گیرند. و به دلیل ترس ممکن است که هرگز در طول زندگی خود با کسی در میان نگذارند .

آمار و مستندات بسیار در رابطه با قتل‌های ناموسی وجود دارد. از جمله بر اساس آمار در سال ۲۰۰۱ در مجموع ۵۶۵ زن جان خود را در قتل‌های ناموسی از دست داده‌اند، و ۳۷۵ زن نیز اقدام به خودسوزی نموده‌اند.(5) ”بر اساس گزارش پلیس ایران تنها در سال ۱۳۸۸ در شهر اهواز ۱۵زن قربانی قتل ناموسی شدند که معادل ۲۴,۵٪ از کل قتل‌های سال ۸۸ شهر اهواز می‌شود، البته این آمار نسبت به سال ۸۴ که میزان قتل‌های ناموسی در اهواز ۳۵درصد بوده، کاهش یافته است. به‌گفته بازپرس شعبه ویژه قتل اهواز برخی آداب و رسوم «مانند لزوم ازدواج دخترعمو با پسرعمو یکی از دلایل این قتل‌ها است که برخی مواقع اگر غیر از این اتفاق بیافتد منجر به قتل می‌شود». و برخی قتل‌های ناموسی هم فقط بر مبنای سوء ظن صورت می‌پذیرد“.(6) مورد زیر نمونه ای از قتل‌هایی است که براساس سوءظن انجام گرفته است. ”در اهواز مردی 60 ساله دختر مطلقه‌اش را که گمان می‌برد روابط تلفنی مشکوکی دارد، زنده به گور کرد. این دختر جوان در حین زنده به گور شدن، بدون کمترین اعتراضی فقط به چهره پدرش که با بیل روی او خاک می‌ریخت، نگاه می‌کرد.“(7) ” نیمی از مقتولان قتل‌های خانوادگی را در ایران، زنان تشکیل می‌دهند که توسط افراد درجه یک خانواده خود به قتل می‌رسند“.(8)

گستردگی قتل‌های ناموسی به حدی است که مسئولین را وادار به عکس‌العمل کرده است. از جمله این‌که آقای میرمحمدصادقی سخنگوی سابق قوه‌ی قضائیه، از افزایش قتل و آزارهای جسمی زنان جوان خبر داد و اعلام کرد که ” در ۳ سال اخیر شمار زیادی اجساد دخترانی به پزشکی قانونی تحویل شده‌اند که توسط بستگان یا دوستان مرد خود به قتل رسیده‌اند یا مورد آزارهای شدید جسمی قرار گرفته‌اند“. (9) با اتکا به چنین قوانینی است که در سال‌های اخیر در شهرهای مشهد، تهران، کرمان و کرج زنان بسیاری طی قتل‌های زنجیره‌ای جان خود را از دست داده‌اند. قاتلین در دفاع از خود اعلام می‌کردند که مقتولین اعمال منافی عفت انجام داده و مهدورالدم بوده‌اند .

فرزند کُشی:بر اساس ماده ۲۲۰ قانون مجازات اسلامی، پدر و جد پدری که فرزند خود را بکشند، قصاص نمی‌شوند.

براساس پژوهشی که توسط سمیرا کلهر انجام شد. و





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نتایج آن را در انجمن جامعه‌شناسی دانشگاه تهران ارائه کرد نشان داد که : «قتل‌های خانوادگی در سال 86، از 5/41 درصد در سال به 7/51 درصد رسیده است. 15 درصد قتل‌های خانوادگی به فرزندکُشی اختصاص دارد و 80 درصد این قتل‌های خانوادگی درون خانه رخ داده است. در مجموع مطالعه اخبار 462 قتل که بین سال‌های 85 و 86 در یک روزنامه منتشر شده است، 38 کودک به قتل رسیده‌اند که بیش از 70 درصد از آنها توسط پدر به قتل رسیده‌اند.“ (10)

مجازات سنگسار: مواد قانونی دیگری که خشونت را ترویج می کند. ماده 83و 102 قانون مجازات اسلامی هستند. در ماده 83 حکم سنگسار برای زنای محصنه تعیین شده است. و ماده 102 قانون مجازات اسلامی به نحوه‌ی مجازات می پردازد. در این ماده آمده است -“ مرد را هنگام سنگسار تا نزديكي كمر و زن را تا نزديكي سينه در گودال دفن مي‌كنند آنگاه رجم مي‌نمايند“بر اساس این ماده قربانی را درگودالی قرارداده و مردم را در وحشیانه‌ترین نوع شکنجه و مجازات منجر به مرگ با پرتاب سنگ به سر و صورت قربانی مشارکت می‌دهند .و به این وسیله انسان‌های عادی جامعه را ترغیب می‌کنند که درقتلی دسته‌جمعی شرکت کنند .

همسرکُشی معلول قوانین تبعیض‌آمیز : ”براساس نتايج بررسي همسركشي در 15 استان كشور، 66 درصد زناني كه مرتكب قتل همسرشان شده اند و در اين امر مشاركت يا معاونت داشته اند اعتراف كرده اند در دوران زندگي مشترك بارها مشاجره، قهر و آشتي داشته اند و 58 درصد زنان با وجود اينكه قصد طلاق داشته اند به دلايلي از جمله مخالفت شوهر، والدين، وجود فرزندان و نياز مالي، زندگي را تحمل كرده و در نهايت صبر و تحمل شان به سر آمده و چاره يي جز كشتن و از بين بردن همسر خود پيدا نكرده اند.“(11)

جعفرسخاوت و علی افشاری نیز تحقیقی برای کشف دلیل اصلی همسرکشی زنان در زندان اوین انجام دادند. نتایج این تحقیق نشان می‌دهد. که،“ نداشتن حامی در زندگی و وجود محرک‌های منفی از ویژگی‌های زنان قاتل است. همچنین فشارهای روحی و وجود احساسات منفی در زنان و ارتباط با بزهکاران از عوامل اصلی در وقوع پدیده همسر کشی است. به علاوه عوامل فردی و مشکلات ناشی از شرایط اجتماعی و خانوادگی و عوامل ساختاری جامعه در بروز این مساله نقش داشته است“. (12) حق یک جانبه طلاق به مردان و ازدواج اجباری مهم‌ترین عامل شوهرکشی در ایران است .

خشونت خانگی

زنان انواع گوناگون خشونت را در طول زندگي روزمره خود تجربه مي‌كنند. در ماده یک اعلامیه جهانی «منع خشونت علیه زنان» آمده است که : خشونت علیه زنان به معنی هر عمل خشونت‌آمیز بر اساس جنس است که به آسیب رساندن یا رنجاندن جسمی، جنسی یا روانی زنان منجر بشود، یا احتمال می رود که منجر شود، از جمله تهدیدات یا اعمال مشابه، اجبار یا محروم کردن مستبدانه زنان از آزادی، که در منظر عموم یا در خلوت زندگی خصوصی انجام شود. در جوامع مردسالار زنان انواع گوناگون خشونت را در سرتاسر چرخه‌ی زندگي خود تجربه می‌کنند.

خانه که باید امن‌ترین مکان باشد گاه به خطرناک‌ترین مکان ممکن برای اعمال خشونت تبدیل می‌شود. آمار و شواهد نشان می‌دهند که اعمال خشونت اعم از خشونت‌های روانی و یا فیزیکی با هدف اعمال قدرت و کنترل انجام می‌شود. بر اساس گزارش سازمان بهزیستی ایران در سال ۱۳۸۴، طی شش ماه، هشت هزار مورد خشونت خانگی علیه زنان گزارش شده بود ، یعنی به‌طور متوسط روزانه حدود ۴۴ مورد خشونت به‌اطلاع مسئولان رسیده است، این درحالی است که بسیاری از موارد اعمال خشونت به نهادهای رسمی گزارش نمی‌شود .(13) یک آمار جامعه شناختی نیمه رسمی نشان می‌دهد که “دو سوم از زنان ایرانی دچار خشونت خانگی و یک چهارم آنها از جنسیت خود ناراضی هستند.” (14) در بررسی های انجام شده در مورد خودسوزی زنان ،عامل اصلي خودسوزی زنان، اعمال خشونت بر آنان عنوان شده است.

برخی از پیامدها و خسارات ناشی از خشونت خانگی:رفتارهای خشن در میان اعضای خانواده و تسلط سیکل معیوب خشونت بر نهاد خانواده طبعا نتایج گوناگون و بسیار دردناک ـ و در اغلب موارد، جبران‌ناپذیر ـ از خود به جا می‌گذارد. اگر بخواهیم به طور خیلی خلاصه، رئوس کلی پیامدهای خشونت‌های خانگی را برشماریم می‌توان به :

خودسوزی،خودکُشی، دیگرکُشی و بروز پدیده‌ي ”شوهر کُشی“.

پایین آمدن بهداشت جسمی و روانی، طلاق.

گرایش کودکان به بزهکاری مانند گرایش به اعتیاد، فرار از منزل و ارتباط با باندهای قاچاق مواد مخدر و یا دزدی.

فرار از مدرسه و اُفت تحصیلی.

ترویج و بازتولید فرهنگ خشونت‌گرایی.

پاره‌ای از عوامل بروز خشونت در کانون خانواده:وجود تبعیض و فرهنگ اقتدار و برتری‌طلبی در کانون خانواده سرمنشاء و بسترساز خشونت است. در میان بسیاری از خانواده‌ها تبعیض میان فرزند دختر و پسر، یک امر عادی و پذیرفته شده است، و باورهای نادرستی مبنی بر اقتدار و برتری مرد نسبت به زن وجود دارد .حتی زنان بسیاری هم هستند که تبعیض بین زن و مرد را اجتناب‌ناپذیر و یا ضروری می‌دانند. وجود قوانین تبعیض‌آمیز و قوانینی که به طور مستقیم و یا غیر مستقیم خشونت علیه زنان را پشتیبانی یا حتی ترویج می‌کند. این در حالی است که تبعیض علیه زنان به معنی نقض آشکار اصول برابری حقوق، و بی‌حرمتی به شخصیت و کرامت انسان است. با توجه به این موارد می‌توان نتیجه گرفت که اصلی‌ترین عامل و سرآغاز خشونت، «تبعیض» است. با این حال، پاره‌ای از موارد وجود دارد که خشونت‌های خانگی را تشدید و استمرار می‌بخشند از جمله:

ـ عدم ”خودآگاهي“ زنان نسبت به حقوق فردی و اجتماعی‌شان.

ـ ”پنهان“ نگه‌داشتن خشونت یکی از شایع‌ترین علل خشونت خانگی است .

ـ اقتدارگرایی، برتری‌طلبی، اعمال قدرت و کنترل دیگری.

ـ باورهای نادرست سنتی ، مذهبی ، قومی و قبیله‌ای.

ـ فقر مالی، بحران‌های خانوادگی، فقر فرهنگی.

ـ نگرش حذفی، عدم رواداری، و کم‌تحملی به هنگام مواجهه با دیدگاه‌های مخالف.

ـ وجود اختلالات روانی ـ شخصیتی در میان اعضای خانواده و بی‌توجهی نسبت به مداوای آن.

ـ مشروعیت بخشیدن و ترویج فرهنگ خشونت از طریق رسانه‌ها به ویژه برنامه‌های تلویزیونی که آغشته به گفتارها یا صحنه‌های خشونت‌بار هستند، و نیز نمایش فیلم‌هایی که تبعیض را ترویج و دامن می‌زند. پخش این برنامه‌ها بدون اعلام هیچ‌گونه محدودیت سنی در ساعات پُربیننده شب.

ـ معمولی جلوه دادن و عادی‌سازی پدیده‌ی خشونت در زندگی روزمره .

راه‌های برون‌رفت از چرخه‌ی خشونت

در پایان این نوشتار کوتاه و برای آن که راه‌های برون‌رفت از چرخه‌ی ویرانگر خشونت را ـ حداقل به طور تیتروار ـ بشناسیم، در ادامه به رئوس کلی شماری از مهم‌ترین راهکارهای موجود و تحقق‌پذیر، اشاره می‌کنم:

دولت‌ها باید قوانینی را که به خشونت علیه زنان دامن می‌زند لغو کرده و قوانین غیر تبعیض‌آمیز و مبتنی بر اعلامیه جهانی حقوق بشر وضع کنند .

ارائه آموزش‌های لازم به زنان برای رسیدن به خودآگاهی در مورد حقوق خود و شناخت مصادیق خشونت، و آموزش راه‌های مقابله با خشونت.

پیوستن به کنوانسیون رفع هر گونه اشکال تبعیض علیه زنان،( شورای نگهبان این کنوانسیون را مغایر با اصولی از قانون اساسی و ضروریات دین اسلام در مواردی چون ارث، طلاق، شهادت، سن بلوغ، حجاب و تعدد زوجات دانسته و آن را رد کرد ه است).

حذف کامل کلیشه‌های جنیستی و ادبیات خشونت‌آمیز از کتاب‌های درسی .

دولت‌ها موظفند راهکارهای پیشگیرانه و دستورالعمل‌های جامع حقوقی، سیاسی، اداری و فرهنگی که حمایت از زنان را در مقابل هرگونه خشونت ترویج می‌کند، تدوین کنند. بنابراین دولت‌ها موظفند قوانینی وضع کنند و به اجرا گذارند تا خشونت علیه زنان را ـ هم به لحاظ حقوقی و هم در عرصه‌های مختلف زندگی ـ عملا مهار کنند .

اصلاح دیدگاه جنسیتی و مشارکت کامل زن و مرد در همه عرصه‌های زیست اجتماعی و یا خصوصی، آموزش‌هاي حساسيت جنسيتي راجع به خشونت خانگي براي خانواده‌ها، خبرسازي و اجتماعي كردن اين مسئله.

امکان برگزاری سمینارها و انتشار مقالات و انجام تحقیقات اجتماعی و علمی و روان‌شناختی توسط اشخاص حقیقی و حقوقی در زمینه مسائل مرتبط با انواع خشونت .

اجرای مفاد و دستورالعمل‌های اعلامیه جهانی «منع خشونت علیه زنان».

منبع : مدرسه فمینیستی



ڕێکەوتی 25 ی سێپتامبری 2012 زایینی کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نامەیەکی سەر ئاواڵایان سەبارەت بە ڕەخنە لە شێوازی هەڵبژاردنی هەیئەتی ئامادەکار بۆ کۆنفڕانسی داهاتووی ژنانی ڕۆژهەڵات کە لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە چووە بڵاو کردەوە، کە لە ڕێکەوتی 2012-10-6دا لە لایەن ژنانی هەڵبژێردراوبۆ کومیتەی ئامادەکاری کۆنفڕانسی سێهەمی ژنانی ڕۆژهە ڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات وەڵامی نامەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ لە باشوری کوردستان درایەوە کە ئەمەی خوارەوە دەقی نامە کانە . جێگای باسە کە کۆنفڕانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵێ جارێک لە لە لایەن ژنانی چالاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ باس لە سەر کێشەو گرفتەکانی هەنووکەیی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دۆزینەوەی ڕێگا چارەکان بەڕێوە دەچێ .

## نامەیەیەکی سەرئاوەڵا

بەڕێزان، بەڕێوەبەران و هە یئەتی ئامادەکاری "کۆنفڕانسی سێهەمی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان"!

ئێمە کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە باشووری کوردستان نیشتەجێین، ئاگاداربووین بەشێک لە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، رۆژی 16ی سێپتامبری 2012 بەمەبەستی هەڵبژاردنی هەیئەتی بەڕێوەبەری سێهەمین کۆنفڕانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆبوونەتەوە. ئەم کۆبوونەوەیە لە کاتێکدا پێک هاتووە جگە لە جەمعێکی کەم لە ژنانی چالاک لە دەرەوەی وڵات (ئورووپا)، ژنان لە کوردستان ئاگاداری ئەم کۆبوونەوەیە نەکراون .

بەڕێزان! کۆنفڕانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەر وەک لە ناوەکەی ڕا دیار، بەبێ جیاوازی تایبەتە بە"ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان". ئەگەر بەهۆی هەلومەرجی سیاسی و ئەمنییەتیی رۆژهەڵاتی کوردستان، ژنانی ناوخۆی وڵات ناتوانن ڕاستەوخۆ بەشداریی ئەم کۆبوونەوە و کۆنفڕانسانە بکەن ، ناتوانێ ببێتە پاساو بۆ ئەوەی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ لە باشووری کوردستانیش بخرێنە پەراوێز و لە کۆنفڕانسێکدا کە تایبەت بێ بۆ باس لە"پرسی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان" نەبن. هەروەها ئەو پاساوەش قەبووڵ ناکرێ کە ناتوانن هەموو ژنان بۆ ئەو مەبەستە ئاگادار بکەنەوە. راستە هەموو ژنان ئاگادار ناکرێن، بەڵام لانیکەم دەکرا ئاگادار کردنەوەکە زووتر لە سایت و راگەیەنەکانی کوردستاندا بەتایبەتی تلویزیۆنە کوردییەکانی سەر بە حیزبەکاندا بڵاو بکرابایەوە بۆئەوەی کۆمەڵێک لە چالاکانی ژنی رۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان کە ئێستا لە رێکخراوەکانی ژناندا خەریکی چالاکی و تێکۆشانن، لەو رێگایانەوە ئاگاداری کۆبوونەوەکە بوایەن و نوێنەریان لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوایە.

ئەوە حاشای لێ ناکرێ ئێستا ئەگەر دەرفەتی بەشداریی راستەوخۆ لە کۆڕ و سیمینارەکاندا نەبیت، رێگای جۆراوجۆر بۆ بەشداریی کردن لەم کۆبوونەوەکاندا هەیە. رەنگە ئەگەر ئەم کارە بکرایە هەر ئەو بەڕێزانەی کە ئێستاوەک هەیئەتی بەڕیوەبەریی کۆنفرانسی داهاتوو دیاریکراون، هەڵبژێردرابایەن و وەک نوێنەری هەموولایەک بووبان بە ئەندامی ئەو هەیئەتە. دەبوایە بە ئەزموون لە دوو کۆنفرانسەکەی پێشوو، ئەمجارە زۆر زیاتر گرنگی بە کوردستان بدرایە.






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو لایەک ئاگادارن ئێستا باشووری کوردستان کۆمەڵێک ژنی چالاکی رۆژهەلاتی کوردستانی لێیە و لە بواری سیاسی و رێکخراوەییەوە خەریکی تێکۆشانن و بە بڕوای ئێمە نەبوونیان لە هەیئەتی ئامادەکاردا، یەکێک کە خاڵە لاوازەکانە.

ئەمە لە حاڵێکدایە دەبێ هەوڵ بدرێ ئەم کۆنفرانسە و کۆنفرانسەکانی داهاتوو جار لەگەڵ جار کارەکانیان بە شێوەیەکی باشتر بەڕێوە بچێت. بە داخەوە ئێوە بەم کارەتان گومانتان خستە سەر ئەوە کە ئەم کۆنفرانسە، کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت؟ ئایا ئەم شێوە هەڵبژاردنە دێموکراتیکە؟ ئایا دیاریکردنی هەیئەتی بەڕێوەبەری بەم شێوەیە دەتوانی هاوکاریی ژنانی چالاکی رۆژهەلات بۆ لای ئەم کۆنفرانسە رابکێشێت؟

لە کۆتاییدا، وێڕای دووپاتکردنەوەی ڕەخنەی خۆمان لە شێوازی دیاریکردنی هەیئەتی بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی داهاتوو، داوا دەکەین چاو بە بڕیارەکەتان دا بخشێننەوە و هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی بە میکانیزمێکی دیموکراتیتر هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەو کۆنفرانسە، هەڵببژێردرێ.

سەرکەوێ خەباتی یەکسانیخوازی ژنان لە کوردستان

کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکی رۆژهەڵاتی کوردستان
نیشتەجێ لە باشووری کوردستان
3/7/1391
23ی سێپتامبری 2012

1- فەریبا محەممەدی
2- کوێستان فتووحی
3- حەلیمە رەسووڵی
4- ئارێز محەممەدی
5- سەبری بەهمەنی
6- شلێر باپیری
7- نەسرین حەداد
8- سوهەیلا قادری
9- ژیلا کەریمی
10- فەرزانە حەیدەری
11- هێرۆ مەولودی

## وڵامێک بەنامەی سەر ئاواڵای کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکی رۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ لەباشووری کوردستان

هاوڕێیانی بەرێز وتێکۆشەرانی یەکسانیخوازی جنسیەتی لە ناوەوەی وڵات

بەر لە هەموو شت سوپاس بۆ دڵسوزی وهەستی بەرپرسایەتیتان بەرانبەر بە کاری ئێمەی ژنانی دەرەوی وڵات لەمەڕ پرسی یەکسانی جنسیەتی. بە بڕوای ئێمە ئەم تێبینی و رەخنانە تەنیا دەبنە هۆی گەشەپێدان وباشتر بەرێوەچوونی کارەکانمان و نزیکبوونەوەی ئیمە لە یەکتر.

خۆشەویستان، هەروەک خۆشتان ئاگادارن مەبەستی کۆبوونەوەی رۆژی ١٥ی سێپتەمبر لە شاری ستۆکهۆلم هەڵبژاردنی ناوەندیک بوو بۆ رێکخستن وبەرێوەبردن وهەروەها پێکهێنانی ئیمکاناتی پێویست بۆ بەردەوامبوونی کۆنفرانسەکانی داهاتووی ژنانی رۆژهەڵات. بە پێی بڕیاری کۆنفرانسی دووەم، کۆمیتەیەکی کاتی لە پێنج کەس پێکهات بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەک بەمەبەستی هەڵبژاردنی ناوەندی باسکراو. بە خۆشییەوە یەکێک لە ژنانی چالاکی ناوەوەی وڵاتیش ئەندامی ئەم کۆمیتەیە بوو. شێوەی سەرەکی ئاگادارکردنی بەشداربووان بە ناردنی ئیمەیل بۆ نیزیکەی زیاتر لە پێنج سەد کەس بوو. ئێمە پێمان وابووکە بەم شێوەیە کاریگەرانەتر دەتوانین سەرنجی ژنانی چالاک بۆ ئەم کۆبوونەوەیە رابکێشین.

هەروەها پێمان وابوو کە ئەم ئاگاداری و ئیمەیلەی ئێمە لە لایەن ژنانی چالاکەوە بۆ ئاشنا و ناسیارانی دیکەش دەچێت. ئێوە بە هەق ڕەخنە لەم شێوە ئاگادارکردنە دەگرن و ئێمەش ئەم ڕەخنانە لەسەر چاومان دادەنێین. ئێمە بە راستی زۆر بەداخین کە ئەم نامە و ئاگادارییەی ئێمە بە دەستی ئێوە نەگەیشتووە و دڵنیا بن کە ئێمە لەم ئاستەدا هیچ مەبەستێکی تایبەتیمان نەبووە. ئەمە کەموکوڕییەک بووە کە نەدەبوایە هاتبا پێش. دیارە هەر وەک دەزانن ئێمە پەیوەندیمان لە گەڵ یەکێ لە ئێوەی خۆشەویست هەبووە و تەنانەت پرسیاریشمان لەم کەسە کردووە کە ئایا دەخوازێ خۆی بۆ ئەم هەڵبژاردنەدا بپاڵێوێ، بەڵام بەداخەوە هیچ وەڵامێکان وەرنەگرتەوە.

ئازیزان!

ئێمە لە بارودۆخی ئێستای بزووتنەوەی ژنانی رۆژهەڵات، پێویستیمان بە هاودەنگی و یەکگرتوویی هەموو لایەنەکانی چالاکی ئەم بزووتنەوە هەیە. ئێمە پێویستە هێزەکانمان بۆ خاڵە گرینگەکانی پرسی یەکسانی تەرخان بکەین و بۆ بەرەوپێشبردن و بەرفرەوانترکردنی بواری زانیاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوری، هاوپشت و هاورێی یەکتر بین. ئێمە پێمان وایە کەس خاوەنی بزووتنەوەی ژنانی کورد نییەو هیچ تاقم وگروپێکیش بە تەنیا ناتوانێ نوێنەرایەتی گشت ژنانی کورد بکات و بۆیەش هیچ کاتێک خۆمان وەک نوێنەری ژنانی رۆژهەڵات نەبینوە، بەڵکو خۆمان وەک بەشێک لەم جووڵانەوەیە بینیوە.

ئێمە پێمان وایە چارەسەرکردنی ئەم چەشنە گرفتانە لە رێگەی دیالۆگێکی دۆستانە و دێموکراتیک مەیسەرە و هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەم ناوەندە تا ئێستا دەستی بەکار نەکردووە. هەر وەک دەزانن ئەرکی ئەم ناوەندە بەرێوەبردن، رێکخستن و سازدانی کۆنفرانسی ساڵانی داهاتوویە. بەڵام ئەمە بەرپرسایەتییەکی گەورەیە کە بەتەنیایی بە ئێمە بەڕیوە ناچێت و بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە پێویستیمان بە یارمەتی و هاوپشتی ئێوەی خۆشەویستی ناو وڵات هەیە.هەر بۆیەش ئێمە بەگەرمی دەستی هاوکاریتان دەگوشین و خۆشکانە داوای یارمەتیتان لێ دەکەین. ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئێوە لە ناوەوەی وڵات خۆتان کۆمیتەیەک بۆ ئەم مەبەستە پێکبێنن و بە چەشنە گشتی ئێوە ببنە بە ئەندامی ناوەند، یان ئەگەر خۆتان پێتان باشترە دەتوانن چەند کەسێک وەک نۆێنەر بەم ناوەندە بناسێنن. ئێمە بە دڵئاوەڵاییەوە گوێ لە پێشنیارەکانتان دەگرین.

خۆشەویستان!

بەم هیوایە کە ئەم کۆنفرانسانە ببێتە پلاتفۆرمێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو چالاکانی یەکسانیخوازی جنسییەتی ناوەوە و دەرەوەی وڵات و سەکۆیەک بێت بۆ ئەجێندایەکی هاوبەش و سەرشارێک بۆ هەنگاونانەوەی پتەوتر و هاوبەشی هەموو بەشەکانی جووڵانەوەی ژنان.

وێڕای سوپاسێکی فراوان،

کۆمیتەی کاتی بۆ پێکهێنانی ناوەندی بەرێوەبەری کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەلات

٢٠١٢-١٠-٦

# A VIEW TO THE PAST, A HOPE FOR FUTURE (67 YEARS OF WOMEN'S ATTEMPT IN KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY(KDP.IRAN)



Begerd Alipuor

UNDOUBTEDLY FOR THE DEVELOPMENT OF A POLITICAL PROCESS, THE PARTICIPATION OF ALL CLASSES IN THE SOCIETY IS NEEDED,THE POLITICAL CULTURE OF EVERY SOCIETY IS SOURCED FROM ITS PAST AND ITS HISTORY. THE PARTICIPATION OF WOMEN IN THE POLITICAL PROCESS DURING THE KURDISH MOVEMENT IS A WAY TO A PEACEFUL AND EQUAL LIFE IN THE FUTURE AND THEIR PARTICIPATION IN STRUGGLES STILL HAS ITS IMPORTANCE,THE WOMEN OF IRANIAN KURDISTAN ARE ACTIVE WOMEN AND THEY HAVE A GLORIOUS HISTORY. THEIR STRUGGLE, ATTEMPT AND CHALLENGE HAVE ITS SIGNIFICANCE IN OUR SOCIETY. IF WE GO BACK TO THE PAST IN 16THSEPTEMBEROF 1945 WHEN KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY ESTABLISHED, ITS ESTABLISHMENT WAS A HUGE CHANGE FOR KURDISH SOCIETY, IT CREATED GOOD OPPORTUNITIES FOR WOMEN TO PARTICIPATE IN DIFFERENT ASPECTS OF LIFE, BY ESTABLISHING A WOMEN ORGANIZATION IT KEPT ON ITS ACTIVITIES.

EVEN DURING HOLDING KURDISTAN'S INDEPENDENCE CELEBRATION,MANY PERSONALITIES PRESENTED THEIR SPEECH,THERE WERE TWO WOMEN AMONG THEM WHOM THEY WERE TEACHERS IN SCHOOL OF GIRLS,DURING THEIR SPEECH THEY APPRECIATED THE KURDISTAN'S INDEPENDENCY AND EMPHASIZED ON THE NECESSITY OF WOMEN'S PARTICIPATION IN STRUGGLE, THEY ESTABLISHED AN ORGANIZATION WITH SUPPORT OF THE KDP PRESIDENT (LEADER GHAZI MOHAMMAD) AND HIS WIFE (MINA KHANM), HOWEVER OUR SOCIETY WAS A PATRIARCHAL, FEUDAL AND TRADITIONAL SOCIETY AT THAT TIME.BUT IN 1946 WOMEN RELEASED FROM THIS TRADITIONAL THOUGHTS AND CUSTOMS.FROM THEN ON WOMEN'S FREEDOM BECAME AN IDEOLOGY IN EASTERN KURDISTAN. IT HAS BEEN MANY YEARS THAT WOMEN OF IRANIAN KURDISTAN UNDER THE NAME OF (DEMOCRATIC WOMEN UNION OF KURDISTAN) WHICH ITS ALMOST IN THE SAME AGE WITH KURDISTAN REPUBLIC IN MAHABAD, HAVE BEEN STRUGGLING AGAINST THE AUTHORITARIAN REGIME OF IRAN.

PARTICULARLY DURING THE LAST THREE DECADES WOMEN HAVE TRIED TO ADAPT THEMSELVES WITH THE POLITICAL CIRCUMSTANCES AROUND THEM, AFTER THE REVOLUTION OF IRAN'S NATIONS DESPITE OF ALL ADVERSITY AND TROUBLES THEY HAVE BEEN STRUGGLING UNTIL NOW.

FORTUNATELY THE KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY (KDP .IRAN) HAS ALWAYS TRIED TO BE A GREAT SUPPORTER FOR WOMEN, AND TRIED TO MAKE THEM TO HAVE A CLOSE CONNECTION AND AN ATTITUDE TRANSITION AMONG EACH OTHER.

IT HAS BEEN CRITICIZED THAT WOMEN HAVE A WEAK POSITION IN KURDISH PARTIES, BUT NOW IT HAS BEEN CHANGED, THEY TRY TO HAVE A GREAT ROLE IN THE PARTIES AND TO BE ACTIVE IN ALL AREAS.

AT THE PRESENT TIME WOMEN OF (KDP .IRAN) PLACED THEMSELVES IN SOCIALISTINTERNATIONAL ORGANIZATION WHICH IS A BIG ACHIEVEMENT FOR THEM.




THE KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY IS NOW TRYING TO PLACE WOMEN IN A HIGH POSITIONS OF AUTHORITY BY USAGE OF THE POSITIVE DISCRIMINATION MECHANISM, BUT THERE ARE MANY DIFFERENT ATTITUDES ABOUT THIS DECISION, MANY PEOPLE BELIEVE THAT IT'S NOT A GOOD IDEA AND THEY BELIEVE THAT THE NUMBER OF HAVING WOMEN IN HIGH POSITIONS IS NOT IMPORTANT, BUT HOW CLEVER AND TALENTED ARE THEY IS IMPORTANT.

BUT DESPITE ALL THIS THE KURDISH PARTIES ESPECIALLY KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY SHOULD CARE MORE ABOUT WOMEN'S ISSUES, BELIEVE WOMEN'S POWER IN POLITICS, TRY TO RELEASE THEM FROM ALL PATRIARCHAL NORMS THAT ARE EXIST IN OUR SOCIETY,IT SHOULD STRUGGLE MORE THAN PAST FOR EQUALITY BETWEEN MEN AND WOMEN, AND THEY MUST BE A VOICE TO AWARE SOCIETY OF WOMEN'S RIGHTS AND THEIR PROBLEMS AND TRY TO FIND A SOLUTION FOR THEIR TROUBLES, AND TRY TO EDUCATE WOMEN AS WELL.FORTUNATELY KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY HAS AN SIGNIFICANCE POSITION IN THE INTERNATIONAL COMMUNITIES AT THE PRESENT TIME IN THIS WAY IT SHOULD TRY MORE THAN PAST TO INSTATE EQUALITY IN THE SOCIETY.

WRITTEN BY: EDITOR

TRANSLATED BY: BEGARDALIPOUR



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org